لە بڵاوک تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# کاریگەریی ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد

## بەرگی یەکەم - پەند و حەکایەت

تۆفیق کەریم

چاپی یەکەم
2012

# کاریگەریی ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد

## بەرگی یەکەم

## (پەند و حەکایەت)

تۆفیق کەریم

٢٠١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

- ناوی کتێب: کاریگەریی ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد
- نووسینی: تۆفیق کەریم
- بڵاوکار: پرۆژەی تیشك (٨٢)
- چاپی یەکەم - ٢٠١٢
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ڕەوشت محەمەد
- تایپ: بەڵێن تۆفیق
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپخانە: زانا
- نرخ: ١٥٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٢٦٧)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە

## پێشکەش بە:

- ستافی ڕۆژنامەی کۆمەڵ کە لە قەڵەندەرخانەکەی ئەواندا زۆر بیرۆکەی لەم شێوەمان پێکەوە تاوتوێ کردووە و پاشان گەیاندوومانەتە مەنزڵ، ئەم پێشکەشکردنەش وەك وەفادرایی و قەدرزانییەکە بۆ ئەو سەربازە ونانە.

## پێزانین

سوپاس و ڕێزم بۆ مامۆستا مەلا ئەحمەدی شەریعە، دکتۆر سەباح بەرزنجی، ڕەوشت محەمەد و کەمال حەمە سەرکەڵوویی و گۆران عوسمان، کە هەریەکەیان لە بواری پسپۆڕیی خۆیاندا هاوکارم بوون.

# نێوەڕۆك


پێشەکی ........................................ ٥

ناساندنێکی ئەم کتێبە ........................ ٦

دەروازە ........................................ ٩

گوزەرێکی مێژوویی ........................... ٢٠

پێناسە بنەڕەتییەکان ........................... ٢٥

بەشی یەکەم .................................... ٣٠

گرنگی فۆلکلۆری کوردی و تایبەتمەندییەکانی ............. ٣١

کاریگەریی ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کورد ................. ٣٢

یەکەم: پەندی پێشینان ........................... ٣٣

کاریگەریی ئیسلام لەسەر پەندی کوردیی ................. ٣٥

کاریگەریی ئیسلام لەسەر بوارە جیاوازەکانی پەندی کوردیی.. ٣٩

بە هەڵە تێگەیشتن لە هەندێك پەند ..................... ٦٨

دووەم: حەکایەتی کوردیی ........................... ٧٦

کاریگەریی ئیسلام لەسەر حەکایەتی کوردیی ............. ٧٧

چەند نمونەیەك لەسەر حەکایەتی کوردیی ................. ٨٠

کاریگەریی ئیسلام لەسەر حەکایەتەکان و حەکایەتبێژان ... ٩٤

کاریگەربوونی حەکایەتی کوردیی بە چیرۆکە ئاینییەکانەوە .. ٩٩

سەرچاوەکان ..................................... ١٠٢

# پێشەکی

**د. سەباح بەرزنجی**

قسەکردن لەسەر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئیسلامی و ڕەنگدانەوەی کەلتووری ئیسلام لەسەر کۆمەڵگای کوردی و دەرکەوتنی جۆرێك لە تەماهیی لە نێوان شوناسی ئاینیی و نەتەوەییدا، بابەت و پرسێکی گرنگ و بنەڕەتییە لە ئەمڕۆی کایەی هزر و ڕۆشنبیریی کوردیدا . لەم ڕوانگەوە دەگونجێت ئەم نووسینەی مامۆستا تۆفیق کەریم سەرەتایەکی ڕۆشن بێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم لایەنەی پەیوەستبوونی کوردان بە ئاین و شارستانیەتی و کەلتووری ئیسلامییەوە.

کاتێك ئەم نووسینەم خوێندەوە لەگەڵ هەندێك تێبینی گشتیی و تایبەتی، پێم باشە ئاماژە بۆ لایەنە ئیجابی و ئەرێنییەکانی بکەم:

**یەکەم:** نووسەر هەوڵی داوە هەموو گێڕانەوەکانی لە سەرچاوەی بڕواپێکراو وەربگرێت و هیچ گوزارەیەك بەبێ بەڵگە نەهێنێتەوە.

**دووەم:** دەرگای لەسەر بابەتێکی زیندوو کردۆتەوە کە پێشتر کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بە تایبەت لە ناوەندی ئیسلامخوازانی کوردستاندا، لە حاڵێکدا ئەم بابەتە ئەتوانێت پاڵپشتێکی بەهێز بێت بۆیان، کاتێك دەیانەوێت باس لە شناسی ئاینیی گەلی کوردستان بکەن.

**سێیەم:** بۆ گوزارە ئاینییەکان گەڕاوەتەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی شەریعەت، کە ئەمەش ڕاستاندنێکی زیاتر دەدات بە نووسینەکەی.

**چوارەم:** فراوانیی باسەکەی کە نووسەر هەوڵی داوە زۆرترین بواری کەلەپوور و کەلتووری کوردی کێومالّ بکات.

بۆیە بە پێویستی دەزانم نووسەری بەڕێز برەوی زیاتر بەم جۆرە نووسینانە بدات و لە خوای گەورە داواکارم یاریدەدەر و پشتیوانی بێت بۆ خزمەتی زیاتر و بەرهەمی بەهێزتر.
دڵنیام خوێنەر لەگەڵم هاوڕا دەبێت کە ئەم نووسینە دەتوانێت کەلێنێکی دیار لە کتێبخانەی ئیسلامیی کوردیی پڕ بکاتەوە.

# ناساندنێکی ئەم کتێبە

خوێنەری بەڕێز:

تەمەنێکە لە بەشێکی پێکهاتەکانی کەلتووری کورد ورد دەبمەوە، وەک: فۆلکلۆرو کەلەپور و دابونەریت و ئەدەب و ... هتد.

لەو سەرنجدانانەمدا، هەستم کردووە کەلتووری ئێمە پەیوەستیەکی پتەوی بە ئایینی ئیسلامەوە هەیە، ڕاستەوخۆ پێوەی کاریگەرە و ئیسلام بووەتە ئیلهام بەخش و داهێنەری بەشێکی فراوانی ئەو کەلتوورە.

بۆیە پێمخۆشبوو (بەبێ داتاشین و زۆر لەخۆکردن) ئەو کاریگەریی و پەیوەستبوونە ڕوونکەمەوە، بەو ئامانجەی خانەخوێی ئیسلام بە گەلی کوردەوە بخەمەڕوو، نەک وەک هەندێك دەیانەوێت بە بێگانە و نامۆ سەیر بکرێت.

بیرمە یەکەم وتارم لەو بارەیەوە لە ژمارە (٠) گۆڤاری (ڕابەر)، کۆتایی ساڵی ١٩٩١ بە ناونیشانی (چی بنووسین) بڵاوکردەوە، ئیدی وردەوردە شتم لەوبارەوە کۆدەکردەوە یاداشتم دەکردن، تا لەساڵی ٢٠٠٢دا بە زنجیرە بابەتێکم لە پەخشی ڕادیۆی (خورماڵ)ی کۆمەڵی ئیسلامی بڵاو کردەوە.

ساڵی ٢٠٠٧ وەختێکی زیاترم بەو بابەتەوە تەرخان کرد و دۆستانم زۆریان هاندام تا دەستی لێ هەڵنەگرم، تەنانەت دکتۆر سەباح بەرزنجی ڕەحمەتی کێشاو پێڕستی بابەتەکانی لەگەڵدا ڕێکخستم و نووسینی پێشەکیەکەشی لە ئەستۆ گرت.

بەداخەوە، من جگە لە کەمتەرخەمیی خۆم، کاری نووسین بە ئەرکی پلە سێ و چوارم دێت، بەهۆی کەمدەرفەتی زیادە سەرقاڵی دیکەم، بۆیە تەواوبوونی بەشی یەکەمی نووسینەکە تا ئەمڕۆی خایاند، ئومێدەوارم پاکنووسی بەشەکانی دیکە لە ماوەیەکی نزیکدا کۆتایی پێ بهێنم، چونکە کەرەستەی زۆرم بۆ کۆکردونەتەوە.

جگە لەو دوو هۆی سەرەوە کە باسم کردن، هۆیەکی تریش: دەگمەنیی، بەڵکو نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ بابەتەکەم بوو، کە گەڕان بەدوای سەرچاوەدا زۆری ماندوو کردووم، ڕێکەوتووە لە خوێندنەوەی کتێبێکی گەورەدا تەنها چەند دێڕێك، یان هەر هیچ سودم وەرنەگرتبێت، ئەمەش هۆیەکی دیکەی دواکەوتنی ئەم نووسینە بوو، بەڵام سروشتی خۆم کە لە نووسیندا حەزم بەو بابەتانەیە کەمتر ئاوڕیان لێدرابێتەوە و نووسەران کەمتر قسەیان لەسەری کردبێت، واملێدەکات بەنیاز بم تاسەر دەست لەم پرۆژەیە هەڵنەگرم.

بە گشتی ناوەڕۆکی کتێبەکەم بەم شێوەیە دابەش کردووە:

دەروازە، کە گوزەرێکی مێژووییە بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی دژایەتی کردنی ئایین و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی لەلایەن ئیسلام خوازانەوە.

پاشان کۆمەڵێك پێناسەی بنەڕەتییە، وەك: پێناسەی: کاریگەریی، ئیسلام، کەلتوور...

**بەشی یەکەم: کاریگەریی ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردی**

کە پێکهاتووە لە باسی گرنگیی فۆلکلۆرو تایبەتمەندیەکانیو کاریگەریی ئیسلام لەسەریان، ئەوجا بە تێروتەسەلی باسی پەندی پێشینان و حەکایەتی کوردی و کاریگەریی ئیسلام لەسەریانم کردووە کە ئەم بەرگەیان پێکهێناوە دەمەوێت هەر لەم بەشەشدا باس لە ئەفسانە، داستان، .گۆرانی و لایلایە، گاڵتەوگەپو مەتەڵ بکەم و چەندە ئیسلام کاریگەریی لەسەر کردوون، کە ئەمانە دەکەونە بەرگی دووەمەوە.

**بەشی دووەم: کاریگەریی ئیسلام لەسەر کەلەپووری کورد.**

**بەشی سێهەم: کاریگەریی ئیسلام لەسەر ئەدەبی کوردی.**

**بەشی چوارەم: کاریگەری ئیسلام لەسەر زمانی کوردی.**

**بەشی پێنجەم: کاریگەریی ئیسلام لەسەر ڕۆژنامەنووسی کوردی.**

دیارە هەریەك لەم بەشانەش چەندین لق و پۆیان لێدەبێتەوە، کە لە شوێنی خۆیاندا باس دەکرێن.

ڕاستیەکەی من لە ماوەی گەڕان و پشکنینمدا بۆ بابەتەکانی ئەم نووسینە، زیاتر دڵنیا بووم لە تێکئاڵان و ئاوێتەبوونی ئایینی ئیسلام و کەلتووری کوردەوە، کە پێکەوە بوونەتە یەك ناسنامەو ئاوێتەیەك بۆ ناساندنی گەلی کورد.

دوای ئەوە لە نهێنی بێ ئاگابوونی ئەو هەوڵانە گەیشتم کە ماوەی سەدەیەکە دەدرێن بۆ لێکترازان و بە بێگانەکردنی ئەم دووانە لە یەکدی، جا ئەگەر لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵەکان بێئاکام دەرچووبن، بێگومان لە ئایندەشدا چارەنووسیان بێئاکامتر دەبێت.

خۆزگە دڵسۆزان بۆ خستنە ڕووی ئەم ڕاستیە لێکۆڵینەوەی زیاتریان کردبا، بوارە جۆربەجۆرەکانیان لە ماوەی (١٤٠٠) ساڵی ڕابردوودا لە پەیوەندیی ئیسلام بە کوردەوە زیاتر ڕونکربایەوە، دیارە پڕۆژەیەکی وەهاش کارێکی کەسنەکردەو ئەستەم نییە، بەڵکو لە دوای کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لەو بارەوە بەئاسانی قووڵی ڕیشەی ئەو پێکەوە بوون و لێکنەترازانە زەقتر و ڕۆشنتر دەکەونەڕوو. بەختەوەر دەبم ئەگەر ئەم نووسینە، دەروازەیەك بێت بۆ چوونە ناو تەلارێکی وەها گەورەو باڵاوە.

ئومێدەوارم خوێنەران بە تێبینیی و ڕەخنەکانیان هاوکارم بن، تا لە بەشاکانی دیکەی نووسینەکەدا سوودیان لێوەربگرم.

خودای مەزن پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت.

نووسەر

٢٠١٢/٣/١٨

# دەروازە

- لە رەخنەگرتنێکی شەرمنانەوە بۆ سنگدەرپەڕاندن و تۆمەتبارکردن
- جەنگێکی نابەرامبەر
- بەرەنگاوبوونەوەی نوور
- بەڵگە داتاشین
- گوزەرێکی مێژوویی
- کۆمەڵگەی کوردیی بەر لە ئیسلام و کاریگەرییەکان لەسەری
- هاتنی ئیسلام و گۆڕانکاریی ڕیشەیی
- پێناسە بنەڕەتییەکان

## ـ لە رەخنەگرتنێکی شەرمنانەوە بۆ سنگدەرپەڕاندن و تۆمەتبارکردن

تێکەڵبوونی ئایینی ئیسلام بە کۆمەڵگەی کوردی و شۆڕبوونەوەی لە ناخیدا و کاریگەریی لە ئاوەز و ئاکار و هزری تاکی کورد، مێژوویەکی دێرینی زیاتر لە چواردە سەدەی هەیە، ساڵ لە دوای ساڵیش ئەو ئاوێتەبوون و کاریگەرییە بەرچاو و بەهێزتر دەبێت، تا گەیشتوەتە ئەندازەیەك، چەمکێك نەماوە لە ناو کۆمەڵگەو خێزانو تاکی کورددا جێپەنجەی ئیسلامی پێوە دیار نەبێت.

ئەم بابەتە هێندە حاشاهەڵنەگر بووە، بە درێژایی مێژوو، نە موسڵمانی کورد لزومیان زانیوە بەڵگەی بۆ بهێننەوە و داکۆکیی لەسەر بکەن، نە ناحەزانیشیان زاتی نکوڵی لێکردنیان بووە، ئەوان وەك بەڵگەنەویستێك بەڵگە هێنانەوەیان لا زیاد بووە، ناحەزانیش دڵنیا بوون لەوەی بەری خۆری حەقیقەت بە بێژنگی دراوی کینە ناگیرێت، بەڵام لە سەرەتای چەرخی بیستەوە، دەوڵەتی عوسمانیی رووخاو کەمال ئەتاتورك بەناوی عەلمانییەتەوە جاڕی بێدینی دا، ئینگلیزیش کوردستانی داگیر کرد و زەمینەی سازاند بۆ کزکردنی ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەی کوردییدا، بەتایبەت لە خوێندنگاکان، دوای ئەوانیش بیری کۆمۆنیستیی لە وڵاتی سۆڤیەتەوە پەلی هاویشت و تاکوتەرای ڕۆشنبیری کورد کردیانە سەر چاوەی هزر و باوەڕی خۆیان.

لە بەرامبەریشدا کۆمەڵگە کۆتی چەوساندنەوە و نەخوێندەواری و هەژاریی وەها لە ملی ئالا بوو، کە نەیپەڕژێتە سەر هۆشیاری و شارەزایی دینی، ئیتر بوونی ئیسلام تەنها وەك کەلتوورێکی بۆ ماوەیی و کلاسیکی لە کۆمەڵگەی کوردیدا مایەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەوە کە لە کۆتایی چەرخی نۆزدەو سەرەتای چەرخی بیستدا بزووتنەوە ئیسلامییەکان تیایاندا سەریانهەڵدا، کوردستان لەو بوژانەوە ئیسلامییەش بەهرەمەند نەبوو.

ئا لەو هەلومەرجەی کوردستاندا، لە نیوەی یەکەمی چەرخی بیستەمەوە، تاکوتەرا ڕۆشنبیر پەیدابوون، کە لە ژێر لێوەوە باسی ئەو ئاوێتەبوون و کاریگەرییەی ئیسلامیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردییەوە کاڵ دەکردەوە، ئەو تاکوتەرایەش بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە زیادبووندا بوون، دەنگە شەرمنەکەشیان بەرز دەبووەوە تا ئاڵای ڕۆشنبیریی‌و پێشەنگی میللەتیان بەرزدەکردەوە و گەشتە ئاستێك کەسی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیر دەبوو هەڵگری بیری چەپ بێت و دژایەتی ئایین بکان، ئەوجا بە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ سەیر دەکران، تا وایلێهات مەلا و شێخ و موسڵمانی پابەند چەندە تێکەشتوبوونایە بە نەزان و کۆنەپەرست دەحەسەبێنران.

بەوشێوەیە، جۆرە رابەرایەتیەکی ڕۆشنبیریی نادینی (لە هەندێك حاڵەتدا دژە دین) دامەزراو لە ناو شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیران خەڵكێکی (دیار)ی کۆمۆنیست وەك رابەر سەریان هەڵدا و ئەوی لەژێر چەتری ئەوان نەبا بەر غەزەبی گومناوی دەکەوت، هەرچەندە پێشکەوتنخواز و زاناش بوایە، لە نموونەی مەلای گەورەی کۆیە و بەشێکی شێخانی بیارە و تەوێڵە و مامۆستایانی هەڵەبجە و مامۆستا شێخ عومەری قەرەداخی و مەلا ئەفەندی هەولێر و...

## جەنگێکی نابەرامبەر

لە بەرامبەردا مەلای کورد کە ئەو سەردەمە تاکە بەرگریکار بوون لە ئایین، کە درەنگانێك ئەم حاڵەتە لە خەو ڕاپەڕاندن، بە توندی دژی شەپۆلەکە وەستانەوە ڕووبەڕووی بوونەوە، بەڵام بە داخەوە جگە لە درەنگ بەخەبەرهاتنیان، زۆر کەمیان نەبێت، جۆری دژایەتیەکەیان لەبری پرۆژەیەکی پەروەردەیی و هۆشیاریی، بریتی بوو لە دژایەتییکردنی هەموو ئەو پەیامە نوێیانەی کە دەهاتە وڵاتەوە، بە تایبەت لە خوێندنگاکاندا، چاك و خراپییان ڕەت دەکردەوە.

بە نموونە لەبەر ئەوەی دژایەتی ئاینی لە لایەن قوتابخانە فەرمییەکان و خەڵکی خوێنەوارەوە دەستی پێکرد، وایلێهاتبوو رووکردنە بیری نوێ و بانگەشەی بێدینی لە یەکدی ئاڵابوون، بۆیە بەشێك لەو مامۆستایانە بێ سڵەمینەوە فشاریان دروست دەکرد و فەتوای حەرامی خوێندنی مەکتەبیان دەردەکرد، فشاریشیان دەخستە سەر ئەو کەس و خێزانانەی کە ڕۆڵەکانیان ئەم بیرەیان لا پەیدا دەبوو، وا دیارە کێشەی مەلا قادری سۆفی کە زانایەکی لە خوا ترس و بە خزمەت بووە لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستای ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور، لەسەر کێشەی کوڕەکەی (مەلا ئەحمەدی بانیخێڵان) بوو، کە ئەو دەمە ببووە کۆمۆنیست، یان دەرپەڕاندنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە بیارە لەسەر کوڕەکانی (فاتیح مەلا کەریم و حەمەی مەلا کەریم) هەر لەم سۆنگەوە بووە، واتە کوڕەکانیان، کە بوونە هەڵگری بیری چەپ، ئەو دوو مامۆستایە یان دەبوو تەبەڕایان لێکردبان، یان دەبوو ناوچەکە جێبهێڵن، لەگەڵ ئەو ڕێزە گەورەیەی مامۆستا مەلا قادر و مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە ناوچەکەو لە ناو زانایانیشدا هەیان بوو.

لە جۆری ئەم ململانێی نێوان مامۆستایانی ئاینی و بیری نوێی چەپگەرا، نموونەمان زۆرن، ئەم دەربڕینە مێژووییەی مامۆستا تۆفیق وەهبی یە بخوێنینەوە، تا نموونەیەکی دیکەی زیندووی ململانێی ئەو ڕۆژگارەمان لا بەرجەستە ببێت:

(مەلاکانی سلێمانی زۆر دەور و خولی شێخ مەحمودیان ئەدا، کە بەربەرەکانی (مثقف) و خوێندەوارەکان بکات و پاکیان بکەنەوە .. دیار بوو قائمەیان کردبوو لەو قائمەیە جەمال عرفانی تێدا بوو، منیشی تێدا بووم، جمال عرفان زۆر زیرەك بوو، بەڵام زۆر (متطرف) بوو، بە ئاشکرا بەربەرەکانی دین و ئیمانی ئەکرد، مەلاکان ئەوەیان تەحەمول نەکرد، لە ڕقی ئەوە بوو ناردیان کوشتیان، بەڵام من مەلا (مصطفى) کە باوکی مەلا محەمەدی کوردییە کە کاسبێکی کوردە، ئەو وەختە ئیمامی مزگەوتی سەید حسن بوو، من لە وەختی خۆیدا قوتابی ئەو بووم و زۆرم ڕێز

لێ ئەگرت و دەسەڵاتیشی هەبوو لای شێخ و مەلاکان، لەبەر ئەوە ڕێگەی نەدا دەسکاری من بکەن ..[1])، ئەم گێڕانەوە سادەیەی تۆفیق وەهبی دەریدەخات کە ڕۆشنبیران، لە سەروویانەوە جەمال عیرفان بە ئاشکرا بەربەرەکانی دین و ئیمانی کردووە، مامۆستایانی ئایینیش تەحەمولی ئەوەیان نەکردووە.

لەم ململانێ سەختەدا سیاسەت و بارودۆخەکەش لە بەرژەوەندی بەرەی چەپ بوو، بەتایبەت پاش نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، ئیدی دەستی ئەنتی دینەکان بەهێزتر بوو، بە ئاشکراتر بانگەشەی داڕنینی کوردیان لە ئیسلام دەکرد، خۆ ئەگەر تاکە تاکە زانایەکی ڕۆشنبیر وەك مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی، یان مامۆستا موحەممەدی شارەزووریی هەڵکەوتبا و بە نووسین ڕەدی مادییەتەکەی ئەوانی دابایەوە، ئەوان هێندە بە دەسەڵات ببوون کە ئەگەر ئەو دەنگانەشیان پێ خەفە نەکرابایە، دەیانتوانی وەها ناویان بە کۆنەپەرست و پاشماوەی دەرەبەگایەتی و بزڕاندبایە کە کەم کەس هەبوو قسەیان ببیستێ و بەڕاستیان بزانێت.

هەندێك لە مامۆستا ئایینیە ڕۆشنبیرە گەورەکانی دیکەش کە قەڵەمەکانیان بە بڕشت بوو هەرگیز توخنی ئەم ململانێیە نەکەوتن، وەك: مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕڕیس و مامۆستا شێخ موحەممەدی خاڵ، بۆیە لای بەرەی چەپەوە بەو شێوەیە دژایەتی نەدەکران، ئەم پەتایە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەی تەواو تەنیەوە، نە خاسمە کە سەرانی شۆڕشی نوێ زۆرینەیان هەمان بیری چەپیان هەڵگرتبوو.

هەرچەندە لە نەوەدەکانەوە تا ئەمڕۆ گۆڕانکاریی مەزن بەسەر جیهاندا هاتووە و کوردستانیشی گرتووەتەوە، دەبینین دەنگ و ڕەنگی نوێ سەریان هەڵداوە و کاریگەرییشیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە، بەڵام ئەو ڕەوتە کە داڕنینی

[1] لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا وتار و بیرەوەری هاوار ل١٦.

ئایین لە کوردیان کردووەتە ئەرکی سەرشانیان، کۆڵیان نەداوە هیچ گۆڕانکارییەکیان لەو بواری دژایەتییکردنەدا بەسەر خۆیاندا نەهێناوە، هەمیشە ئیسلام وەك هەر کۆلۆنیالێکی دیکە وێنا دەکەن، کە لە قۆناغێکدا کوردستانی داگیر کردووە و کوردی چەوساندووەتەوە، تا ئەمڕۆش لای ئەوان ئیسلام بەرپرسە لە گشت ئەو نەهامەتییانەی بەسەر کورددا هاتووە، مامۆستا فاروق ڕەفیق لەمبارەیەوە دەڵێت:

(هێزێك هەیە کە کۆی چەند دەستەو تاقمی (سیاسیی) و (فکریی) و (کولتووری)یە، وا سەیری کێشەی کورد دەکات لەو دیدەوە کە نەهامەتی و ماڵکاولی و تراژیدیا و شکستەکانی کورد هەر هەموو لە ئیسلامەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو هێزەی پێیوایە کە ئەوە موسڵمانبوونی کوردە کە بۆتە مایەی (دواکەوتنی) کورد، نقومبوونی لە ئاداب و نەریتە (کۆنەپەرستییەکان)دا، ڕێکنەخستنی ماڵی خۆ و نەتوانینی بە خود گەیشتن و چاو نەبڕینە داهێنان، سەرجەم هەموو ئەمانە لە موسڵمانبوونیەوە سەرچاوە دەگرن، ئەوەی کە کورد ناتوانێ لە ئێستادا خۆی (مۆدیرنیزە)کا، بوون و عەقڵی (تازە بکاتەوە)، ئەوە ئیسلام لێی بەر پرسیارە، ئەوەی کە لە ڕابردوودا دەوڵەتو کیانی سیاسیی سەربەخۆی خۆی دروست نەکردووە، ئیسلام ڕێگر بووە، هۆی داگیرکردنی لە لایەن بێگانەوە، موسڵمانبوونیەتی، لە نێو ئەم هێزەدا هەندێك دەستە و تاقم هەنگاوێك لەمە زیاتر دەڕۆن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کورد ئایین و شارستانیەتی خۆی هەبووە و لەلایەن ئیسلامەوە، لەلایەن (عەرەبە بیابانشینەکانەوە)، خاپوور کراوە).

بۆیە ئەم هێزە ئامانجی هەیە (ئامانجە گەورەکە بریتییە لە گۆڕینی کورد لە موسڵمانبوونەوە بۆ موسڵمان نەبوون، جا کە موسڵمان نابێت هەر چییەك دەبێت با ببێت، کێشەی ئەم هێزە نییە).

(ئەم هێزە بەشێوەیەکی گشتیی پێکهاتووە لە کۆمەڵێك کەس کە بانگەشە بۆ تازەگەریی دەکەن لەسەر مۆدیلی (خۆرئاوا) و دەیانەوێت ئەزموونی عەلمانیەتی

خۆرئاوا لە ماڵی کوردیدا بە ورد و درشتیەوە دووپات بکەنەوە، کۆمەڵێك ڕۆشنبیر، بەتایبەت ئەوانەیان کە ئێمە ناویان دەبەین بە (خۆرئاوا پەرستەکان) و هەندێك نووسەر و ڕۆژنامەنووس کە لە نێو حزبە کوردییە یە بە ناو ناسیۆنالیستەکاندا سەریانهەڵداوە و ئەو ڕۆشنبیرانەش کە مارکسیی و کۆمۆنیستن، لایەنە چەپەکان، لە پاڵ هەندێك سیاسەتمەداری کورددا سەرجەم ئەو هێزە پێکدەهێنن؟[2]).

(ئەم هێزە لە غیابی ئەو دام و دەزگایانەی کە باسمان کردن، جگە لەوەی هێندەی دیکە ماڵی کوردی نغرۆ بکات و جڤاتی کوردی زیاتر و زیاتر بە خۆی نامۆ بکات، بەرهەمێکی دیکەی نابێت)[3].

## بەرەنگاربوونەوەی نوێ

بەرگریکردنێکی نابەرامبەر بەم پەلامارە ڕێکخراوە بەربڵاوە یەکسەدەییە، جگە لە شێخ و مەلاکان (کە پێشتر باسمان کردوو وتمان بەرگریکاربوون لە ئایین)، لە دوای ئەوان لە ناو ڕۆشنبیر و ئەفەندییەکانیشدا تاکوتەرا پەیدا بوون کە بکەونە بەرگریی لە ئیسلام و بەرپەرچی نەیارانی بدەنەوە، هەرچەندە دەسپێکردنەکەیان درەنگوەخت بوو بەداخەوە، نەشیانتوانی هەماهەنگی پێویستیان لەگەڵ شێخ و مامۆستا ئایینیەکاندا ببێت و بە وزەی هەموو ئایینپەروەران پێکەوە ئاڕاستە بکەن (کە ئەو نەتوانینە هۆی خۆی هەبوو)، بەڵام بەرگرییەکەیان لە هەشتاکانەوە، بە تایبەت پاش دەرکەوتنی حزبە ئیسلامییەکان کە سەرەتای گەشەسەندنی ڕەوتە ئیسلامییەکانە، فراوان و بە هێزتر بوو، تا ئەمڕۆش لە برەودایە و لە جێگەی شێخ و مەلاکان ئەوان بوون بە سەرە ڕمی بەرگرییکردنەکە.

---

[2] ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار فاروق رەفیق ل۲۸-۲۹

[3] ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار فاروق رەفیق ل۳۱

بەداخەوە بەرگرییەکەی ئەوان لە کاتێکدایە بەرامبەرەکانیان هەنگاوی گەورەیان ناوە، ریشەیان داکوتاوە، کەسایەتی ناودار و بە ئەزموون لە بواری رۆشنبیریی و سیاسییدا، سەرپەرشتی و رابەرایەتیان دەکەن، سەرەرای ئەوانەش، تەوژمە ئەمەریکی و رۆژئاواییەکە لە هەموو روویەکەوە پشتیوانیانە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریکاران رۆژ لە دوای رۆژ هیممەتی بەرزتر دەنوێنن بۆ دەرخستنی ئەو هەڵە و پەلانەی بەرامبەر بە ئایینەکەیان دەکرێت، لۆژیکی بەرگرییکردنەکەشیان بابەتی و سەردەمیانەتر بەکاردێنن، بەڵام ئەوەی من تێبینییم کردوە لەو روونکردنەوە و بەرگریکردنانەیاندا، کەمتر چوونەتە ناو کەلتوور و مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵەی کوردەوە لەو دەریا بەرینەدا کە سەدان بەڵگە هەیە لەسەر تێکەڵبوونی ئیسلام و کورد، مەحاڵی لێکترازانیان، خزمەتکردنی فراوانیان بە یەکدی، کاریگەریی بنەرەتییان لەسەریەك، بەڵکو توانەوەی زۆر بواری کەلتوورەکەمان لە بۆتەقەی ئیسلامدا، ئەبینیم لەو بوارانەدا کەمتر ئاوڕ دراوەتەوە و نووسین و لێکۆڵینەوە زۆر کەمن لە لایەن بەرگریکارانەوە.

## بەڵگە داتاشین:

کەچی نەیارانی ئیسلام سوودی گەورەیان لێ بینیون و بەڵگەی بێبنەمایان داتاشیوە، تەنانەت کە ئەوان خۆیان بە زانستخواز دەزانن، گەراون لە دووی سادەترین رووداوی هەڵبەستراو، ئەفسانەیەکی بێبنەما، وتەیەکی رۆژهەڵاتناسان، شیعرێکی داتاشراو دژی هاوەڵانی پێغەمبەر، گێرانەوەیەکی مێژوویی بێبنەما..، زۆر شتی دی لەو بارانەوە و کردوویانەتە بەڵگە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام و ستەمکردنی لە میللەتی کورد، هەر بۆ نموونە لەم رووەوە شیعرە بەربڵاوەکە کە دەڵێت:

**هۆرمزگان رمان ئاتران کوژان**
**وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان**
**زۆرکار ئەرەب کردنە خاپوور**
**گونا و پاڵەی هەتا شارەزوور**
**ژن و کەنیکان وەدیل بەشینا**
**مێرد ئازا تلی وە رووی هۆینا**
**رەوشت زەردەشترە مانەوە بێدەس**
**بە زیکا نێکا هورمزە وە هیۆچ کەس**[4]**.**

که گوایا له کاتی گرتنی کوردستاندا وتراوه و ماوەیەك زۆر برەویان پێدا، تا خۆشبەختانە بێبنەماییەکەی دەرکەوت، کە (رەشید یاسەمی) هەڵیبەستووە، ئەم شیعرە زیاتر حوزنی موکریانی رەواجی پێداو بە بەڵگەی مێژوویی ناوی دەبرد، کەچی ئەو حوزنی موکریانییەی هەموویان دەیانناسی کە لە بواری مێژوودا قل و فل لە یەك جیاناکاتەوە، دەیانکردە سەرمەشق و نووسینەکانیان دەکرد بە بەڵگە بۆ ناشیرینکردنی ئیسلام.

بە لادانی نازانم لە باسەکە، ئەگەر هەڵسەنگاندنی حوزنی موکریانی لە زمانی تۆفیق وەهبییەوە بگێڕمەوە کە دەڵێت:

حسێن حوزنی هەوڵی ئەدا کە شت بنووسێت، بەڵام تێکەڵ و پێکەڵی دەکرد و قسەی بێ بنەما و بێ بەڵگەی تێکەڵ دەکرد و لە خۆیەوە شتی ئەدایە پاڵ شتێکی دیکە.

---

4 (شارە ی هۆرمزگان * بۆ بە وێرانە و ئاتشگاکان کوژانەوە گەورە و سەرکردە کان خۆیان حەشاردا وە).

(زۆردارانی خوێنرێژی ئەرەب کردویانە بە وێرانە گوناو پاڵەی (گووند و دێهاتی ) هەتا شارەزوور).

- (ژنان و کچانیان بە دیل گردین {تا لە دوایا مەقام و ناوی "سید "بە مناڵە کانیان ببەخشن...!} پیاوانی ئازا و بوێر و دلێرمان لە خوێنی خۆیانا بژاوتوون).

-(داب و نانیتی زەردەشت بێ کەس مایەوە ئاهورا مەزدا بەزەیی بە کەسدا نەهات).

ئەوانەی لەو کتێبەدا هەن[5]، لە چیرۆکە کۆنەکانی فارسیەوە وەریگرتوون...، ئەو ناوانەی کە ئەو ناویان دەبا لە کتێبەکەیدا، لە کتێبەکانی دیکە خوێندوییەتەوە، شتێکی ترن، هەمووی بۆچونی خۆیەتی، زۆریان بەڵگەی نییە و ژمارەیەکی کەم نەبێ مێژووناسەکان دانی پیادا نانێن...، وەکو دووبارە باسی ئەو پارچە چەرمە دەکا کە گوایە وەختی خۆی لای بووە، لە هەزار مێرد دۆزراوەتەوە و باسی ئەوە دەکا کە چۆن ئیسلامەکان هاتوون کوردستانیان داگیر کردووە و مزگەوتیان سوتاندووە و ماڵیان تاڵان کردووە ئاگرەکانیان کوژاندوەتەوە، ئەمە هەر ئەو باسەیە کە ڕەشید یاسەمی باسی دەکا، بەڵام لە ڕاستیدا شتی وا نییە، چونکە ئەگەر شتی وا بوایە ئەوە شتێکی زۆر بە نرخ ئەبوو، هیچ نەبوایە دەبوو لە مەتحەفێکدا هەبوایە، یان نوسخەیەك، یان فوتوغرافێکی هەبوایە ....

ئەمە بەلای ئەوەوە کابرایەکی کوردی موسڵمان (سەعیدخان) کە بووە بە مەسیحی بۆ ئەوەی نرخی ئیسلام کەم بکاتەوە، ئەو شیعرەی هەڵبەستووە...، ناوی کابرای وت خەڵکی دەوری سنەیە ...، وەختی خۆی کە حسێن حوزنی ئەو کتێبەی چاپ کرد لە دواییدا دیم سەرزەنشتم کرد، وتم نەدەبوو بەو جۆرە تێکەڵ و پێکەڵی بکەی و شتێك کە رووی نەداوە و پەیوەندیی بە باسەکەوە نییە و هەڵەش بکەی ......)[6]

ئەمە نرخ و هەڵسەنگاندی نووسینەکانی حوزنیە کە ماوەیەکی دوور و درێژ نەیارانی ئیسلام کردبوویانە بەڵگە لەسەر ستەمی ئیسلام لە کورد، لە کاتێکدا نەیارانی ئایین ئەم ڕاستیانەیان دەزانی و دڵنیاش بوون کە حوزنی موکریانی قسەی گیرفانی خۆی دەکات، بەڵام لەم بوارەدا قسەکانییان دەکردە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر.

[5] مەبەستی کتێبی (ئاترە پاتێن یا ئازر بایجان یا کوردستانی موکریانی) کە لە سیەکانی چەرخی ڕابردوودا حوزنی موکریانی نوسیویەتی.

[6] لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا (وتار و بیرەوەری هاوار).

یان فەتواکەی مەلای خەتێ کە دەیاننووسین و شیعر و لێکۆڵینەوەیان دژی نووسی، گوایە بووەتە هۆی ڕووخاندنی میرنشینی پاشای کۆرە، دەرکەوت ئەو فەتوایەش ئەسڵی نییە، هەر هەڵبەستراوی حوزنیە.[7]

لەگەڵ ئەو لاوازیی و بێبنەماییەشدا بۆ ڕووداوە مێژوویی و کەلتوورییەکان، نەیارانی ئیسلام توانیان لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکەدا کاریگەرییان هەبێت و گومان بۆ زۆر بابەتی دینی دروست بکەن، بە پێچەوانەی مامۆستا و ڕۆشنبیرە موسڵمانەکانەوە وەك وتم ئەم بوارەیان کەمترو ورووژاند، هەرچەندە بەم دواییە لە بوارە مێژووییەکەدا هەندێك ڕاستیان ڕوونکردووەتەوە[8]، بەڵام بوارە فەرهەنگیی و کەلتوورییەکەمان بە پەراوێز خراوی ماوەتەوە، بۆیە من ویستم لەو دەروازەوە چەند گەوهەرێك لە دەریای قووڵی کەلتووری کورد دەربهێنم و کاریگەریی ئیسلام لەسەریان دەربخەم، کە بێگومان مشتێکن لە خەروارێك.

هەرچەندە لەبەر کەمیی نووسین لەم بابەتەدا، ناچار بووم بە دەیان سەرچاوە پەیدا بکەم و بیانخوێنمەوە و لە زۆریشیان سوودی پێویست وەرنەگرم، زۆر گەڕان و ورد بوونەوەی دیکەم ئەنجامدا تا گەشتمە تەواوکردنی ئەم بەرهەمە، ڕاستە ویستومە پەیوەندیی کەلتووریی کورد بە ئیسلامەوە ڕوونکەمەوە، بەڵام زۆرم هەوڵداوە نووسینەکەم بابەتیی و بەڵگەدار بێت، سۆز و هەڵچوونی پێوە دیار نەبێت، ئومێد دەکەم ئەم بەرهەمە بابەتێکی نوێ بێت و ببێتە هۆی ڕەواندنەوەی تەمومژێك کە لە نێوان کەلتووری کورد و ئیسلامدا دروستکراوە، وەڵامێکیش بێت بۆ ئەو پرسیارە زۆرانەی دەکرێت دەربارەی کاریگەریی ئیسلام لەسەر کەلتووری کورد.[9]

---

[7] خوێنەری بەڕێز دەتوانی بگەڕێتەوە بۆ کتێبی فەتواکەی مەلای خەتێ، مامۆستا حەسەن مەحموود حەمە کەریم.

[8] - لە نموونەی نووسینەکانی مامۆستا پارەزانی، حەسەن مەحموود حەمە کەریم، فازیل قەرداغی، ، نیهاد جەلال.

[9] - جێگەی دڵخۆشییە ئەمڕۆ نەوەیەکی پێگەیشتوو لەناو ڕۆشنبیراندا سەری هەڵداوە، کە باوەڕی بە تیۆرە گلان نییە لەناو ململانێی ئایدۆلۆژیدا، بەڵکو نەوەیەکە یەکتر قبوڵکردن و بەرگریی لە ئازادییەکانیان کردووەتە بنەمای ئەرکی خۆیان.

## گوزەرێکی مێژوویی

مــن مــاوەی چــەند ســاڵێکە خــەریکم بــەم بابەتــەوە، لــەم ماوەیــەدا تێگەشــتم چ پەیوەندیی، بــەڵکو ئاوێتــەبوونێکی تێروتەســەل لــە نێــوان ئیــسلام و کــورددا دروست بووە، ئەوی سەرنجی کەلتووری هەزار و چوار سەد ساڵەی کورد بدات جوان بۆی ڕووندەبێتەوە، ئیسلام چ کاریگەرییەکی لەسەر مێژوو و فەرهەنگ و فولکلۆر و ئەدەب و زمان و... .کورد کردووە، دڵنیاش دەبێت (بە پێچەوانەی ئەوانەی ئیسلامیان لا زیادە یان پێتەوقە و وا دەزانن تەوقە و لە ملی کورد ئالاوە)، خزمەتی بێ وێنەی بەم میللەتە کردووە، بەڵکو سڕینەوەی ئیسلام لە کورد، واتە سڕینەوەی پێناسی پڕ سەروەریی چواردە سەدەی کورد، کە پێش ئەوە شتێکی بایەخداری کورد دیار نییە، بۆیە تا ڕۆدەچووم لەم بابەتەدا ئەم ڕاستیەم زیاتر لا دەچەسپا کە هەر بە لێکۆڵینەوە لەم کەلتوورە، مرۆڤ گەورەیی و بایەخ و پێویستیی بوونی ئیسلامیی بۆ کۆمەڵگەی کوردیی بۆ دەردەکەوێت.

## کۆمەڵگەی کوردی بەر لە ئیسلام و کاریگەرییەکان لەسەری

ئەوەی سەلمێنراوە و ئاتاجی بەڵگە بۆ هێنانەوەی نییە: گەلی کورد بەشێکە لە کــۆنترین گــەلانی ڕۆژهــەڵات، نیــشتمانەکەشیان بــە یــەکێك لــە دێــرینترین لانکــەی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار.

ئەمین زەکی لەسەر کوردستان دەڵێت:

کوردستان یەکەم نیشتمانە و دووەم بنچینەی مرۆڤە و گەلان بە هۆی کارەسات و ڕووداوی کۆن لەوێوە ئاوارە بوون و لە هەندەران نیشتەجێ بوون[١٠].

[10] ئەمین زەکی بەگ (کورد و کوردستان) ل٩٠-٩١.

هەر ئەمین زەکی ڕەددی (سید سمیسی) دەداتەوە کە گوایە (بەر لە ساڵی(٦٥٠)ی پێش زاین ناوی کوردان لە شوێنەواری ئاشووریان دیاری نییە) دەڵێ: (بەوەدا باش دەردەکەوێ کە گەلی کورد لەو (٦٥٠)یە کە زۆر کۆنترە).

مامۆستا حەسەن مەحمود حەمە کەریم لە پێشەکی کتێبی (کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامییدا) دەڵێت :

(گەلی کورد یەکێکە لە میللەتە زیندووەکانی جیهان، مێژووەکەی وا نیشان دەدات کە لە کۆنترین گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت[11]).

بۆیە بە درێژایی ئەو مێژووە پان و پۆڕەی بەر لە هاتنی ئیسلام، کۆمەڵگەی کوردیی چەندین ئایینی تێدا بڵاوبووەتەوە، جۆرەها فەرمانڕەوایی کراوە، زۆر قۆناغی مێژوویی بڕیوە، توشی شەڕ و ڕاوەدوونان و داگیرکاریی جۆراوجۆر هاتووە، خۆیشی لە ناو خۆیدا زۆر مەسەلەی فەرهەنگیی و داب و نەریتی داهێناوە.

جا هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی هەبووە، کەلتوورێکی بۆ دروستکردووە، بە تایبەت ئایینەکان و لەسەروشیانەوە ئایینی زەردەشتی، کە وەها دیارە بەر لە هاتنی ئیسلام، بڵاوترین ئاین بووە لە ناو کورددا، نەک تاقە ئاین، چونکە ئایینی مەسیحی و جولەکە و بتپەرستییش هەبوون.

بە تایبەت گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە کە زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگە گوندنشین بوون و هۆیەکانی بە یەکگەیشتن سەرەتایی بوون، ڕێکەوتووە گۆڕانکاریی گەورە لە شوێنێکدا بوو بێت، بەڵام جێگەیەکی نزیکی بێئاگا بووە لەو گۆڕانکارییە.

بۆیە هەموو ئەم کاریگەرییانە بەشدارن لە پێکهاتەی کەلتووری کورددا، هەشیان بووە کاریگەرییەکەی هێندە قووڵ و ڕیشەدار بووە، تا ماوەیەکی زۆریش پاش هاتنی ئیسلام ئەو کاریگەرییەی هەر ماوەتەوە، تا وردەوردە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار

---

[11] حسن محمود حەمە کریم (کوردستان لە بەردەمی فتوحاتی ئیسلامیی) ل٣.

کالّبووەتەوە، بەڵکو تیاندایە یا بە شێوازییش بێت، سەردەم بە سەردەم لەگەڵ مێژووی کورددا گوزەری کردووە و تا ئەمڕۆش وەك داب و نەریت و کەلەپوور لەناوماندا هەر ماوەتەوە.

وەك: هەندێك پیرۆزی، داب و نەریتی شایی، شەڕ و شیوەنکردن، ناونان، جل و بەرگ...، کەواتە کۆمەڵگەی کوردی بەر لە ئیسلام، خاوەنی کەلتووری خۆی بووە، ئەگەر چی بەشێك لەو کەلتوورە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوە، یان کیانێکی کوردیەوە جۆرێك لە شێواوی، یان تێکەڵبوونی کەلتووری گەلانی سەر دەستەی پێوە دیار بووە و کاریگەریی لە سەربەخۆیی کەلتوورەکەمان هەبووە، بۆیە دەبینین لەو پاشماوە کەلتوورییەی پێش ئیسلام کە بۆمان ماوەتەوە، زۆرێکیان هاوبەشیی، یان مۆرکی گەلانی سەردەستەی ئەو سەردەمانەیان پێوە دیارن.

هەر چۆنێك بێت کۆمەڵگەی کوردیی وەك هەر کۆمەڵگەیەکی دیکەی بەر لە ئیسلام زۆر کاریگەریی ئایین و نەتەوە و دراوسێکانی لەسەری بووە، وەك چۆن ئەمیش کاریگەریی لەسەر ئەوان بووە، بەا کاریگەرییەکە لاوازتریش بووبێت، لەبەر ژێردەستەییەکەی، بەڵام هەمیشە ئایین و گەلە سەردەستەکان کاریگەرییەکەیان بەهێزترە لەسەر گەلی بندەست، کە زەمینە سازترە بۆ کاریگەر بوون.

## هاتنی ئیسلام و گۆڕانکاریی ڕیشەیی

کاتی هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا - کۆمەڵگەی کوردی، بەشێکی دەوڵەتی ساسانیەکانی پێکهێنا بوو، کە زۆرینەیان خەڵکە بەردەست و زۆرلێکراوەکان بوون، بۆیە لەگەڵ ئەوەی خاوەنی ئایین و کەلتووری خۆی بوو، بەڵام وەك هەر گەلێکی بەردەست بەشێکی زۆری ئەو نەریت و کەلتوورەی کاریگەریی فەرهەنگی فارسەکانیان پێوە بوو، لە ڕووی ئایینیشەوە هاوبەش بوون.

جا ئایینی ئیسلام وەك لە سەرەتاوە لەناو عەرەبەکاندا گۆڕانکاریی بنەڕەتیی خوڵقاند، بە هەمانشێوە، یان کەمتر، کە گوازرایەوە بۆ کۆمەڵگەکانی دیکەش، هەمان کاریگەریی و گۆڕانکاریی دروست کرد، بێگومان لەناو ئەو گەلانەی ژێردەستە بوون و خاوەن دەوڵەت نەبوون کاریگەرییەکەی خێراتر و قووڵتر دەبوو، وەك گەلی کورد، چونکە چەوساندنەوە و بێبەشکردنیان لە زۆرینەی مافەکانیان، بێزاری کردبوون لە دەسەڵاتی فارسەکان، بۆیە گەرموگوڕتر ئامێزیان بۆ وەرگرتنی ئیسلام کردەوە، لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتدا کاریگەریی ریشەیی رووی تێکردن.

لەم بارەوە دکتۆر حسێن خەلیقی دەڵێت: (لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە سەر هەڵدانی ئیسلام چوارچێوەی ڕژێمە کۆیلەدارەکان تێك ڕوخا و پەیوەندی ئابووریی و کۆمەلایەتیی و سیاسیی گۆڕا، نەزمی نوێ و بۆچوونی تازە لەسەر شێوەی ژیانی مرۆڤ و نرخەکەی دامەزرا، بەم جۆرە ئیسلام لە قۆناغێکی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵدا دەوری بنەڕەتیی و چالاکی هەبوو)[12].

هەر لەو ڕووەوە دکتۆر موحەمەد عەزیز نوسیویەتی:

(بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەدا، لە هەر ڕوویەکەوە بیگرین، گۆڕانێکی قووڵی لە ژیانی گیانیی و مەترياڵی، دانیشتوانی ناوچەکەدا دروستکردووە، جگە لەوەی دەسەڵاتی ڕامیاریی پێشووی گۆڕی، لە ڕووی ئایین و زمانیشەوە، دیسانەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی، لەگەڵ خۆیدا هێناوە)[13]

ئێمە کە باس لە هاتنی ئیسلام دەکەین بۆ کوردستان، دەبێت جیاوازیی بکەین، لە نێوان موسڵمانبوونی کورد و قۆناغەکانی مامەڵەکردنی کورد لە تەك ئیسلام و ئاوێتەبوونی تیایدا.

---

12 د. حسێن خەلیقی ـ کۆمەڵناسی.

13 سەلیقەی زمانەوانیی

وەك زانراوە سوپای ئیسلام لە ساڵی (١٨)ی کۆچییەوە هاتە کوردستان و بە ماوەیەکی کەم خاکی کوردانی هێنایە ژێر ڕکێفی ئیسلامەوە، کوردەکانیش ئیسلامیان وەرگرت، هەرچەندە مەرج نییە هەموو کورد لەو ماوە کورتەدا موسڵمان بووبێ و لە وردەکاریی ئایینی نوێ گەیشتبن، بەڵکو پاش دەسەڵات گرتنە دەست و دروستکردنی ژیانێکی نوێ، (جیا لە شێوەی فارسەکان)، ئیدی وردە وردە ئایینی ئیسلام بەناو کۆمەڵگەی کوردییدا شۆڕ دەبووەوە و کوردەکانیش زیاتر باوەشیان بۆ دەکردەوە و بوارەکانی ژیانی خۆیان لەسەر بەرنامەی ڕەنگرێژ دەکرد، ئا بەو حاڵەتە سروشتیە ئیسلام جێگەی بە ئایین و نەریت و بیروباوەڕانی دیکە لەق کرد، بە ئاراستە تێروتەسەلەکانی شوێنی پڕکردنەوە، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەوان تەنها شوێنەوارێکی کەم، یان تاقمێکی دیاریکراو لە شوێنکەوتووانیان ماونەتەوە، ئەم مانەوەشیان شانازییەکەی هەر بۆ ئیسلامە، چونکە بە فشار و هێز جێگەی بەوان چۆڵ نە کردووە، ئەگەر وەهابایە، ئێستا ئەوەندەشیان لێنەدەمانەوە و بە یەکجاریی دەسڕانەوە.

ئیدی وا زیاتر لە چواردە سەدەیە ئیسلام بووەتە ئایینی گەلی کورد و بە هەموو چەمکەکانیەوە کار دەکاتە سەر بیر و هۆش، داب و نەریت، ڕەفتار و مامەڵەی کورد، کە هێندە لەم کاریگەرییەدا ڕۆچووە هەرچی کون و قوژبنی ژیان هەیە گرتوویەتیەوە، شوێنێکی نییە جێدەستی دینی پێوە دیار نەبێت.

بۆیە دەبێت بڵێین کەلتووری کورد کەلتوورێکی ئیسلامییە، حاشا کردن لە ئیسلام حاشا کردنە لە مێژوویەکی هەزار و چوارسەد ساڵە کە پێش لەوە شتێکی ئەوتۆمان لە مێژوو و کەلتوور دیار نییە، جا بۆ ئەوەی ئەم بابەتە دارشتن و دەربڕینی بێبەڵگە نەبێت، با ڕاستەوخۆ شۆڕبینەوە بە ناخی ئەو مێژووە چواردە سەدەییەماندا و بزانین ئەو کاریگەرییانەی ئیسلام لەسەر پێکهاتەکانی کەلتوورمان کردوونی کامانەن و چەندە بەتینن؟ بێگومان کەلتووریش پێناسەی نەتەوەییە، دەکرێت وەك ئاوێنەیەك لێوەی لە خۆمان و نەتەوەکەمان سەرنج دەین.

## پێناسەی چەمکە بنەڕەتییەکان

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا، تووشی کۆمەڵێك زاراوە دێت، جیا پێمباش بوو بەر لە لێکۆڵینەوەی بابەتەکان، ئاشنایەتییەکمان لەگەڵ ئەو زاراوانەدا هەبێت، تا بیری خوێنەر ئاڵۆز نەکەم بە دوای گەڕانی مانای ئەو زاراوانەدا، یان بە تێگەیشتنی هەڵە لێیان.

بۆیە لەم بەشەدا پێناسەیەکی پوختی هەر سێ زاراوەی (کاریگەریی، ئیسلام، کەلتوور) دەکەین، کە ناونیشانی کتێبەکەن و سەرتاپای بابەتەکان لەو بازنەیەدا دەخولێنەوە، پاش ئەو سێ زاراوەیە، پێناسەی هەر یەك لە (فۆلکلۆر، ئەدەب، کەلەپور، رۆژنامەنووسیی، زمان) دەکەین، کە سەرباسی پێنج بەشی کتێبەکەن و بۆ هەریەکەیان لێکۆڵینەوەیەکی تێر و تەسەل ئەنجام دراوە.

دیارە لە ناو هەر یەکێك لەم باسانەشدا، هەڵدەتەقێین بە کۆمەڵە زاراوەیەکدا. دەگونجێت هەیانبێت لای خوێنەر نامۆ بێت، یان بە تەواوی ماناکەی لا روون نەبێت، خوا یار بێت ئەو زاراوانەش کە پێویستیان بە پێناسە هەیە، لەکاتی باسکردنیاندا دەیانناسێنین.

ئەمانەی دوایی جگە لەوەی پێناسە بنەڕەتیەکان نین، گەر هەموویان لێرەدا پێناسە بکرابانایە، دەترساین خوێنەر لەو هەموو زاراوە و پێناسانە تاقەتی بچێ و بێزار بێت، بۆیە دوامان خستن، بۆ شوێنی خۆیان.

دیارە بەشێك لەو زاراوانە، زیاد لە پێناسەیەکیان بۆ کراوە، تیاشیاندا هەیە پسپۆڕان زۆر بە قوولی بۆی رۆچوون، بەڵام من بۆ هەریەکەیان بە یەك دوو پێناسە و زۆر رۆنەچوون تیایاندا کۆتاییم پێهێناون، وەك ئاسانکارییەك، بۆ خوێنەری بەڕێز.

**<u>کاریگـەریی</u>**: ئـەو دیاردەیـە کـە دەتوانێـت شـوێنەوارێکی بەرچـاو لـەکاتێکی دیاریکراودا بەرهەم بهێنێت.

هەروەها ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنرێت بە مانای: بـەجێهێنانی هـەوڵێکی داواکـراو و بە کاری ڕێکخراو، واتە: بەجێهێنانی ئامانجەکانی[14].

**<u>ئیسلام</u>**: هەرچەندە ئەم زاراوەیـە لـە زمـانی عەرەبیـدا زۆر مانـا دەگەیـەنێت، وەك دڵسۆزیی، سوڵح، ئاشتی، گوێڕایەڵی...، بەڵام وەك زاراوە مەبەست پێی: ئەو کۆتـا ئاینەیـە کـە پـەروەردگار لـە ڕێگـای نیگـاوە بـە موحەممـەد پێغەمبـەردا ( سـەلات و سەلامی خوای لەسەر بێ) ناردی بۆ مرۆڤایەتی[15].

بەو پێناسەیە، ئیسلام، واتە: قورئان کە فەرموودەی خوایە و بە نیگا ناردوویـەتی، هـەروەها سـوننەت کـە فـەرموودە و ئاکـاری پێغەمبـەرە بـە ڕێنمـایی پـەروەردگار درکاندوونی.

بێگومان جگە لەو دووە، لە ماوەی ئەو چوار دە سەدەیەدا گەنجینەیەکی مەزن لـە کەلتووری ئایینی هەیە، کە بۆ خزمەت و ڕوونکردنـەوەی ئـەو دوو سەرچـاوەن، بـەڵام هیـچیان ئـایین نـین، بـەڵکو باسـی ئـاینیین و لـەژێر ڕونـاکی ئـەو دووەدا وتـراون، کاریگەریی خۆشیان هەیە لەسەر کۆمەڵگاکان، بـەڵکو بەشـێکی پێویـست و نەپـچڕاون لەو دوو سەرچاوەیە.

**<u>کەلتوور</u>**: ئەم زاراوەیە بەرامبەر زاراوەکانی دیکە، کەمتر ناسراوە، بۆیە لە پێناسـە کردنەکەیدا وردەکاریی دەخوازێت.

[14] (مفاهيم الفلسفة والأجتماع) أحمد خورشيد النورەچي

[15] (روح الدين الأسلامي) عفيق عبدالفتاح الطباره .

وشەی کەلتوور(culture) لە وشەی کەڵچەر (culture) لاتینی وەرگیراوە، کە لە سەرەتادا بە واتای (کێڵان)ی زەوی و گەشەکردنی ڕووەکی گیانداران بەکارهاتووە، هەروەها بە مانای ڕۆشنبیرکردن و چاو دێرییکردن، یان شارستانێتی، هاتووە.[16]

لە زاراوەشدا: گشتێکی ئاڵۆزە لە زانست و زانیاریی و هونەر و هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دیسپلین و داب و نەریت...

بە کورتی کەلتوور: گشت ئەو فێربوون و نەریتانەیە کە مرۆڤێك وەك ئەندامێکی کۆمەڵگە وەریدەگرێت [17] کەواتە کەلتوور: سەرجەم زمان و مێژوو ئایین و داب و نەریت و هەست و هۆشیاریی و بەرهەمی فیکریی و زانستیی دەگرێتەوە.[18]

<u>فۆلکلۆر</u>: زاراوەیەکی لێکدراوی ئینگلیزییە، لە دوو وشە پێکهاتووە (folk) واتە: خەڵك، دووەم (Lore) واتە: (چیرۆك، پەند، زانست) واتا گشتیەکەی بریتیە لە (پەندی گەل) یان (زانستی گەل)[19]

فۆلکلۆر: بەرهەمی سەر زاری خوڵقێنەرانی گەلە، واتە:

ئەو بەرهەمە خوڵقێنەرانەیە، کە دەماو دەم و پشتاوپشت، کوڕ لە باوکەوە و منداڵ لە دایکەوە ئەیبیستن و ئەمێنێتەوە، بۆیە فۆلکلۆر دەدرێتە پاڵ هەموو گەل[20]

کەواتە فۆلکلۆر :ئەفسانە و هەقایەتی میللیی و پەندو هۆنراوەی میلیی و هەموو جۆرە گوزارشتە هونەرییەکانی دی دەگرێتەوە[21]

کەواتە بەم پێناسەیە: ئێمە جیاوازییمان خستە نێوان کەلەپوور (کە بابەتی کرداریی و دروستکراو و دەستکردنە) و فولکلۆر، (کە بەشە ئەدەبیەکەیەتی).

---

[16] گۆڤاری (بوار) ژمارە (٢)

[17] گۆڤاری بوار ژمارە (٢)

[18] کاریگەریی کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداغی

[19] ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، کامەران موکری ل٢٩

[20] لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ ل٨

[21] گۆڤاری کەلەپوری کورد ژمارە (١١) ١٩٩٧

**کەلەپوور:** هەموو ئەو کەرەستانەن کە لە ڕابردوو و ئێستا لە ناوماندان، کە ئەوانیش دوو جۆرن: کەلەپووری مەعنەویی، وەك هزر و ڕەفتار، کەلەپووری ماددیی: وەك شوێنەوار و بۆماوە نەتەوەییەکان.

کەواتە هەرچیەك لە ناوماندا بێت، یان لە گەڵماندا بێت، لە ئێستادا لە ڕووی پێوەندیی بە ڕابردووەوە، ئەوە کەلەپوورە[22]

**ڕۆژنامەنووسی:** لە لاتینیدا(Journalim) دێت کە لە وشەی (Journalim)ەوە وەرگیراوە، ئەویش لە وشەی (Jour)ی فەرەنسیەوە هاتووە کە بە مانای (ڕۆژ) دێت، (Journa) لە فەرەنسیدا بە مانای ڕۆژانە دێت، هەروەها (press)یشی پێدەوترێت.

لە زمانی عەرەبیدا (الصحافة) بەکاردەهێنرێت کە لە وشە (الصحيفة)وە هاتووە بە مانای پێست، یان لاپەڕەکە تیایدا نووسرابێت هاتووە.

ئێستاش کە دەوترێت ڕۆژنامەنووسیی:

ئەو هەنگاو و پرۆسانەیە کە بە نووسین، یان ئامادەکردنی پەیامێکی میدیایی بەڕێوەدەچێت[23]

لەبەر ئەوەی لە ناو کورددا کەناڵی ماسمیدیای کوردیی تا سەردەمانێکی زۆر ڕۆژنامەی چاپکراو بووە، ئێمە تەنها لەو بوارە دەکۆڵینەوە.

**زمان:** لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیە لە زۆر ڕوانگەی جۆراو جۆرەوە سەیر دەکرێت، هەر شارەزایەك لە ڕوانگەی کارەکەی خۆیەوە لێی ڕوانیوە، فەیلەسوف، دەروونزان، زمانەوان و... ...[24] هەریەکەیان بە جۆرێك پێناسەی زمانیان کردووە، بەڵام

---

22 کاریگەریی کەلەپوری کوردی لە شانۆی کوردیدا، د.شکریە ڕەسوڵ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥٨)، ل٢٨٥

23 (چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیەکان و ڕەنگدانەوەیان لە ژیان و ژیندا)، هەڤاڵ ئەبوبەکر.

24 زمانەوانی، پرۆگرامی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی زمان.

پێناسەیەکی سانا بۆ زمان بریتیە لە ئەوەی: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکگەشتن، دەکرێت بە چەند دایەکی وردەوە (مۆرفێم) کە هەریەکەیان خاوەنی واتا و فۆرمن.

یاخود، زمان هۆیەکی ناغەریزیە، تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو، بەهۆی کۆمەڵێك ڕەمزی ڕێکخراوەوە کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدان.

ئەدەب: لە وشەی Literag لاتینییەوە هاتووە کە بە واتای پیت دێت.

ئەدەب: ئەو گەوهەر و قسە جوانانەن کە لە دوو لێوی شاعیر و ئەدیب و نووسەری ئەو قەومەوە دێنە دەرەوە و تەعبیر لە خەیاڵی نازك و عاتیفە و بیروباوەڕەیان دەکاتەوە.[25]

یان ئەدەب: یەکێکە لە شێوەکانی گوزارشتکردنی مرۆیی لە هەموو ئەو سۆز و بیر و هەژان و هەڵچوونە مرۆییانەی کە بە شێوەیەکی باڵای شیعر، بە نووسین، بە شیعر بێت، یان بە پەخشان، دەردەبڕێت.[26]

---

[25] (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلائەدین سەجادی.

[26] چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ....هەڤاڵ ئەبوبکر.

# بەشی یەکەم:

# کاریگەریی ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردیی.

- گرنگیی فۆلکلۆر و تایبەتمەندییەکانی.
- کاریگەریی ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردیی.
- پەندی پێشینان
- حەکایەتی کوردی

## گرنگیی فۆلکلۆر و تایبەتمەندییەکانی

فۆلکلۆر، وەك وتمان بە هەموو ئەو سامان و کەلەپوورە کۆنە ئەوترێ کە بە درێژایی مێژوو بەرهەمی خەڵك بوون و ماونەتەوە، بەڵام بۆ ئاسانکاریی، ئێمە هاتین بەشە سەرزارەکییەکەیمان کە پێشی دەوترێت (ئەدەبی فۆلکلۆریی) لە بەشەکەی دیکە جیاکردەوە کە پێی دەوترێت (کەلەپوور).

ئەم ئەدەبە تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە جودای دەکاتەوە لە (ئەدەبی نووسراو) و (ئەدەبی میللیی)، چونکە ئەدەبی فۆلکلۆر کۆنترین ئەدەبە و زۆربەی بە هەرەوەزییەکی ئاسایی و بێ بڕیاردان لەسەر ئەو هەرەوەزیە هاتووەتە بەرهەم، ئەم ئەدەبە ڕەنگدانەوەی ڕاستە قینەی ڕابردوومانە، نوێنەر پێناسە گەلە لە زۆر لایەندا، تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم ئەدەبە ئەوەیە شەقڵی تایبەتی گەلە، یان نەخشی ئەو زەمان و دەورەی خۆی پێوەیە، نەخاسمە لە وێنە و بیردا، واتە خو و ڕەوشت و نەریتی ئەو گەلە دیاریی دەکات، هەروەها ئەو ڕۆژگارەی کە ئەو ئەدەبە فۆلکلۆرییەی تیادا لە دایك بووە و گەشەی تیادا کردووە، بە ڕوونی دەرئەکەوێ، چونکە چۆنیەتی باری ژیانی ئەو زەمانە دەرئەبڕێ کە تیایدا پەیدا بووە، بۆیە کەرەسەیەك و سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی سەردەمانی ڕابردوو ئەو گەلە.

بەم پێیە ئێمە ئەگەر ویستمان باپیرانمان بناسین لە ڕووی بیروباوەڕ و نەریت و ئاستی گرنگیدانیان بەهەر مەسەلەیەك، دەتوانین لە فۆلکلۆرەوە بەوان ئاشنابین، کە ئێمە بەجۆرێك لە جۆرەکان و بە شێوەیەکی ڕێژەیی، بەدەر لە ویستی خۆمان کاریگەریی ئەو فۆلکلۆرەمان لەسەر دەمێنێت.

## کاریگەریی ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردیی

پاش ئەو پێناسانەی ئەنجامماندا، دەرکەوت کەلتوور زۆر لق و پۆی لێدەبێتەوە، لە زمان و مێژوو و داب و نەریت و بەرهەمی فیکریی و زانستیی، بۆیە ئەو چەمکانە دەهێنین و سەرنجی کاریگەریی ئیسلام لە سەریان دەدەین، تا بە هەموویانەوە دیمەنێکی گشتییمان نیشاندەن، لە کاریگەریی ئیسلام بەسەر کەلتوورەکەمانەوە.

لە سەرەتاشەوە لە چەمکی فولکلۆرەوە دە پەیڤین کە کۆنترین بەرهەمی باپیرانمانە بۆمان مابێتەوە.

وەك پێناسمان کرد، فولکلۆریش چەندین بەشی لێپێکدێ، وەك: گۆرانی، لای لایە، لاواندنەوە، بەختکرتنەوە، سەر گوزەشتە و بەسەرهات، چیرۆك، ئەفسانە، داستان، نوکتە، پیاهەڵخوێندن، تەتەڵەکردنی قسە، لاساییکردنەوە، پڕوپوچ، پەند و قسەی نەستەق[٢٧] ئێمە تەنها لە بەشە سەرەکییەکانی دەدوێین و کاریگەربوونیان بە ئاینی ئیسلامەوە، ئاماژەی پێدەدەین.

---

[27] ـ دکتۆر هیرا حسێنی، گۆڤاری هیرا.

# یەکەم: پەندی پێشینان

- پێناسە
- کاریگەریی ئیسلام لەسەر پەندی کوردیی
- شایەتی شارەزایانی بوارەکە
- کاریگەریی ئیسلام لەسەر بوارە جیاوازەکانی پەندیی کوردیی

**یەکەم:** لە بواری بیروباوەڕدا

**دووەم:** ماناکردنی ئایەتێك، یان فەرموودەیەك

**سێیەم:** لە بەکارهێنانی زاراوە شەرعییەکاندا

**چوارەم:** تێڕوانینی شەرعییانە

**پێنجەم:** شانازییکردن بە ئاینداریيەوە

**شەشەم:** شارەزایی شەرعیی

**حەوتەم:** وەرگرتن لە چیرۆکێکی ئایینی

**هەشتەم:** پابەندبوون

**بەهەڵەتێگەیشتن لە هەندێك پەند**

- هەڵشاخان بە ئاین و مامۆستایانی ئاییندا
- هەندێك پەند بە رواڵەت توانجە، بەڵام بە ناوەڕۆك پیاهەڵدانە
- هەندێك پەند گرنگیی مەسەلەیەك دەورووژێنی
- هەندێك پەند غەیری موسڵمان دایڕشتوون
- شایستە نەبوونی هەندێك شێخ و مەلا بە بەرزی پیشەکەیان

## - پێناسە:

ڕاستییەکەی (پەند) و (قسەی نەستەق) (درکە - کنایە) و (حیکمەت)، ئەمانە کێشەی زۆریان لەسەرە، کە چۆن سنوورێکی وایان لە نێواندا دابنرێ لە یەکیان جیا بکاتەوە و تا ئێستاش زانایان نەگەیشتوونەتە ڕایەکی وا بتوانرێ هەریەك لەم بەشانە بە تەواوی لەوانیدیکەی جیا بکاتەوە.[٢٨]

بۆیە ئێمە تەنها پێناسەی پەند دەکەین و دەستەواژەکانی دیکە هەر لەو چوار چێوەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

وەك مامۆستا سەجادی دەڵێت: پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسراون و مەعنایەکی بەرزیان هەیە.[٢٩]

یان پەندی پێشینان: ئەو وتە و ڕستە کورتانەیە کە مانایەکی قوڵ و فراوانیان هەیە و پێشینانمان لە ئەنجامی ئەزموونی خۆیاندا وتویانە.

لەسەر پەندی پێشینان تا ئەمڕۆ چەندین لێکۆڵینەوە و نووسراو و چاپکراون و هەزاران پەند کۆکراونەتەوە و بە چاپ گەیەنراون، بەڵام زۆری دیکە ماون هێشتا لەسەر زارن و کۆنەکراونەتەوە.

---

[28] - (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق) د. شکریە رەسول ل٤٩

[29] مێژووی ئەدەبی کوردی

## کاریگەریی ئیسلام لەسەر پەندی کوردی

بێگومان پەندی پێشینان روونترین ئاوێنەی قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەوارین، لە وردبونەوە لەو پەندانە دەتوانین لە بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و هەست و هۆشیاریی باو و باپیرانمان بڕوانین.

ئەگەر سەرنجی وردی پەندی کوردی بدەین و ماناکانیان لێکدەینەوە، دەردەکەوێت زۆربەی هەرە زۆریان لە چواچێوەی ئەوەی کە زانایانی موسڵمان پێی دەڵێن (المقاصد الشرعیة)، جێگایان دەبێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەری ئامانجەکانی شەریعەت لەسەر بیر و هۆشی باپیرانمان، گەر بشوترێت مەرج نییە کاریگەریی شەریعەت بووبێت لەسەر ئەو پەندانەی وتراون، بەڵکو هاندان بۆ چاکە و ناشیرینکردنی خراپەیان مەبەست بووە، دەڵێین باشتر، چونکە ئەوە بەڵگەیەکە لەسەر گونجاوی شەریعەت لەگەڵ سروشتە پاکەکان (فطرت الله التی فطر الناس علیها)، هەرچەندە ئەگەر واز لەو ڕاستیەش بهێنین، ئەمەیان گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵێکی زۆر پەندمان هەیە ڕاستەوخۆ کاریگەریی شەریعەتییان بەسەرەوەیە، بە ئاشکرا لە ئایەتێك، یان فەرموودەیەکەوە وەرگیراون.

## شایەتی شارەزایانی بوارەکە

پێش ئەوەی ئەو بوار و نموونانە بهێنمەوە دەمەوێت چەند پەرەگرافێکی پرۆفیسۆر عیزەدین موستەفا ڕەسولّ لەو بارەوە بهێنمەوە کە دەڵێت:

((ئەگەر ئەفسانە لە ڕووی ئایینەوە زۆر بیروباوەڕی تیابێت کە بە تەواوی لە ئایینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیرابێت، ئەوا پەندی پێشینان بە تەواوی شەقڵی دەوری موسڵمانبوونی لە لایەکەوە تیایە.. ... وەك:

**خاڵۆی دەسەوسان، چ خوای گەرمیان چ خوای کوێستان**

**ئەو کەسەی گیان ئەدا ئەو کەسە گیانیش ئەسێنێ**

ئەم پەندانە بە تەواوی ئاوێنەی بڕوای ئیسلامەتی یە بە خوایەکی تاق و تەنیا، کە ژیانو مردن و بوونەوەر بە دەست ئەوە، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو باوەڕەیە کە لە ئەفسانەدا دیمان، باوەڕ بوون بە خوای شەڕ و خوای خێر، کە لە ئایینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیراوە، لەم جۆرە پەندانە زۆرن، وەك: (**تا ئەینایە تەبەق، ئەیوت ئەڵڵاهو سەدەق**)، لێرەدا مەبەسمان وشەی ئەڵڵاهـ و سەدەقە، یان کورد ئەڵێ: **بانگی موحەمەد بە ئاشکرا خۆشە**، هەرچەندە ئەم پەندە بۆ ئازایی بەکار ئەهێنرێ، بەڵام زۆر دیارە کە لە چیرۆکە بە ناوبانگەکەی عومەری کوڕی خەتتابەوە وەرگیراوە، یان کورد ئەڵێ: (سۆفیلکەی بەرماڵ بە شان، بە ڕۆژ ئەگەڕێ کۆڵان بە کۆڵان، بە شەو دێتەوە ئەڵێ: (ئەڵڵاهو ئیمان).

دیارە مەبەستیش لێرەدا هەر وشەکەی دواییە.

پەندێکی دیکە ئەڵێت: (کە وتی تیژ، تیژ)، ئەمیش ئەوەیە کە کابرایەکی شارەزووری لەویتر ئەپرسێ: برا خوا چۆن ئەم دڕکانەی تیژ کردوە؟ ئەویش ئەڵێ: (براکە وتی: تیژ، تیژ) جا ئەمە هەرچەندە لە لێکۆڵینەوەیەکی سادەوە پەیدا بووە، بەڵام تەواو تێگەیشتنی ئەو ئایەتەی قورئانە کە ئەفەرموێ :

(إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ) یاسین٨٢.

هەندێك پەند هەیە لە پەیرەوێکی ئیسلامەوە وەرگیراوە، یان دیمەنێکی ژیانی موسڵمانی پیشان ئەدەن، وەك ئەڵێ: (تا فەرز وەستا بێ سوننەت حەرامە)، یان کورد ئەڵێ: (بوو بە بزنەکەی ئەخفەش)[30] چیرۆکی بزنی ئەخفەش هەرچیەك بێت هەیە بەڵام دیارە کە مەبەست بزنی ئەخفەش، زانای گەورەی نەحوی عەرەبی یە، ئەم پەندە تەواو پەندی کاتێکیشە کە کەلچەری عەرەب لە ناو کورددا بڵاوبووەتەوە و زادەی بیری مزگەوتی کوردەوارییە، شایانی باسە کە ژیانی مزگەوت و جۆری خوێندن و گوزەرانی تایبەتی مەلا و فەقێ، پەند و قسەی نەستەقی زۆر زۆری هێناوەتە بەرهەم کە لە خانەی پەند و قسەی نەستەقی مزگەوتدا تۆمار ئەکرێن.

هەر لەم بارەیەوە چەند پەندێکی دیکە هەیە کە ئەبێ لێرەدا بنووسرێن، وەك ئەوەی ئەڵێ: (عیسا نەبوو، موسا بوو، خوا خواداری خۆی هەر ئەکرد)، یان وەك ئەڵێ: (کەسی بێکەسان هەر خوایە) ئەم دوو پەندە لە پاڵ جەوهەری قووڵی کۆمەڵایەتیداندا ئەچنە پاڵ ئەو پەندانەی باسی تاکو تەنیایی و بوونی ئەزەلی خوا ئەکەن)).[31]

جگە لە دکتۆر عیزەدین، ئەو نووسەر و لێکۆڵەرەوانەی کە لەسەر پەندی کوردی نووسیویانە زۆریان ئاماژەیان بە کاریگەریی ئایین کردووە لەسەر داڕشتنەوەی پەندی کوردی، لەوانە دکتۆرە شوکریە رەسوڵ کە دکتۆراکەی لە یەکێتی سۆڤێتی جاران وەرگرتووە بە ناونیشانی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی)، تیایدا دەڵێت: ((مەسەلەی ئایین لە پەندی پێشیناندا جێگایەکی دیاری کراوی هەیەو زۆری

---

[30] بزنەکەی ئەخفە: ئەخفەش زانایەکی گەورەی نەحو بوو بەردەوام دەرسی وتۆتەوە، ئەگەر کاتێك فەقێی نەبوویێت بزنەکەی بەستۆتەوە، دەرسەکەی لەبەردەمیدا شەرح دەکردەوە و بزنەکەش سەیر سەیر سەری بۆ لەقاندووە و بەدەم کاوێژ و مێش و مەگەز و دەرکردنەوە، وەکو بڵێ حاڵی بووم و تەعقوڵم فەرموو، ئەم نموونەش بە فەقێی تەمبەڵ وتراوە.

[31] - (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی) د. عزەدین موستەفا رەسوڵ ل١٢٢-١٢٣- ١٢٤.

لەسەر وتراوە، چونکە ئایین کارێکی بەهێزی کردۆتە سەر فراوانکردنی پلەی زانیاریی گەلی کورد، ئەم جۆرە پەندانە بوونەتە قوتابخانەیەکی فراوانی پتەوکردنی بڕوای ئایینی کە لەسەر بناغەی بڕوا بە ژیانی پاش مردن دامەزراوە))[32].

کۆتایی ئەم باسە بە پەرەگرافێك لە لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا حامید حەمە عەبدوڵلا دەهێنین لە ژێر ناونیشانی: (بەراوردێك لە نێوان پەندی کوردی و دەقی ئیسلامیدا)، لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەڵێت:

بەراوردکردنی هەر بابەتێك دەگەڕێتەوە بۆ مەزەندەکردنی ڕووخسار و ناوەڕۆك، بە شێوەیەکی ئەکادیمی و خاڵی هاوبەش دەکرێتە پێوەریان، تا چەند هاوتابن ئەوەندە هاوڕاز و هاوڕێبازن، ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێسایەدا بەراوردی نێوان پەندی کوردی و دەقی ئیسلامیی بکەین، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ، کە پەندی کوردی بە عەزەمەوە شوێن پێی ئیسلامیی هەڵگرتووە و ئیمانێکی ڕەهای بە پەند و دەقەکانی هێناوە، بۆ ساغکردنەوەی ئەم بۆچوونەش تەماشای مێژوو دەکەین، کە گەلی کورد لە دێر زەمانەوە چەمك و فەلسەفەی ئیسلامیی کردووەتە کۆگای بیروباوەڕی و ملکەچانە شوێنی کەوتووە، بە شێوەیەکی وا هەرچی وتبێ، یان کردبێ، بە تایبەت پێشینان، لەو کۆگایە بڕدراوە، ئیتر بە ویستی خۆیان بێ، یان بەویستی خۆیان نەبێ، چونکە جام چی تێدا بێ هەر ئەوەی لێدەڕژێ، بێگومان جامی ئەقڵی گەلی کوردیش بەگشتیی پڕە لە خوداناسی و باوەڕداری، بۆیە بێ پەروا دەڵێم پەندی کوردی ڕژاو و پشاوی ئەو جامەیە)). [33]

---

[32] (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی) د. شوکریە ڕەسوڵ ل٩٧

[33] (کاریگەریی دەقی ئیسلامیی لەسەر پەندی پێشیانی کورد)، حامد حەمە عەبدوڵ ل١٤ دەستنووس.

## کاریگەریی ئیسلام لە بوارە جیاوازیەکانی پەندی کوردیدا

پاش هێنانەوەی چەند پەرەگرافێك لە وتەی شارەزایانی بوارەکە، سەبارەت بە کاریگەریی ئیسلام لەسەر پەندی کوردی بە گشتیی، بۆ زیاتر قووڵبوونەوە وا باشە پۆلێنی چەند بوارێك بکەین و لەسەر هەریەکەیان کۆمەڵێك نموونە بهێنینەوە، لە ئەندازەی کاریگەربوونیان بە ئیسلامەوە، ئەمانەش تەنها بە نموونە، ئەگەر نا بە دڵنیاییەوە بوارەکان زیاترن لەم چەند بوارەی کە من ریزم کردوون، دیارە نموونەکانیش زۆر زیاترن، بەڵام ئەم نموونانە مشتێکن لە خەروارێك.

**یەکەم: لە بواری بیرو باوەڕدا:** وەك ئاشکرایە بەشێکی فراوانی قورئان و فەرموودە تایبەتن بە ناساندنی پەروەردگار بە مرۆڤەکان و نیشاندانی سیفەت و دەسەڵاتی، ئەمەش بە یەکەم بنەمای ئیسلام دەژمێردرێت، کە پێویستە هەموو موسڵمانێك بیزانێت، دیارە باپیرانی ئێمەش لەم راستیە گەیشتوون، بۆیە ئەگەر گەشتێك بە ناو پەندی پێشینیاندا بکەین، بە ئاسانی دەبینین بە شێکی زۆری بیروباوەڕی ئیسلام بە پەندێك دەربڕاون، کە لە بنەڕەتدا مانای دەقێکی شەرعیین، یان تێگەیشتنی تەواوی باپیرانمانە لە بیروباوەڕ و پاشان دەربڕین و داڕشتنەوەیانە لە چوارچێوەی رستەیەکی پڕ ماناداا.

ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵە پەندێکن لە بواری بیروباوەڕدا، بەرانبەرەکەشیان ئەو دەقە شەرعیانەن کە مەرج نییە لە سەدا سەد تەنها لەو دەقانەوە وەرگیرابن، بەڵکو وا دیارە لە هاوشێوەی ئەو دەقانەوە وەرگیرابن کە لە قورئان و فەرموودە و وتەی زانایاندا نموونەیان زۆرن و هێندە دەبن کە پوختەی ماناکەیان بەو پەندانە تەعبیریان لێبکرێت:

**١ـ ئاگای لە خشپەی مار و مێرووە، ئەم پەندە پڕاوپڕ بە مانای ئەو ئایەتە پیرۆزە** دێت کە دەفەرموێت: (وَإِن تَجْهَرْ بِالْقَوْلِ فَإِنَّهُ يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى). طه٧[٣٤].

هەروەها دەفەرموێت: (وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا) الطلاق١٢.[٣٥]

**٢ـ ئەو کەسەی گیان دەدا گیانیش دەسێنێ:**

قورئانیش دەفەرموێت: (وَاللَّهُ يُحْيِي وَيُمِيتُ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) ال عمران ١٥.[٣٦] هەروەها دەفەرموویت: (وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ) الشعراء ٨٠.[37]

**٣ـ ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە:**

قورئان دەفەرموێت: (وَمَا تَشَاؤُونَ إِلاَّ أَن يَشَاء اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ) التکویر٢٩.[38]

**٤ـ خوا بیدا لە مێلێك دەیدا:**

قوئان دەفەرموێت (وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ) الطلاق٢–٣.[٣٩]

**٥ـ خوا دەردیش دەدا و دەرمانیش دەدا:**

قورئان دەفەرموویت: (وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ) الشعراء٧٩.[40]

**٦ـ سەری بێ ڕۆزی لە ژێر خاکدایە:**

قورئان دەفەرموێت: (كَأَيِّن مِن دَابَّةٍ لا تَحْمِلُ رِزْقَهَا اللَّهُ يَرْزُقُهَا وَإِيَّاكُمْ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) العنکبوت٦٠.[٤١]

**٧ـ خوا یار بێ دوژمن هەزار بێ:**

---

[34] ئەگەر دەنگیشت هەڵبڕی، ئەو بە ڕازو هێدیکانیش دەزانێ.

[35] زانستی خوا هەموو شتی دەور داوە.

[36] خودایە کە ژینێ دەدا و دەمرێنێ و هەرکارێکی ئێوە دەیکەن خوا دەیبینێ.

[37] هەر ئەویشە دەمرێنێ و پاشان زیندووم دەکاتەوە.

[38] بە ویستی خۆشتان نییە مەگەر خودای پەروەرندەی گشت جیهانێ خۆی حەز بکات.

[39] هەرکێش لەخوا بترسێ، دەروێیەکی لێ دەکاتەوە، لەشوێنێکەوە بژێوی بۆ دەنێرێ کە بەخەیاڵیدا نایەت.

[40] ئەگەر تووشی نەساغییش بم هەرخۆی چاکم دەکاتەوە.

[41] ئای کە زۆرن تیرەی ئەو جانەوەرانە بژێ و بۆخۆیان پەنا نادەن، خودا بە ئەوان و بە ئێوەش ڕۆزی دەدەت، بۆخۆی بیسەر و زانایە.

قورئان دەفەرموێت: (كَفَى بِاللَّهِ وَكِيلاً)[٤٢] پێغەمبەری خوا دەفەرموویت:(وأعلم أن الأمة لو أجتمعوأ على أن يضروك بشيئ لا يضروك ألا بما كتب الله عليك).

واتە: بشزانە ئەگەر هەموو خەڵك كۆببنەوە تا زیانێكت لە شتێكدا لێبدەن، زیانت لێنادەن مەگەر ئەوە نەبێت خودا لەسەرتی نوسیووە.

**٨ـ كە وتی تیژ، تیژ:**

قورئان دەفەرموێت (إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ) يس٨٢.[٤٣]

**٩ـ هەر خوا خوایە دنیا كا و بایە:**

قورئان دەفەرموێت: (كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ) الرحمن٢٦-٢٧.[٤٤]

**١٠ـ خوا یار بێ با شیرت دار بێ:**

قورئان دەفەرموێت (قُلِ اللَّهُمَّ مَالِكَ الْمُلْكِ تُؤْتِي الْمُلْكَ مَن تَشَاء وَتَنزِعُ الْمُلْكَ مِمَّن تَشَاء وَتُعِزُّ مَن تَشَاء وَتُذِلُّ مَن تَشَاء بِيَدِكَ الْخَيْرُ إِنَّكَ عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ) ال عمران٢٦.[٤٥]

**١١ـ دەست لە دەست و قوەت لە خوا:**

قورئان دەفەرموێت: (كَانَ حَقًّا عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ) الروم٤٧.[46]

ئەم مشتە پەندە بەشێكی كەمن لەو خەرواره پەندانەی كە دیارە پێشینان پاش تێگەشتنیان لە بیرو باوەڕو دەسەڵاتی پەروەردگاریان دەریان بڕیوون، بۆیە لە

[42] كارسازت هەر خودا بێت بەستە.

[43] هەر گا شتێكی بوێ پەیدا ببێ، بە فەرمان پێی تێژێ: ببە، هەر دەسبەجێ پەیدا دەبێ.

[44] هەركێ ژینی لەسەر زەمینە نامێنێ، هەرخودانی خاوەن شكۆی بەرز و بەرێزت دەمێنێ.

[45] بێژە: خوایە ئەی خاوەن هێز و دەسەلات هەركەس بۆ خۆت مەیلت لێبێ دەسەلاتی پێدەدەیت و كێش تۆ حەزكەی دەسەلاتی لێدەسێنی، هەركەسێكی وەقەدەرخەی و هەركەسێ زەبونی بكەی و خۆت دەیزانی، چاكە هەربەدەست خۆتە و تۆ لەسەر هەموو شت توانای.

[46] ئەوی بڕواشیان پێكردن، هەر خۆمان یارمەتیمان دان.

دارِشتنیاندا دەڵێی مامۆستایەکی شارەزان و مانای ئایەتێك، یان فەرموودەیەکیان کردووە.

لە کاتێکدا کە پێش ئیسلام باوەڕی ئاگرپەرستیی و زەردەشتی و خوا بە سیانزانی مەسیحیەکان و بتپەرستی و.... ئاینی دیکەش هەبوون، کەچی لە ڕووی بیروباوەڕەوە دەبینین بە هاتنی ئیسلام ئەوانە کاریگەرییان سڕاونەتەوە.

ئەوەی سەرنجی مێژووی کورد بدات ڕاستیەك دەبینێت، هەرچەند میللەتی کوردیش وەك میللەتانی دیکە توشی شەڕ و شۆڕ و زوڵمکردن و بەزاندنی سنوورە شەرعییەکان بوون لە شێوەی: دزیی و ڕێگریی و فێڵ و...، ئەمانە وەك هەر مرۆڤێك تووشیان هاتووە، بەڵام باوەڕی پتەویان بە پەروەردگار هەرگیز لەق نەبووە، ئەگەر چی خڵتە و شێواویشی تێکەوتبێت.

ئەو باوەڕە پتەوە لە ڕەفتاری خراپەکارەکانیشدا ڕەنگی دابووەوە، تەنانەت کابرای دز لە کاتی دزییەکەشدا هەر پەنای بۆ پەروەردگار بردووە و هاواری لێکردووە، ئەوەش نیشانەی باوەڕداریی باو و باپیرە کوردەکانمانە بە چاك و خراپیانەوە.

## دووەم: ماناکردنی ئایەتێك، یان فەرموودەیەك.

خاڵێکی سەرەکیی هاوبەش لە نێوان دەقی شەرعی و پەندی پێشیناندا، زمان پاراوی و کورتبڕی و پڕ مانایییە، وەك زانراوە قورئانی پیرۆز لە ڕووی دارِشتنەوە گەورەترین موعجیزەیە، کاتێك عەرەبەکان وتیان بە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم قورئانە خۆت هەڵتبەستەوە، خوای گەورە تەحەددای کردن، وەك لە سێ شوێنی جیاوازدا دەفەرموێت: قورئانێکی لەو شێوە دارێژن یان (دە) سورەت، بەڵکو تەنها سورەتێك، پێغەمبەری ئیسلامیش ﷺ زۆر ڕوون و ڕەوانبێژانە فەرموودەکانی دارِشتوون، کە هەریەکەیان مانای قووڵیان هەیە، خۆیشی فەرموویەتی (**لقد اوتيت جوامع الكلم**)

واتە:کاکڵە و پوختەی قسانم پێ بەخشراوە، هەروەها دەفەرموێت: **(أعطيتُ فواتح الكلام و جوامعه وخواتمه) صحيح.**

ئەم دوو سەرچاوە مەزنەش بوونەتە خەزێنە و پێشینانمان (دوپ) و گەوهەریان لێدەرهێناون و بە زمانی پاراوی کوردی دایانڕشتوونەتەوە، جا ئیدی دەقی ئایەتەکە، یان فەرموودەکە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی کوردی، یان ماناکەیان کراوە بەپەند.

ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی زیادە تێکەڵاو بوون و ئاشنایەتی پێشینانی کوردە بەو دەقە شەرعیانە، لەوانەش:

**١ـ هەقی بزنی کوڵ بەسەر شاخدارەوە نامێنێ**[47]

ئەم پەندە پڕاو پڕ مانای فەرموودەیەکی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێت: **(لتؤدن الحقوق الى اهلها يوم القيامة حتى يقاد للشاة الجماء من الشاة القرناء) أخرجه مسلم؛** واتە: ڕۆژی قیامەت مافی خاوەنەکانیان دەدەنەوە، تەنانەت مافی بزنی کوڵیش لە بزنی شاخدار دەسەنرێتەوە.

سەرنجی وشەکانی (بزنی کوڵ، شاخدار، هەق) بدەین لە پەندە کوردییەکەدا، پاشان بەراوردی بکەین بە **(شاة الجماء شاة القرناء، الحقوق)** لە فەرموودەکەدا.

دەبینین پەندەکە چەندە کاریگەر بووە بەو فەرموودەیە، بەڵکو پڕاو پڕ ماناکەیەتی.

**٢ـ ئەگەر زمان بهێڵێ سەر سەلامەتە**[48]

ئەم پەندە ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچی توشهاتن و گرفتاریی هەیە لە ڕێگەی زمانەوەیە، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی: **(وهل يكب الناس في النار يوم القيامه إلاحصائد السنتهم)**[49] واتە: ئایا خەڵك لە ڕۆژی قیامەتدا هەر بەهۆی زمانییانەوە نییە

---

[47] پەندی پێشینان، شێخ محمد خاڵ ل٨٢.

[48] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ ل١٧١.

[49] القيامة الكبرى عمر سليمان الأشقر ل٢٤٢

کە بە دەما فڕێدەدرێنە ناو دۆزەخەوە، سەرنج بدە پەندەکە راست و رەوان مانای فەرموودەکەی دەربڕیوە، کە هەرچی بەڵایە لە زمانەوە تووشی مرۆڤ دێت.

هەروەها لەسەر زمان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت (من صمت نجا)، واتە: ئەوی بێدەنگە رزگاری بووە.

**٣- بزانە زانست لە کوێ هێلانەی کردووە**[50]

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (اطلب العلم من المهد الى اللحد) واتە: لە بێشکەوە تا گۆڕ لە دووی زانست گەڕێ.

هەروەها دەفەرموێت (طلب العلم فريضة على كل مسلم) صحيح، واتە: گەڕان بە دوای زانستدا لەسەر هەموو مسوڵمانێك پێویستە.

ئەم دوو رستەیە یەك مانایان هەیە و بە ئاشکرا کاریگەریی فەرموودەکان بەسەر پەندەکەوە دیارن.

**٤- ئەوی لای ئاسنگەرەوە بێ، پریشکی بەرئەکەوێ**

بە ئاشکرا دیارە ئەم پەندە لەو فەرمودەوە وەرگیراوە، کە باس لە هاوڕێی چاك و خراپ دەکات، دەفەرموێت (أنما مثل الجليس الصالح وجليس السوء كحامل المسك ونافخ الكير، فحاملُ المسك أما أن يحذيك وأما أن تبتاع منه وأما ان تجد منه ريحا طيبة، ونافِخُ الكير أما أن يحرق ثيابَك، وأما أن تجد منه ريحا منتنة) متفق عليه.

واتە: نموونەی هاوڕێی چاك و هاوڕێی خراپ وەك هەڵگری میسك و ئاسنگەرێك وەهان، جا میسك هەڵگرەکە، یان بەشت دەدا، یان لیێی دەکڕی، یان بۆنێکی خۆشت بۆ دێت، لای کابرای ئاسنگەر، یان جلەکانت دەسووتێنێت، یان بۆنێکی ناخۆشت لێدێت.

---

[50] پەندی پێشینانی شێخ محمدی خال ل٧٦

سەرنجی وشەکانی (ئاسنگەر، پریشك) لە پەندەکەدا و وشەکانی (ونافخ الکیر، یحرق ثیابَك) لە فەرمودەکەدا بدە و بەراوردیان بکە، جگە لە واتای گشتیی هەردوولایان بکە، یەك شتن.

**٤ـ بێعار دای لە دەریا تەڕ نەبوو.**[51]

مەبەست لە کەسی ڕوودار و بێ حەیایە کە هیچ کاری تێناکات، بە هەمان شێوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت (اذا لم تستح فاصنع ماشئت) **رواه البخاري**[52]

واتە: گەر شەرمت نەکرد هەرچیت ویست بیکە.

فەرمودەکەش هەمان مەبەستی هەیە.

**٥ـ تۆڵە بە تۆڵە قازانجی زۆرە**[53]

بە ئاشکرا دیارە ئەم پەندە لە مانای ئەو ئایەتە پیرۆزەوە وەرگیراوە کە دەفەرموێت (ولکم في القصاص حیاة)[54] لە تۆڵە سەندنەوەدا ژیانتان دەستدەکەوێت، یان لە شوێنێکی دیکە دەفەرموێت (جزا سیئة سیئة مثلها)[55]

**٦ـ جارێك خەڵەتاندمت خوا بتگرێ، جاری دووهەم خوا خۆم بگرێ**

ئەم پەندە لەو فەرموودە بەناوبانگەی پێغەمبەری خواوە وەرگیراوە، کاتێك (کافرێکی جنێوفرۆشی مەککەیی) بەدیلی گیراو سکاڵای خۆی گەیاندە پێغەمبەر ﷺ پەیمانیدا جارێکی دیکە دژایەتی موسڵمانان نەکات، ئەویش لەسەر ئەو وادەیە ئازادی کرد، بەڵام وادەکەی نەبردە سەر و کەوتەوە دژایەتی موسڵمانان، تا لە شەڕێکی دیکەدا دووبارە بەدیل گیرا، دووبارە ویستی پێغەمبەری خوا فری و بدات، بۆیە سکاڵای حاڵی خۆی کردەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەویش سکاڵاکەی وەرنەگرت و

---

[51] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خال ل٢٢٣

[52] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خال ل٩٦

[53] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خال ل١٧٠

[54] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خال.

[55] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خال.

فەرمووی (لايلدغ المؤمن من جحر واحد مرتين) واتە: باوەڕدار دوو جار لە کونێکەوە ناگەزرێت.

**٧- بەهەشت لە ژێر پێی دایك و باوکدایە**[٥٦]

ئەم پەندە تەنها باوکەکەی بۆ زیاد کراوە، ئەگەر نا دەقا و دەق مانای دەقێکە کە بەفەرموودە بەناوبانگە و دەفەرموێت (**الجنة تحت اقدام الأمهات**) واتە: بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە.

**٨- خوا دێر گیری سەختگیرە.**[٥٧]

ئەم پەندەش لەو فەرموودەوە وەرگیراوە کە سەبارەت بە ستەمکاران دەفەرموێت **(إن الله ليملي للظالم حتى إذا اخذه لم يفلته) رواه البخاري و مسلم.**

واتە: پەروەردگار مۆڵەتی ستەمکار ماوەیەك دەدات، بەڵام کە گرتی لەدەستی دەرباز نابێت، خوای گەورەش لەم بارەوە دەفەرموێت: **(وَلاَ تَحْسَبَنَّ اللّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ) ابراهيم٤٢.**[58]

٩- خێر بۆ خوێش، نەك بۆ دەروێش

هەندێك کەس بە هەڵە لەم پەندە تێدەگات، وا دەزانێت کە خۆویستی و چاو چنۆکیی تێدایە، کە لەڕاستیدا پڕاو پڕ لەو فەرموودەوە وەرگیراوە کە دەفەرموێت **(دينار أعطيته مسكينا، ودينار أعطيته في رقبة، و دينار أنفقته في سبيل الله، و دينار أنفقته على أهلك، أفضلها الذي أنفقته على أهلك) صحيح عن أبي هريرة.**

---

[56] پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ل١٠١ د.شوکریە ڕەسوڵ.

[57] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ ل١٩٣

[58] پێت وانەبێ خودا لە کردەی زاڵمان بێئاگایە، بەڵام دەیانهێڵێتەوە تا ئەو ڕۆژەی لەوێدا چاو مۆڵەق دەوەستن.

واتە: دینارێك ببیەخشیت بە هەژارێك، دینارێك ببیەخشیت بە ڕزگارکردنی بەندەیەك، دینارێك لە ڕێی خوادا بێت، دینارێکیش بەسەر ماڵ و منداڵدا خەرجی بکەیت، باشترینیان ئەوەیانە بەسەر ماڵ و منداڵدا خەرجت کردووە.

جاران خەڵکی نەدار بەناوی دەروێشییەوە لە نەبوونییا گوند بە گوند گەڕاون و دەستیان پانکردووەتەوە، کابراش کە هەر بەشی خۆی و کەمێك زیادەی هەبووە، بێگومان خێر لەوەدایە بەسەر (خوێش)ی خۆیدا ببیەخشێتەوە، پێش (دەروێش)ە بێگانەکە، جا ئەگەر زۆر بوو با بەشی هەموانی لێبدرێت.

**١٠ـ کاری خێر بە تەعجیل، کاری شەڕ بە تەگبیر**

مەبەست بە (تەعجیل) پەلەکردنە لە چاکەکردندا، خوای گەورە لە بارەی پەلەکردن لە کاری خێردا دەفەرموێت (ومنهم سابق بالخیرات) پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی (خیر البر عاجله) واتە: باشترین کاری خێر ئەوەیە بەپەلە، بکرێت.

**١١ـ کەس بە قەبری کەس ناچێ**[59]

مەبەست کەس تاوانی کەس هەڵناگرێت، ئەمەش چەندین دەقی ئایەت و فەرموودەی لەسەرە، ئەوەیان کە وا دیارە ئەم پەندەی لێوەرگیراوە، ئەم ئایەتەیە (أَلاَّ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى) النجم٣٨.[60]

**١٢ـ لە پاش تەنگانە خۆشییە**[61].

ئەم پەندەش دیارە لە ئایەتی (فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا) الشرح٥.[62] وە وەرگیراوە سەرنجی دەقی (عسر، یسر) لە ئایەتەکە و (تەنگانە و خۆشی) لە پەندەکە بدە.

**١٣ـ مەڕ لە مێگەل دوور بکەوێتەوە گورگ ئەیخوا**[63]

---

[59] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ، ل٢٤٩.

[60] کە کەس تۆباڵی کەسی تر وە ئەستۆ ناگری.

[61] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ، ل٣٨٩.

[62] لەپاش تەنگانە فەرەحانیە.

[63] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ، ل٤٣٣.

فەرموودەکەش دەفەرموێت (إنما يأكل الذئب من الغنم القاصية)[64]. واتە: گورگ لە مەڕی دوور کەوتەوە لە مێگەل، دەخوات.

**١٤ـ ئەگەر زۆر بڵێیت زۆریش هەڵە ئەکەیت**[65] پێغەمبەر ﷺ (من كثر كلامه كثر سقطه) واتە ئەوەی قسەی زۆر کرد هەڵەش زۆر دەکات.

**١٥ـ وڵاخی هەڵەشە زوو خۆی ئەپروکێنێت**[66]

پێغەمبەر ﷺ لە فەرموودەیەکدا سەبارەت بە زیادەڕەوی کردن لە ڕۆچوونە ناو دیندا دەفەرموێت (إن هذا الدين متين، فأوغل فيه بالرفق، فأن المنبت لا ارضاً قطع ولا ظهراً ابقى) واتە: ئەم ئاینە قایمە، بە نەرمیی بچۆرە ناوی، چونکە سواری هەڵەشە ڕێگا زۆر نابڕێت و پشتی وڵاخەکەش هیچ ناهێڵێت.

**١٦ـ ئەمانەتیان دا بە عەردی نەچووە ژێری**[67]

ئەم پەندەش لە ئایەتی سورەتی (الأحزاب: ٧٢) وەرگیراوە کە دەفەرموێت: (إِنَّا عَرَضْنَا الأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا...)[68]

**١٧ـ تەنها خۆر هاوڕێی شەیتانە**[69]

ئەم پەندە دیارە لەو فەرموودەوە وەرگیراوە کە دەفەرموێت (لاتصلوا عند طلوع الشمس، فأنها يطلع بين قرني الشيطان، ولا تصلوا عند غروبها فانها تغرب بين قرني الشيطان) واتە: نوێژ لە کاتی ڕۆژهەڵاتندا مەکەن، چونکە لە نێوان دوو شاخی شەیتانەوە هەڵدێت، نوێژیش لە خۆرئاوابوونیدا مەکەن، چونکە لە نێوان دوو شاخی شەیتانەوە ئاوا دەبێ.

---

[64] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ، ل٥١٧.

[65] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ ل٤٧٠

[66] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ ل٤١٧.

[67] پەندی پێشینان ل٥٢١.

[68] ئێمە ئەم ئەمە ئەمانەتیەمان لە بەرامبەر ئاسمانەکان و زەمین و ئەو هەموو کێوانە ڕانا؛ هیچیان دەخۆیان ڕانەدی بچنە ژێری.

[69] الدرر البهية للأمام الشوكاني، بيروت ١٩٩٣ ص٤٥.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە خۆرپەرستەکان لەوکاتەدا سوجدەیان بۆ خۆر بردوە.

## سێهەم: لە بەکارهێنانی زاراوە شەرعییەکاندا

دیارە هەر بیروباوەڕێك لەناو میللەتێکدا بڵاوبووەوە، زاراوەی تایبەتیەکانی بیروباوەڕەکەش وردە وردە خۆی دەچەسپێنێت، ئایینی ئیسلامیش کۆمەڵە زاراوەیەکی زۆری هەیە کە تایبەتن بە خۆیەوە، وەك (حەڵاڵ، حەرام، فاسق.. ..) ئەم زاراوانە تا ئێستا لەناو گەلە موسڵمانەکاندا چەسپیون و بوونەتە زمانی هەر گەلێك، ئەوانیش لە پێویستی ڕۆژانەی خۆیاندا کاریان پێکردوە، بێگومان کەمی و زۆریشی بەستراوە بە ئەندازەی کاریگەربوونی ئەو گەلەوە بە بیروباوەڕەکەیانەوە.

ئەو دەستەواژە و زاراوانە هەرچەندە تیایاندایە مانای قورس و قوڵیان هەیە و زانایان زۆر خۆیان ماندوو کردووە تا پێناسەیان کردوون، کەچی بە هۆی زیادە بڵاوبوونەوەی ئەو زاراوە و چەمکانەوە، لەناو خەڵکەکەدا زۆر ئاشنایانە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و لە گفتوگۆی ڕۆژانەی خۆیاندا بەکاریان هێناون، باپیرانمان ئەو زاراوە بێگانە (عەرەبی)یانە یان بەشێوەیەك بەکارهێناون، کە وەك کوردییەکی پەتیی لێی تێگەیشتوون.

با سەرنجی ئەم پەندانە بدەین.

١ـ بۆ فاسق گەزۆ ئەبارێ[70]. خوای گەورە ئەفەرموێت : (يَا لَيْتَ لنا مِثْلَ مَا أُوتِيَ قَارُونُ إِنَّهُ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ)القصص٧٩.[71]

---

70 پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ.

71 خۆزگە ئێمەش وەك قارون دەوڵەمەند بایین، ئای لەو بەختەی ئەو هەیەتی.

**٢- بووە بە کورتانەکەی دەجال[72].**

**٣- بسم الله کردن، کاری کەمهێزیە[73].**

**٤- تا فەرز وەستابێ، سوننەت بەتاڵە[74].**

**٥- تا ماڵ وەستابێت بە مزگەوت حەرامە[75]. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (وأبدأ بمن تعول) واتە: لە نزیکەکەتەوە دەست پێبکە.**

**٦- هەزار گوناح و یەك تەوبە[76]. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (التائب من الذنب كمن لا ذنب له) واتە: تەوبەکار لە گوناه وەك ئەوە وایە گوناهی نەکردبێت**

**٧- عوزر لە قەباحەت خراپترە.**

**٨- ڕەمەزانی باش گرت تۆرەی شەشەڵانە.**

هەرچەندە کاریگەریی دەقی شەرعیی بەم پەندانەوە ڕوونە، بەڵام لێرەدا مەبەستی من کاریگەری نییە، بەڵکو خودی ئەو زاراوە و دەستەواژە شەرعییانەن کە بە مەحکەمی جێگەی خۆیان لەناو پەندەکاندا کردووەتەوە، هەرچەندە لە بناغەشدا وشەکان کوردی نین، بەڵام وەها چەسپیون کە هەموو نەخوێندەوارێکی کورد بە سانایی لێیان دەگات، وەك: (فاسق، دەجال، بسم الله، فەرز، سوننەت، حەرام، گوناح، تەوبە، عوزر، قەباحەت، ڕەمەزان، شەشەڵان).

ببینە چۆن ئەم دەستەواژانە کوردێنراون و بوون بە بەشێکی زمانەکەمان، دووبارە سەرنج بدە ئەو پەندانە چەندە کاریگەرن بە دەقە شەرعییەکانەوە.

---

[72] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ.

[73] پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ.

[74] پەندی پێشینان ل١٥٥.

[75] پەندی پێشینان ل٤٨٨.

[76] پەندی پێشینان ل٤٩٦.

## چوارەم: تێڕوانینی شەرعییانە

هەموو دەزانین ئیسلام شەریعەتێکی تێروتەسەلە، لەسەر زۆر لە مەسەلەکان هەڵویستەی کردووە و حوکمی دەرکردووە، بە حەڵاڵ، یان حەرام، جوان، ناشیرین، بوغزاندن، خۆشەویستی.

ئەم بڕیارانەشی بۆ ئەو خەڵکە بووە کە بە ئیسلامەوە پابەندن، جا لەبەر پابەندیی باو و باپیرانمان بەو بەو حوکمە ئیسلامیانەوە، دەبینین ئەو مەسەلانە تەواو بڵاوبوونەتەوە لەسەر زاری خەڵکیی، بە شێوەیەك ئاشنای بوون کە ڕۆژانە لەناو خۆیاندا بەکاریان هێناون، نەك هەر بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکو بۆ نموونەی ئیشی ڕۆژانەی خۆیشیان، با پێش ئەوەی زیاتر لەم بابەتە بدوێین چەند نموونەیەك بهێنینەوە.

١ـ ئایینی ئیسلام باسی بەشی زۆری جولەکە دەکات، کە تەواو تەماحکار و چاوچنۆکن و هەموو ئاواتێکیان پارە کۆکردنەوە و دنیا پەرستییە، ئەم ڕاستیە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش بەسەر جولەکەدا دەچەسپێت، ئەبینین بەشێکی زۆر ملیاردێرەکانی دنیا تا ئەمڕۆش جولەکەن و لەو ڕێگەشەوە کاریگەرییان لەسەر زۆر لە وڵاتانی دنیا بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کردووە، یەکێك لەو ئایەتانەی ئەم ڕاستیە دەخاتە ڕوو سەبارەت بە پارە و دنیاخۆشەویستی جولەکە دەفەرموێت: (وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ) البقرة٩٦.[77]

---

[77] بێگومان دەیانبینی لە هەموو کەس لە دنیادا بۆ ژیانی پاپاترن.

پێشینانیش ئەم چاو چنۆکیەیان چەند ڕوون نیشانداوە کە وتویانە: **(جو لە دین نەبێ، لە خوێن نابێ)**[78] واتە جولەکە ئامادەیە دەستبەرداری ئایین بێت، بەڵام دەستبەرداری هەقی ماددی نابێت.

٢ـ وەك ئاشكرايە لە ئیسلامدا حوكمی دزیكردن دەستبڕینە، كەسێك دزی كرد شایانی ئەوەیە دەستی ببڕێت و تۆڵەی خۆی وەرگرێت.

پێشینانیش نەك بەمە ڕازی بوون، بەڵكو زۆر لایان حەق بووە، بۆ ئەو مەسەلە و تۆڵەسەندنەوە لەهەر تاوانێكی دیكە، وتویانە: **(دەستێ شەرع بیبڕێ ئێشی نییە)**[79] یان خوێنی نیە، لە سورەتی نوردا خوای گەورە دەربارەی ئەوانەی سزای شەرعیان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت، دەفەرموێت: **( وَلَا تَأْخُذْكُم بِهِمَا رَأْفَةٌ) النور٢.**[80]

٣ـ ئیسلام موسڵمانانی وا ڕاهێناوە، لە كاری خێر لە خواوەیە و كاری خراپیش لە خودی مرۆڤ و شەیتانەوەیە، بۆیە لە ئەنجامی هەر كارێكی خراپەدا كە ڕوویدا بێت پێشینان وتویانە :**دەستی شەیتان بشكێ**[81] كە دیارە بەو تێڕوانینە شەرعیانە سەیری كارە خراپەكەیان كردووە كە شەیتان پێی كردوون.

٤ـ یەكێك لە ئەدەبی موسڵمان كەم قسەكردنە لە خێردا نەبێت، چونكە هەر قسەیەك دەیكات لێی بەرپرسە، هەر زووش پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من كان يؤمن بالله واليوم الأخر فاليقل خيراً او ليصمت) واتە: ئەوەی باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی خێر بكات، یان بێدەنگ بێت). خوای گەورە دەفەرموێت: **(لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ)** النساء١١٤.[82]

---

[78] پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ ل١٧٣.

[79] پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ ل٢٤٠.

[80] بەزەی هاتن پێیاندا بێجێیە.

[81] پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ ل٢٤٠.

[82] زۆربەی سرتە و چپەكەیان بەهرەی نییە، جا مەگەر باسی خێرات و كاری ڕەوا و پێكهێنانەوەی مەردم بێت.

سەرنج بدە سەبارەت بەم ئەدەبە ئیسلامییە پێشینان چەندە جوان وتویانە: **(زۆروتن قورئان خۆشە)**[83] واتە قسەی زۆر لە هەموو شتێکدا خراپە، مەگەر قورئان خوێندن، کە بێگومان باشترینی چاکەکانە کە پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ کردووە.

٥ـ هەر لە سەرەتای کۆچی پێغەمبەر و هاوەڵانیەوە بۆ مەدینە، جولەکە بەوە ناسرا بوون فرو فێڵ و ناپاکییان زۆرە بەرامبەر موسڵمانان، چەند جار لەگەڵ مونافیق و بتپەرستەکاندا بەدزیەوە ڕێککەوتن، ئەم خەسڵەتەش بەر لە ئیسلام و تا ئەمڕۆش جولەکەی پێناسراوە، واتە بەرەو ڕوو زۆر باشن و لە پاشەملە ناپاکن، مەسیحییەکان بە پێچەوانەوە کەمتر ئەو خەسڵەتەیان تێدایە، بۆیە پێشینان لەو ڕووەوە وتویانە: **لە ماڵی جو بخۆ و لە ماڵی گاور بنوو**، ئەم پەندە ئاماژەشە ئەو ناپاکییەی کە لە کاتی دەعوەتکردندا جوولەکە دووجار ویستیان پێغەمبەری خوا ﷺ بکوژن[84]. واتە نان لە ماڵی جولەکە بخۆ، چونکە دەوڵەمەندن و گرنگی بە دنیا دەدەن، بەڵام لە ماڵی گاور بنو، چونکە جێگەی متمانەن.

٦ـ لە ئیسلامدا ڕێزی تایبەت لە میوان نراوە، هەمیشە هانی موسڵمان دەدرێت کە لە خزمەتی میواندا بن، یەکێك لە وەسفەکانی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە قورئاندا زۆر بەڕێزبوونیەتی لەگەڵ میواندا، پێغەمبەری ئیسلامیش ﷺ ڕێزی میوان بە نیشانەی ئیمان دادەنێت، کە دەفەرموێت: ئەوەی باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێزی میوانەکەی بگرێت پێشینان بۆ جێبەجێبونی ئەم ڕەفتارە پێشینانمان بە سانایی وتویانە: **میوان دیاریی خوایە**[85].

٧ـ ئایینی ئیسلام وەك بەشێك لە پاکوخاوێنی، بە ئەرکی موسڵمانی داناوە کە نەهێڵێت نینۆکی درێژ بێت، پێغەمبەر ﷺ نینۆککردنی بە بەشێك لە فیترەت پاکی

---

[83] پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ ل٢٦٤.

[84] پەندی پێشینان ل٤٠٧ .

[85] پەندی پێشینان ل٤٤٨ .

داناوە، جا پێشینان بۆ جێبەجێبونی ئەو ئەرکە تێکەڵیان بە مەسەلەیەکی ئەفسانەیی کردووە کە دەڵێن: **نینۆك درێژ بوو شەیتان لەسەری نوێژ دەکات**[86] ئەمەش بۆ ترساندنی مێردمنداڵانە کە نەمێڵن نینۆکیان درێژ بێت، ئەگەرنا شەیتان کەنگێ نوێژی کردووە ؟

**٨ـ هەرکەس لە خەڵکی بگرێتەوە خواش لە ئەوی دەگرێتەوە**[87]

ئەم پەندە دەقی فەرموودەیەکە کە هانی موسڵمان دەدات تا بە دووربن لە ڕژدیی و دەستگرتنەوە، کە ئەمەش بووەتە بنەمایەکی دینیی، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت **(اللهم اعط الممسك تلفاً)** واتە: خوایە ئەوەی دەست دەگرێتەوە تۆش لەوی بگرەوە.

## پێنجەم: شانازیکردن بە ئایینداریيەوە

سروشتی ئاینی ئیسلام وایە، هەر ئەوەندەی پێوەی پابەند بووی، ئیدی نەك تەسلیمبوونی بەڵکو دەبێتە جێگەی شانازیی، گەلی کوردیش پاش پابەندبوونی بە ئیسلامەوە، خۆی بە خانەخوێ داناوە و بە شکۆوە لەو پابەند بوونەی ڕوانیوە، کە بە چەندین شێوە ئەو شانازییەی بە دیندارییەوە ڕەنگیداوەتەوە، بە ڕوونیش لە پەندی پێشیناندا دەریان بڕیوە وەك:

**١ـ نان نانی گەنم و دین دینی محمد**[88].

وەك دەزانین لەسەردەمی کۆندا چەند جۆرە نانێك بووە و نانیش ژەمی سەرەکیی خەڵکیی بووە، ئەگەر تەنها نان هەبوبێت بەس بووە، جۆری نانەکانیش وەك: نانی جۆو نانی زەڕات و نانی گاڵ و نانی بەڕوو، بەڵام باشترینیان نانی گەنم بووە،

---

[86] پەندی پێشینان ل٤١٣ .

[87] پەندی پێشینان ل٤٩٢ .

[88] پەندی پێشینان ل٤٤٦ .

هەروەها جگە لە ئیسلام چەندین ئایین هەبووە، لەناو کورددا، ئایینی مەسیحی، یەزیدیی، کاکەیی.

جا پێشینان بە شانازیەوە دەڵێن: نانێك بۆ خواردن بشێت و مرۆڤ ڕازی بکات تەنها نانی گەنمە و ئایینێکیش بەکەڵك بێت تەنها ئایینی ئیسلامە.. خوای گەورەش دەفەرموێت: (أن الدين عند الله الأسلام).

**٢ـ نوێژکەریت نوورینیت، ئیشکەریت شیرینیت**[89].

مەسەلەکە ڕوونە کە نوێژکەر لای خوا جوانە و پەندەکەش ئاماژەیە بۆ ئەو فەرموودەیە کە دەڵێت: (والصلاة نور) ئیشکەریش لای خەڵك و خواش خۆشەویستە، پێغەمبەری ئیسلام دەستی ئیشکەرەکەی گرت و پێی فەرموو: ئەمە دەستێکە خوا و پێغەمبەری خوا خۆشیان دەوێت، کەواتە، ئەوەی بیەوێت شانازیی بکات و لای خوا و خەڵك جوان و شیرین بێت، دەبێت نوێژخوێن و ئیشکەر بێت.

**٣ـ نوێژ لەسەر داوێنی بکە**[90].

ئەم پەندە بۆ خەڵکێکی پاك و جێی متمانە دەوترێت، ئاماژەشە بۆ ئەوەی نوێژ تەنها لەسەر جێگەی پاك دەکرێت کە لەکەدار و بێنوێژ نەبێت، چونکە یەکێك لە مەرجی دروستیی نوێژ، پاکیی شوێنی نوێژەکەیە.

**٤ـ بانگی محمد بە ئاشکرا خۆشە**[91].

---

[89] پەندی پێشینان ل٤٤١ .

[90] پەندی پێشینان ل٤٥٦ .

[91] پەندی پێشینان ل٤٦٦ .

پەندەکە بۆ دەرخستنی قسەی ڕاست و ڕەوایە، لە لایەکی دیکەوە شانازیکردنە بە ئیسلامەوە، کە ڕاستەقینەیەکی ئەوەندە دیارە، پێویست بە شاردنەوە ناکات، ئاماژەشە بۆ قسە بەناوبانگەکەی عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ ڕازی بێت) کاتێك موسڵمان بوو، بە پێغەمبەری وت: مادام ئێمە لەسەر هەق بین و بتپەرستەکان لەسەر ناهەقن، بۆچی بانگەوازی ئیسلامیی ئاشکرا نەکەین، بۆ دەنگ بەرز نەکەینەوە؟

ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ پێشنیازەکەی قبوڵ کرد و موسڵمانان زۆر پێی دڵخۆش بوون، بە دەنگی بەرزی (الله اکبر) بەرەو کەعبە چوون، خوای گەورە دەفەرموێت: **(فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ) الحجر٩٤.**[٩٢]

**٥- زۆر وتن بۆ قورئان خۆشە**[٩٣].

پێشتریش لەسەر ئەم پەندە دواین، بەڵام لێرەدا لە ڕوویەکی دیکەوە باسی دەکەین: دیارە پێشینان زۆر شانازییان بە قورئان خوێندنەوە کردووەو دەڵێن لە بیستنی بێزار نابین ئەگەر چی زۆر درێژەش بکێشێت.

نموونەی دیکەمان زۆرن لە شانازیکردنی پێشینانمان بە ئیسلامەوە، بەڵام ئەوەندە بەسە تا ئەو حاڵەتە دەربخات، چونکە ئایین هەمیشە شوێنکەوتووانی لەسەر خۆ بە سەربەرز و سەروەر بوون پەروەردە کردووە و قبوڵی نییە موسڵمان بە پابەندبوونەکەی هەست بە کەمی و بچووکیی بکاتەوە، بۆیە لەو پەندانەدا دەبینین چۆن باپیرانمان بە شکۆوە شانازییکردنی خۆیان بە ئایینەوە دەربڕیوە.

---

[92] هەرفەرمانێك بەتۆ دەدرێ، ئاشکرایکەو لەبت پەرستان واز بێنە.

[93] پەندی پێشینان ل٢٦٤ .

## شەشەم: شارەزایی شەرعیی

وەك ئاشکرایە ئیسلام بەرنامەیەکی تێر و تەسەلە، هەرکەسێك کە پێوەی پابەند دەبێت لەسەریەتی ئەوەندەی پێویستی خۆی، لێی شارەزا بێت.

جا بە سەرنجدانێکی بەشێك لە پەندە کوردیەکان تێدەگەین باپیرانمان (لەگەڵ نەخوێندەواریی زۆربەی هەرەزۆریاندا) ئاشنایەتیەکی باشیان لەگەڵ دەق و حوکمە شەرعییەکاندا هەبووە، بە شارەزاییەوە باسی هەندێك لەو حوکم و یاسا ئیسلامییانەیان کردوە، کە نیشانەی ئەوەن ئەوان زانیاری شەرعی پێویستیان هەبووە، چونکە پەندەکانیان لە دەقی بنەمایەکی شەرعیی وەرگرتووە و دووبارە بە بوختی دایانڕشتۆتەوە و دەریانبڕیوە، بۆ نموونە:

**١ـ ناعیلاجی حەرام حەلاڵ ئەکا[94].**

هەرچەندە مانای پەندەکە ڕوونە، بەلام ئەم پەندە بەلگەیە لەسەر شارەزایی پێشینانمان لە حوکمە شەرعییەکان، چونکە ئاشکرایە ئەم پەندە وەرگێڕاوی ڕگەیەکی (اصول الفقه) کە زانایان دایانڕشتوە و فەرموویانە (الضرورات تبیح المحظورات) ناچاریی حەرام حەلاڵ دەکات، جا ئەگەر ئاشنایەتییەکی تەواو نەبێت، لە کوێ ئەو بنەمایە بەو شێوە ناوازەیە بە کوردی دا دەڕێژرێت؟

**ـ تا من وتم بسم الله، ئەو وتی الحمد الله[95].**

[94] پەندی پێشینان ل٤٤٤ .

ئەم پەندە بەو کەسانە دەوترێت کە لەکاتی خواردندا زۆر پەلە دەکەن و بە هەڵپەیەك تێر دەخۆن، پاشان بۆ هەموو کارێکی بە پەلە وتراوە، بەڵام ئەو پێشینەی کە ئەم پەندەی وتووە دیارە بە باشی شارەزایی ئەدەبێکی خواردن بووە لە ئیسلامدا کە لە دەسپێکردندا سوننەتە (بسم الله) بکرێت و لە کۆتایشدا (الحمد الله) دەکرێت.

### ٣ـ گۆشتی ناخوا حەرامە، گۆشتاوی ئەخوا بەتامە[96].

ئەگەر ئەم پەندە لەوەوە هاتبێت، کاتێك دزەکان گۆشتی دزیەکەیان کوڵاند، کەسێك بەحساب دزیکردنەکە بە حەرام دەزانێت و گۆشتەکە ناخوات، کەمێك لە ئاوی گۆشتەکە دەخوات بە پاساوی ئەوەی ئاو حەڵاڵی هەموو کەسێکە، لای پێشینانمان ئەو پاساوە زۆر لاوازە و گرنگ ئەوەیە بەشداریی خواردنەکەی کردووە، ئەگەر بەتامەکەشی بێت، دیارە لە حاڵەتێکی وەهادا ئەو پەندە وتراوە، کە بە پلارەوە و دەڵێت: حەرام هەر حەرامە، جا گۆشتەکە بێت، یان ئاوەکەی، بێگومان ئەم پەندە تەواورێکە لەگەڵ ئەو بنەما فیقهیەدا کە دەڵێت: (ما حرم كثيره فقليله حرام) ئەوەی زۆری حەرام بوو کەمەکەشی هەر حەرامە.

### ٤ـ لە قل هو الله ساتمە ئەکات[97].

ئەم پەندە بۆ کەسی زۆر ناشارەزا وتراوە، ئەوەشی لێوەردەگیرێت هەموو کەسێك دەبێت هەندێك قورئانی لەبەر بێت، ئەگەر چەند سوورەتێکی کورتیش بێت، بە تایبەتی سورەتی (الحمد لله) و (قل هو لله) کە دەبێت هەموو عەوامێك بەرێکوپێکی لەبەری بێت، جا ئەگەر کەسێك (قل هو الله)ی لەبەر نەبێت، بە دڵنیاییەوە زۆر

---

[95] پەندی پێشینان ل٤٨١ .

[96] پەندی پێشینان ل٤٧٠ .

[97] پەندی پێشینان ل٤٠٢ .

دەبەنگە، ئەم پەندە دەربارەی کەسێك وتراوە کە هیچ لە کارێك نەزانێت و هەرەی لە برەی جیا نەکاتەوە.

**٥ـ خەتەنە سوننەتە، نەك لەبنا[٩٨].**

ئەم پەندە دەڵێت هەموو شتێك بە ئەندازەی پێویست با جێبەجێ بکرێت، رۆچون هەڵەیە لە هەموو شتێکدا، بەلام نموونە بە مەسەلەیەکی فیقهیی دەهێننەوە کە ئەویش خەتەنەکردنی منداڵانە کە سوننەتێکی ئیسلامە.

**٦ـ ماڵە برۆ قورئان خۆر بتخوا.**

لە کاتی گرفتی دوولا لەسەر سامانێك، ئەگەر هەردوو لایان بەڵگە و شایەتیان بەدەستەوە نەبوو، سوێند یەکلایی دەکاتەوە، با سوێند خواردنەکەش ناحەق بێت، بۆیە خاوەن حەق شایەتی نەبووە و بەرامبەرەکەی بە سوێند ماڵەکەی ئەبات، ئەم خاوەن حەقە دڵخۆشی خۆی دەداتەوە و دەڵێت: ماڵە برۆ قورئان خۆر بتخوات.

ئەم پەندە ئاماژەیە بۆ ئەو بنەما شەرعییە کە دەفەرموێت: **البينة على المدعي واليمين على من انكر.**

ئەم پەندە بەڵگەیەکی دیکەیە لە شارەزایی پێشینان لەم حوکمە شەرعیە.

**٧ـ تا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە[٩٩].**

هەرچەندە خەڵکێك ئەم پەندە بە هەڵە تێدەگەن و وا دەزانن پێچەوانەی فەرمانەکانی شەریعەتە، بەلام ئەوەی ئەم پەندەی داڕشتووە شارەزاییەکی باشی لە شەریعەت هەبووە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: درهەمێك بۆ ماڵ و منداڵ جەرج بکەیت و درهەمێك بکەیتە خێر، درهەمێکیش لە جیهادا ببەخشیت، ئەوەی بۆ

---

[98] پەندی پێشینان ل٢٠٤ .

[99] قسەی نەستەق و پەندی پێشینان ل٢٠ .

ماڵ و منداڵ خەرج دەکرێت خێری لە هەموویان زیاترە، کەواتە ئەم پەندە بۆ کەسێکە تەنها بەشی خۆی و خێزانەکەی هەبێت، کە خزمەتی ئەوان بۆ ئەو (فرض العین)ە، بەڵام خزمەتی مزگەوت لە ناڕەحەتترین حاڵەتیدا سوننەتە، یان فەرزی کیفایەیە، کەواتە: تا ماڵ وەستابێت بۆ کەسی نەدار، خزمەتی مزگەوت دروست نییە.

## ٨ـ لە دوای مردوو ڕەحمەت چاکە[100].

ئەم پەندە، تێگەشتنێکی شەرعیانەیە لەو ئەدەبە گشتییەی کە ئیسلام بە مافێکی مردووی داناوە لەسەر زیندوو، کە دەفەرموێت: (اذكروا محاسن موتاكم) واتە: چاکەی مردووەکانتان باس بکەن.

## ٩ـ کڵاو لە مزگەوتا بێ بە گۆچان دەرینەهێنی[101].

ئەم پەندە بۆ کەسێك دەوترێت کۆڵ نەدات و لە حەقی خۆی خۆش نەبێت، بەڵکو هەموو ڕێگەیەك بگرێتە بەر بۆ وەرگرتنەوەی حەقی خۆی، بەڵام ئەم مزگەوت و کڵاوە لە چییەوە هاتووە؟

وەك دەزانین مزگەوت جێگەیەکی پیرۆزە و لە هەندێك حاڵەتدا موسڵمانیش دروست نییە بچێتە ناوی، وەك: کە ئافرەت توشی (عادە)ی مانگانە دەبێت، یان ئەگەر پیاو و ژن نوێژیان لەسەر نەبوو لەبەر لەشقورسیی، لەم کاتانەدا دروست نییە بچنە حەرەمی مزگەوتەوە، بەڵام زانایانی ئیسلام دەڵێن دروستە شتێکی دیکە لە دەرەوەی حەرەم بگرن بە دەستەوە و پێویستیەکەی خۆیانی پێدەربهێنن، جا دیارە ئەوەی ئەم پەندەی داڕشتووە ئاگاداری ئەو حوکمە شەرعییەیە، چونکە ئەوانەی وا دەکەن

---

[100] قسەی نەستەق و پەندی پێشینان ل٩٥ .
[101] قسەی نەستەق و پەندی پێشینان ل٧٩ .

کەسانێکن زۆر سورن لەسەر وەرگرتنەوەی شتی خۆیان، هەروەها بە کەسانێکیش وتراوە کە دەست لەحەرام ناپارێزن و بەسەر ماڵی خوای گەورەشەوە ناچن.

**١٠ـ تا فەرز وەستابێ سوننەت بەتاڵە[102].**

ئەم پەندە ئاماژە بۆ ئەو حوکمە شەرعییە دەکات کە دەبێت فەرزەکان پێش سوننەتەکان بکەون، بە تایبەت لە ناو مەلا کوردەکانی خۆماندا وا باوە کەسێك نوێژی فەرزی لەسەر بێت دروست نییە نوێژی سوننەت بکات، تا هەموو فەرزەکان بە قەزا دەگێڕێتەوە.

## حەوتەم: وەرگرتن (اقتباس) لە چیرۆکێکی ئاینی

هەرچەندە پەند برگەیەکی کورتی پڕ مانایە و جێگای باسی دوور و درێژی تێدا نابێتەوە، بەڵام پێشینان بەو ڕەوانبێژی و زمانپاراویە سروشتیە کە هەیان بورە، هاتوون لە چیرۆکە قورئانییەکان، یان ئەو چیرۆکانەی لە فەرمودەکاندا هاتوون، یان ئەوانەی لە مێژووی ئیسلامییدا بیستوویانەو کاری تێکردوون، پەندێکیان لێدەرهێناوە، کە مانایەکی تایبەتیی هەبووە، هەرچەندە هەرگیز ئیشی ئەوان نەبووە لە ئاستی ڕاستی و دروستی چیرۆکەکان بکۆڵنەوە، گرنگ ئەوەیە پاش بیستن و لێوردبوونەوە ئەوان پەندەکەیان لێدەرهێناوە، بۆ نموونە:

**١ـ صەد گوناح و یەك تەویە، یان: تەوبەیەك نەصوح کردبێتی.**

ئەم پەندە کە بە چەند شێوە هاتووە، ئاماژەیە بۆ چیرۆکی ئەو پیاوکوژەی ناو بەنی ئیسرائیلیەکان کە پێغەمبەر ﷺ دەیگێڕێتەوە، نەوەد و نۆ پیاوی کوشتبوو کە

---

[102] قسەی نەستەق و پەندی پێشینان ل١١٢ .

ویستی (تەوبە) بکات و باسی خۆی بۆ پیاوێکی ئایینی گێڕایەوە، ئەویش لەبەر قورسی و زۆری تاوانی، وتی: تەوبەت قبولّ نییە، بۆیە پیاوکوژەکە ئەویشی کوشت، بەلاّم کە چووە لای شارەزایەکی ئایینی دیکە ئەم کە زانی بە ڕاستیەتی، وتی: تەوبەت قبولّە، ئەویش تەوبەیەکی ڕاستەقینە کە نەسیحەتکار بێت (نەصوح) کردی، پاشان کە مرد چووە بەهەشتەوە[١٠٣].

سەیر ئەوەیە لە فۆلکلۆری کوردییدا وشەی (نەصوح) کە بە مانای تەوبەیەکی ڕاست و نەسیحەتکار دێت، وا بلاّوە کە ناوی پیاو کوژەکەیەن، چیرۆکەکەش کەمکردن و زیادەکاریی بۆ کراوە، بۆیە بە کەسێك کە یەکجاریی لە ئیشێك بگەڕێتەوە و نەچێتەوە سەری و بەبیرهاتنەوەی زیاتر پەند وەربگرێت، پێی دەلّێن: تەوبەی نەصوحی کردووە.

بێگومان ئەم دەستەواژەی نەصوحەش کە لەکوردەوارییدا بە ناوی کارەکتەرەکە هاتووە، لەو ئایەت قورئانیە وەرگیراوە کە دەفەرموێت: (ا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا) التحريم٨.[١٠٤]

**٢ـ لە زەمانی قالوبەلاوە هەر وابووە.**

ئەم قسە نەستەقە بۆ مەسەلەیەکی کۆن و دێرین و لە مێژینە دەهێنرێتەوە، ئاماژەیە بۆ ئەو بەسەرهاتەی قورئانی پیرۆز دەیگێڕێتەوە، کە پێش دروستکردنی مرۆڤەکان خوای گەورە شایەتی لێیان وەرگرتووە و لە پێشدا لێی پرسیون: مەگەر من خوای ئێوە نیم (الست بربکم)[١٠٥] ئەوانیش وتویانە: بەلّێ تۆ خوای ئێمەی (قالوا بلى)

---

[103] چیرۆکەکە .......لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە. .

[104] ئەی خاوەن باوەڕان بەرەو خوا بگەڕێنەوە گەڕانەوەی ڕاستو دروست.

[105] الاعراف ١٧.

نموونەکەش زۆر ڕێک لە فۆلکلۆردا بۆ بابەتی لە مێژینەی بڕاوە و باو بەکار هاتووە[١٠٦].

تەواوی ئایەتەکەش لە سورەتی الاعرافدایە کە دەفەرموێت: (وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِن بَنِي آدَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُواْ بَلَى شَهِدْنَا أَن تَقُولُواْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَذَا غَافِلِينَ)الاعراف١٧٢.[١٠٧]

**٣ـ لە غەزای بەدر و حونەین گەڕاوەتەوە.**

بۆ کەسێك دەوترێت کە ئیشێکی زۆر خێرای کردبێت، یان بە پێچەوانەوە ئیشێکی هەڵەی ئەنجامداوە سنگیش دەردەپەڕێنێ و وا نیشان دەدات کارێکی چاکی کردووە، لەوکاتەدا بەرامبەرەکەی بە پلارەوە ئەم پەندەی پێدەڵێت.

دیاریشە کە پەندەکە ئاماژەیە بۆ دوو غەزای گەورە، کە لە ئیسلامدا بە گرنگیی باس کراون، سەیریشە کە ئەو دوو جەنگە هەرچەندە بەرودوا نەبوون، واتە چەند جەنگێکی گەورەو بچووکی دیکە لە نێوانیاندا هەبووە، کەچی لە کوردەوارییدا هەمیشە پێکەوە ناو دەبرێن، بەڵام ئەم پەندە ئاماژەیەکیشی تێدایە بۆ چیرۆکی (حاطب)ی کوڕی ئەبوبەلتەعە، کە بەشداریی شەڕی بەدری کردبوو، کەچی پاشان هەڵەیەکی گەورەی کرد و نامەیەکی نارد بۆ بتپەرستەکانی قوڕەیش کە پێغەمبەری خوا نیازیەتی بێت بۆ فەتحکردنی (مەکە)، لەسەر ئەم هەڵەیە هەندێك لە هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ئیشەی حاطب کردوویەتی ناپاکییە، با ملی بپەڕێنین، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ڕازی نەبوو هیچی پێ بوترێ و فەرمووی وازی لێ بهێنن

[١٠٧] ئەوساش کە پەروەردگاری تۆ لە پشتی نەوەی ئادەم زارۆڕیچی بەرهەم هێنا، لەسەرخۆیان شایەتی هەر بە خۆیاندا. گوتی: من پەروەردگارتان نیم؟ گوتیان: بەڵێ، ئێمە لەوە ئاگادارین. نەگا ڕۆژی ھەڵا بێژن: نەمانزانی.

لەبەر ئەوەی بەشداریی شەڕی بەدری کردووە، ئەو بەشداریکردنە، (ئەوەندە جێگەی شانازییە) هەرکەس کردوویەتی: ئیتر ئازادە چی دەکات.

### ٤ـ لە کوڵە چوارشەممە سوورترە.

ئەم پەندە بۆ کەسێك دەوترێت کە زۆر سوور بێت لە ئەنجامدانی ئیشێك و تەواو ئامادەیی خۆی دەربڕبڕێت بۆی، هەروەها ئاماژەیە بۆ ڕۆژی چوارشەممە کە ئەو ڕۆژەیە گوایەدانی پێغەمبەر ﷺ لە شەڕی ئوحوددا تیایدا شکاوە و خوێن لە کوڵمی هاتووە، گوایە ئەو ڕۆژە چوارشەممە بووە و ڕۆژێکی بەبەرەکەت نییە، بەڵکو سوورە و ڕووداوی خوێنڕێژی تیایدا ڕووی داوە[108]. ئیتر لای پێشینانمان کۆتا ڕۆژی چوارشەممەی مانگی سەفەر ناونراوە کوڵە چوارشەممە و بۆچوونیان وابووە هەرچی کۆتا چوارشەممەی مانگی سەفەرە کوڵ و بچوکن، لەبەر ئەو زیان و ناخۆشیەی لەو ڕۆژەدا بەسەر پێغەمبەری خوادا هاتووە و بریندار کراوە، ئیتر بە بەرەکەت نییە، لە فۆلکلۆردا هاتووە:

**ئەو ڕۆژەی من بووم ڕۆژی خەتەر بوو، کوڵە چوارشەممەی مانگی سەفەر بوو.**

ئەمەش هەرچەندە بنەمایەکی شەرعی نییە، بەڵام پەرۆشی و سۆزی باپیرانمان دەردەخات بۆ پێغەمبەری ئیسلام ﷺ.

### ٥ـ ناوێرێت لە کولەکەی تەڕا بانگ بدات.

ئەم پەندە بۆ کەسێکە نەوێرێت، یان شەرم بکات لە وتنی قسەی هەق، بەڵام ئاماژەشە بۆ سەردەمی نهێنی بانگەوازی ئیسلامیی، گوایە پێش موسڵمان بوونی

---

[108] لە ڕاستیدا لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕۆژی ناپیرۆز و شوم نییە، بەڵام وەك وتمان لە فۆلکلۆردا باسەکان کەم و زیادیان پێدەکرێت .

عومەر، (بیلال) دەمی ناوە بە کولەکەیەکی هەلکۆلراودا و تیایدا بانگی داوە، بۆ ئەوەی دەنگی بەرز نەبێتەوە و کافران نەیبیستن.

هەرچەندە چیرۆکەکە بەو شێوەیە نییە، بانگ یەکەمجار لە شاری مەدینە درا، نەك لە مەککە، بەلام ئاماژەیەکە بۆ نهێنی و ئاشکرانەکردنی بانگەواز لە پێش موسلمانبوونی عومەردا، تا کاتێك ئەو موسلمان بوو، ئیتر بۆ یەکەمجار موسلمانان بە دەنگی بەرزی (الله اکبر) بەرەو کەعبە رۆیشتن.

**٦- خوا لە سولتان مەحمود گەورەترە[١٠٩].**

ئەم پەندەش ئاماژەیە بۆ دەسەلاتدارێتی پەروەردگار کە بەسەر هەموو دەسەلاتە دنیاییەکاندا زالە و بریار ئەوەیە کە ئەو دەیدات.

وەك چۆن ئاماژەشە بۆ ئەو چیرۆکە بەناوبانگە، کابرای دارتاش پیاوانی پاشا (سولتان مەحمود) ئاگاداری دەکەنەوە، کە دەبێت تا بەیانی یەك فەردە ئاردی دار بۆ پاشا ئامادە بکات، یان لە سێدارەی دەدەن، ئەویش بەبێ تاقەتی دەگەرێتەوە بۆ مالەوە و دەزانێت ئەو داواکارییە مەحالە جێبەجێ بکرێت، کەواتە بەیانی لە سێدارە دەدرێت، بەلام کە ژنەکەی لە مەسەلەکە حالی دەبێت، ورەی بەرز دەکاتەوە و دەلێت: پیاوەکە مەترسە تا بەیانی خوا لە سولتان مەحمود گەورەترە، بۆ بەیانی زوو پیاوەکانی سولتان دێن و دەدەن لە دەرگا، دارتاش بە ترس و لەرزەوە دەرگا دەکاتەوە، کەچی پێی دەلێن زوو تابوتێك دروست بکات، چونکە سولتان مەحمود مردووە. ئیدی ئەمە دەبێتە پەند.

کەواتە پێشینان نەك تەنها لە چیرۆکە قورئانی و فەرموودەییەکان، پەندیان دروست کردووە و بەهرەمەند بوون، بەلکو ئاگایەکیشیان لە مێژوو هەبووە.

---

[١٠٩] پەندی پێشینان ل١٩٦ .

## هەشتەم: پابەندبوون

بە شیکردنەوەی بوارەکانی پێشوو، کاریگەریی ئیسلام لەسەر پەندی پێشینانمان بۆ دەرکەوت، بێگومان ئیسلام ڕێبازێکی ئایدیایی تیۆریی ڕووت نییە کە پێشینان پێوەی کاریگەر بووبن، بەڵام جێبەجێیان نەکردبێت، بەڵکو هەر ئەو پەندانە نیشانەی دینداریی و پابەندی باو و باپیرانمانن بە ئیسلامەوە، بەڵام پەندێکی زۆری دیکەمان هەن، کە ڕوونتر پابەندبوونەکەیان زەق دەکاتەوە و حاشاکردن هەڵناگرن، لە نموونەی:

**١ـ حەوت پشتیان لە مزگەوتێکدا نوێژیان نەکردووە**[110].

واتە بە هیچ جۆرێک پەیوەندیی خزمایەتیان نییە، دیارە کە جاران خەڵک کەم بوون، زۆربەی خزمان لە گوندێك، یان چەند گوند و گەڕەکە شارێك پێکەوە دەبوون، زۆرترینی بەیەکگەشتنیان لە مزگەوتەکاندا بوون، ئەگەر کەسێك ویستبێتی کەسێك ببینێت لە کاتی نوێژەکاندا چووەتە مزگەوت، چونکە مەگەر سەرقاڵییەك، ئەگینا هەموو کەس لە نوێژدا حازری مزگەوت بووە، ئەم پەندە بە ڕوونی زیادە پابەندبوونی پێشینانمان بە مزگەوت و نوێژەوە دەردەخات.

**٢ـ داری حەد ئازاری نییە**[111].

[110] (پەندی پێشینانی کورد)، بەرگی دووەم، عەلی مەعروف شارەزووری ل٧٢ .

[111] (پەندی پێشینانی کورد)، بەرگی دووەم، عەلی مەعروف شارەزووری ل٨٥ .

ئەمە پەندە بەڵگەی ئەو پەڕی ملکەچیی و ڕازیبوونە بە بڕیاری شەرعیی، ئەگەرچیش بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی بڕیار لەسەر دراوەکەشدا نەبوویێت، بەڵام مادام بڕیاری شەرعە بەخۆشحاڵییەوە ملی بۆ کەچ کراوە، خودای گەورە دەفەرموێت:

(فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا)النساء٦٥.[112]

### ٣ـ نانێکت داوە لە ڕێی خوادا[113].

بە کەسێك دەوترێت لە بەڵایەکی ترسناك ڕزگاری بوویێت، دەڵێن وا دیارە چاکەیەکی لە ڕێی خوادا کردووە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی پابەندیە، کە خێری زۆر ئەنجامدراوە لە ڕێی خوادا و باپیرانیشمان قەناعەتیان وا بووە کە ئەو خێرە خاوەنەکەی لە بەڵا دەپارێزێت، فەرمودەکەش دەفەرموێت: خێرکردن دەگێڕێتەوە.

### ٤ـ نێتی ڕەمەزان، جەژنی قوربانە[114].

واتە ئەو ڕۆژەی هەفتە کە نێتی ڕۆژووی ڕەمەزان دەهێنرێت، هەمان ڕۆژ جەژنی قوربانیشە، بۆ نموونە ئەگەر یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان شەممە بوو جەژنی قوربانیش شەممەیە.

ئەمە نیشانەی نەك هەر پابەندبوونە بە ڕۆژووگرتنەوە، بەڵکو چاودێرییکردنێکی وردی کاتی دەستپێکردنی دروشمە دینیەکانە و حسابکردنیان و خەڵك فێرکردنیانە بەو شێوە سادەیە.

---

[112] بەلام نەخێر، سوێندەکە بە پەروەردەدی تۆ ئەمانە نابنە خاوەنی بڕوا مەگەر وەختێ کە لە کێشە و هەرای نێوان خۆیانا بتکەنە قازی و لە دڵەوە بە هەر فەرمانێ تۆ بیدەی ڕەزابان بێ و بە تەواوی ملکەچی بن.

[113] (پەندی پێشینانی کورد)، بەرگی دووەم، عەلی مەعروف شارەزووری ل١٩١ .

[114] (پەندی پێشینانی کورد)، بەرگی دووەم، عەلی مەعروف شارەزووری ل١٩٧ .

## بە هەڵەتێگەیشتن لە هەندێك پەند

جار بە جارێك ڕەخنە لە هەندێك پەند دەگیرێن گوایە ڕاست نین، یان هانی ژێردەستەیی دەدەن، یان حەرام و حەلاڵ تێکەڵ دەکات و پلار دەگرنە سوننەتێك، لە ڕاستیدا بە سەرنجدانێکی ورد لە سەرجەم ئەو پەندانە تێدەگەین هەڵە لە تەفسیرکردنەکانیاندا هەیە، نەك لە خودی پەندەکاندا، ئەو بە هەڵە تەفسیرکردنەش لە لایەن مرۆڤەکانەوە هەموو یاسا و ڕێسا ئاسمانی و زەوییەکانی گرتووەتەوە.

ئەوەتانێ قورئانی پیرۆز کە فەرموودەی خوای گەورەیە و لە داڕشتن و مانا و ڕەوانبێژییدا مرۆڤەکان بەرانبەری دەستەوستانن، کەچی زۆرجار بە هەڵە تەفسیری چەند برگە و ئایەتی دەکرێت تا دەگاتە سنووری شێواندن.

سەرنج بدە ئایەتێکی پیرۆزی وەك: (يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ)المائده١٠٥.[115] لە سەردەمی خەلیفە ئەبوبەکری صدیقدا بە هەڵە تەفسیر کراوە و کراوەتە بیانوو بۆ دوورەپەرێزیی و گۆشەگیریی لە جیهاد، تا خەلیفە خۆی مەسەلەکە بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ ڕوندەکاتەوە کە خەڵك بە هەڵە لەو ئایەتە گەیشتوون چونکە بۆ حاڵەتی تایبەتە، نەك وازهێنان بێت لە جیهادکردن.

کەواتە گلەیی دەبێت لە تەفسیری هەڵە یان تێگەیشتنی هەڵە بکەین، نەك لە پەندەکە یان دەقەکان، ئەم تەفسیری بەهەڵەکردنە (یاسا)کانیشی گرتووەتەوە، سەرنج لەو قسە بەناوبانگەی سەرزاری خەڵکی بدە کە دەڵێت: یاسا لاستیکە چۆنت بوێت وا ڕایدەکێشیت، کەواتە پەندیش هەر وایە.

---

[115] ئەی گەلی خاوەن باوەڕان، هۆشتان بە خۆتانەوە بێت، ئەگەر ئێوە بەڕاستی لەگەڵی خوابن و شارەزابن لە ڕێ لادەر زیانتان پێناگەیەنن.

ئەو پەندانەی کە گازندەیان لێدەکرێت، ئەگەر لە جێگەی خۆیاندا بەکار بهێنرێن و حساب بۆ ئەو هەلومەرجە بکرێت کە پەندەکانی تێدا وتراون، دیارە گلەییەکان لەسەریان دەڕوێنەوە.

با چەند نموونەیە لەو پەندانە کە زۆر گلەییان لەسەرە ئاماژە پێبکەین:

**١ـ دەست بگرە بە کڵاوە شڕەی خۆتەوە (با) نەیبا.**

ئەم پەندە ئەگەر بە رەهایی سەرنجی بدرێت، جێگەی گلەییە، چونکە داوای سەر شۆڕ کردن و بێدەنگیی دەکات، بەرامبەر بە چەوساندنەوە و ستەمکاران، بەڵام وەرە هەندێك حاڵەت کە ڕوو دەدات چ چارەیەك هەیە جگە لە جێبەجێکردنی ئەو پەندە! بە نموونە: ئاژاوەیەکی گەورە لەناو گەلێکدا دروست دەبێت، وەك شەڕەکەی نێوان پێشەوا عەلی و خەلیفە معاویە کە زۆر لە هاوەڵان هەق و ناهەقیان بۆ یەکلا نەبووەتەوە، ئەدی چی بکەن باشە؟ یان لە کاتی بوونی (فتنە)، واتە ئاژاوە و شەڕی ناوخۆیی موسڵمانان، مەگەر پێغەمبەر ﷺ هانی موسڵمانان نادات کە لەو حاڵەتانەدا کەنار بگرن و لەو هەرایە بە دوور بن؟ با نموونەیەکی نزیك بهێنینەوە لە کاتی شەڕی یەکێتی و پارتیدا (١٩٩٤–١٩٩٧)، ئەوی هاوکاری هیچ لایەکیانی نەکرد و دەستی گرت بە کڵاوە شڕەی خۆیەوە ئایا ئێستا خۆی بەسەر بەرز نازانێت؟

جگە لەوانەش، کاتێك کە ستەمێکی گەورەتر لە توانای بەربەستکردنی ڕوو دەدات، هەر جوڵانەوەیەك ستەمەکە قورستر دەکات، خۆ ئەو ساتانە دەستگرتن بەو کڵاوە شڕەوە هەم شەرعی و هەم لۆژیکییشە، بە مەجبوری دەبێت بڵێی: **(اجعلوا بیوتكم قبلة)** یان **(یا أیها الذین امنوا علیكم انفسيكم لا یضركم من ضل اذا إهتدیتم).**

**٢ـ کەس ناچێتە قەبری کەسەوە.**

ئەم پەندە هەیە پلاری لێدەگرێت، گوایە داوای گۆشە گیریی و خۆخەریکنەکردن دەکات بە کێشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، خۆ ئەگەر لە ڕواڵەتدا پەندەکە ماناکەی وەها بگەیەنێت، لە ڕاستیدا ئەم پەندە لە ناوەڕۆکدا مانای وایە کە کەسی

نزیکت چەندە خراپەی کرد، بەڵام تۆ دەستت لەو خراپەیەدا نەبوو و هەوڵی ڕێگرتنت دابوو، کەچی سودی نەبوو، ئەوکاتە دیارە تۆ بێتاوانی (ألا تزروا وازرة وزر اخرى).

**٣ـ دەستێك نەتوانیت بیبڕیت، دەبێت ماچی کەیت.**

ئەم پەندەش ئەوەندە نیشانەی چۆکدادان نییە وەك هەندێك وەهای لێکدەدەنەوە، ئەوەندەی خوێندنەوەیەکی لۆژیکیانەیە بۆ هەندێك واقیع! وەك دەزانین لە کاتی بێدەسەلاتی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ستەمکارێکدا، بە درێژایی مێژوو، شۆڕشگێڕان و زانا و دانایان دوو جۆر هەڵوێستیان هەبووە، هەڵوێستی یەکەم: حسابنەکردن بۆ جیاوازیی توانای نێوانیان و مکوڕی لەسەر هەڵوێستی بەگژاچوونەوە تا مردن، وەك: ئیمام حسەین لە بەرامبەر یەزید و عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەشعەث بەرامبەر حەجاج کردیان کە ئەمانە هەمیشە کەمینە بوون و ئەوانەن (عەزیمەت)، یان هەڵبژاردوە، ئیش بەو فەرموودە و دەقە شەرعیانە دەکەن کە هانی چەوساوەکان دەدەن، ڕووبەرووی ستەمکاران بوەستن بۆ نموونە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (**أفضل الجهاد كلمة حق عند سلطان جائر**)، واتە: گەورەترین جیهاد وشەی حەقە بەرامبەر دەسەلاتداری ستەمکار.

بەشی دووەم: ئەوانەن کە ورد دەبنەوە هەردوو ڕووەکەی بێدەنگیی و بەدەنگهاتن لێکدەدەنەوە و بەرژەوەندی گشتیی هەڵدەبژێرن کە ئەمانە زۆرینەن و (ڕوخسەت)، یان هەڵبژاردووە، وەك ئەو هاوەڵەی سەری پاشای ڕۆمی ماچ کرد، بۆ ئەوەی خۆی و دیلەکانی دیکە ئازاد بکات، کە ئەم (سەر ماچکردنە) مەرجی پاشا بوو.

لە ئیسلامیشدا هەردوولا ڕێگەیان پێدراوە و لە مێژووشدا نموونەمان زۆرن، کەواتە ئەگەر نەتتوانی بەرامبەر هێزێکی داپڵۆسێنەر کە لە هەموو ڕوویەکەوە باڵا دەست بوو بەربەرەکانێ بکەیت، جگە لە خۆ ساچاندن تا ڕۆژ دەبێتەوە چاری دیکە چییە؟ ئەو ماچکردنەش واتە: خۆگونجاندن، کە ئەمڕۆ دەبینن لە زۆربەی وڵاتاندا، لایەنە سیاسییەکان پیادەی دەکەن.

**٤ـ بە پیش نییە بە ئیشە.**

خەڵکێك وا دەزانن ئەم پەندە سوکایەتیی بە ڕیش دەکات، کە لە ڕاستیدا پەندەکە لە ناخی واقعێکەوە هەڵقوڵاوە، کە کەسانێکی زۆر بە ڕواڵەت خۆیان زۆر بە دیندار نیشانداوە وەك هێشتنەوەی ڕیش و پرچی درێژ، بەڵام کردەوەیان جۆرێکی دیکە بووە، وێناکردنی ئەو واقیعە بە سانایی لە شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی، عومەر خەیام، نالی، مەحوی.. . دەردەکەوێت، دەبینن ئەوان لەگەڵ مەشرەبی سۆفیگەریی خۆیان و هێشتنەوەی ریشی درێژیش کەچی زۆر بە توندی بەگژ ئەو جۆرە ریشانەدا چوونەتەوە، کەواتە ناوەڕۆك مەرجە، نەك ڕواڵەت **(ان الله لا ینظر الی اجسامکم ولا الی صورکم ولکن ینظر الی قلوبکم واعمالکم) رواه مسلم.** واتە: پەروەردگار لە لەش و ڕواڵەتتان ناڕوانێت، بەڵکو سەیری دڵ و کردەوەتان دەکات، کەواتە هیچ ناشەرعیەك لە پەندەکەدا نەوتراوە، بەڵکو زۆر ڕێکە لەگەڵ دەقە شەرعییەکاندا.

مەولەوی شاعیر لەم ڕووەوە چەند جوانی وتووە:

**ڕیشیٚ لەگەڵ من نەیەتە حزور**

**شەرتە بیتاشم هەتا نەفخی سوور**

زۆر پەندی دیکەی لەم شێوانەمان هەیە کە ئەگەر بە سادەیی سەرنج بدرێن، پێدەچێت بە ناشەرعی، یان دوور لە لۆژێك ناوزەد بکرێن، بەڵام بە وردبوونەوەیەك ڕوون دەبێتەوە کە مانایەکی جوان و بەرزیان هەیە، لە نموونەی:

تا ماڵ وەستابێت مزگەوت حەرامە، خێر بۆ خوێش نەك بۆ دەروێش، تا فەرز وەستابێت سوننەت بەتاڵە...هتد.

## هەڵشاخان بە ئایین و مامۆستایانیی ئاینیدا

پەندی کوردیش هەیە هێرش دەکاتە سەر ئایین و پەلاماری شێخ و مەلاکان دەدات، ئەم ڕستەیە گەر ئێمەش نەیڵێین، دەوترێت، بە تایبەت ئەو سەردەمەی کە بیری چەپ بە تەواوی بەسەر ڕۆشنبیری کوردیدا زاڵ بوو بوو، بە تایبەتی تر ئەو ڕۆشنبیرانەی لە دەرەوە و لە وڵاتی سۆڤیەت دەگیرسانەوە، یان بەو ڕۆشنبیرییە چەپییە کاریگەربوو بوون نموونەشیان لەلابوو.

من پاش ورد گەڕان بە دوای ئەو نموونانەدا و وردبوونەوە لێیان گەیشتمە ئەو قەناعەتەی پێشینانمان بەرامبەر بە دین هەڵنەشاخاون، تەنانەت بەرامبەر بە شێخ و مەلاکانیش دژایەتیان نەکردووە، بە پێچەوانەوە وەك پێشتر دەیان نموونەمان هێناوە کاریگەریی ئایین تەواو دیارە بە پەندی پێشینانەوە، ئەو جۆرە پەندانەش کە بە نموونە دەهێنرێنەوە گوایە دژی باوەڕی ئاینین، یان شێخ و مەلان، دەکرێت بەم شێوانە وەڵام بدرێنەوە:

**١ـ هەندێك پەند بە ڕواڵەت توانج دەگرێت، بەڵام ناوەڕۆکەکەی پیاهەڵدانە، وەك ئەو پەندەی لەسەر مەلا دەڵێن: پارە بدەی مەلا لە مزگەوت دێنیتە دەر**

ئەگەر سەرنجی وردی ئەم پەندە بدەین، دەبینین توێژی (مەلا) دواتوێژی کۆمەڵە کە پارە کاری تێدەکات، ئازاییشە بۆ مەلا، چونکە ئەویش وەك خەڵکەکە خاوەنی غەریزەیە و حەزی لە māددەیە، کەچی ئەوەندە خۆگرە کە نموونەی پێدەهێنرێتەوە، ڕاستە ئەویش حەزی لە پارە هەیە، بەڵام لە دوای هەمووانەوە پارە کاری تێدەکات.

**٢ـ هەندێك پەند گرنگیی مەسەلەیەك ئەورووژێنن، وەك: پارە دین بەرەو دیندەرە[116].**

ئەم پەندانە گرنگیی پارە دەردەخەن کە مرۆڤ بە هۆیەوە دەکرێت دین بباتەوە، یان بیدۆڕێنێت، زەمینەکی دینی تێدا نییە، بەڵکو باس لە بایەخی ماڵی دنیا دەکات کە وریای بین، دەتوانین بەهۆیەوە دین ببەینەوە و بچینە بەهەشت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وریای نەبین دینیمان لێدەستێنێت، چونکە لە خراپەکارییدا بەکاردەهێنرێت.

**٣ـ هەندێك پەند غەیری موسڵمان دایڕشتوون:**

ناشارێتەوە کە گەلی کورد هەمووی موسڵمان نییە بەڵام پەندی پێشینان موڵکی هەموویەتی، دەگونجێت لای بەشە ناموسڵمانەکەی بە تایبەت یەزیدیەکان، وەك دژایەتیکردنی ئیسلام و مەلا لەو شێوە پەندانەیان وتبێ، بە نموونە:

**ـ مەلا وەکو سور ژ خۆکە دلی وی ڕەشە[117].**

**ـ مەلا ڕابوو سەرخانی بانگ دا، سەیێ گوندێ بەهەڤرا دەنگ دا[118].**

**ـ مەلا رابو سەریانا سەگ بەرهەڤا دەنگ دا[119].**

**ـ چاڤێ مەلا چوار نە[120].**

**ـ نەچە ماڵا شێخ و پیرا، کۆ توونە کەڤی حالی فەقیرا[121].**

---

[116] پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ل٨٤ .

[117] پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ل٨٦ .

[118] پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ل٨٧ .

[119] پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ل٨٧ .

[120] پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ل٨٧ .

[121] پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ل٨٧ .

ئەوەندەی سەرنجی ئەم پەندانە دەدەیت دەبینی زیاتر لەناو ئەو خەڵکانە تۆمار کراون کە سەر بە ئایینی یەزیدین، ئەوانەش کە تۆماریان کردوون، وەك قەناتی کوردۆ و ئۆردوخانی جەلیلی لە ناو ئەواندا بوون، بێگومان وەك من چۆن کوردم و موسڵمانم، ئەوانیش کوردن و ئێزیدین و لە نوسینەکانیاندا ئەو مەسەلەیە ڕەنگیداوەتەوە، چونکە لەو جۆرە پەندانە من لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا نەمدیون جگە لای ئەوان، دیارە جیاوازیی ئاین و ئایدۆلۆژیش کاریگەریی خۆیان هەیە، ئەوەتا کەسێکی ئەکادیمی وەك د. شکریە ڕەسوڵ کە یەزیدییش نییە، بەڵکو لە کۆمەڵگەی موسڵماندا پێگەیشتووە، بەڵام لە رووی ئایدیاییەوە بە بیری چەپ کاریگەرە، لە نامەی دکتۆراکەیدا کە لەسەر (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردییە) لە چەند جێگەدا پەندی پێشینان دەبەستێت بە مەسەلەی مارکسیەتەوە و بە تاکە ڕێبازی زانستی دەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە پەندی پێشینان! ئەو دەڵێت: (زۆربەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی تاقیکردنەوە کۆمەڵایەتیی و مێژووییەکانی گەلەوە پەیدا بوون و هەر ئەو تاقیکردنەوانەش یەکەم سەرچاوەیانن، تاکە ڕێگای لێکۆڵینەوەشیان ڕێگای زانستییانەی مارکسیزم ـ لینینزمە، کە ئەمەش بە ڕوونکردنەوە و کردنەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو سەردەمە پێکدێت کە پەندەکەی تێدا پەیدا بووە.)[١٢٢]

دیارە ئەم بیرە مارکسیەی ئەوکاتی دکتۆرە وایکردوە لە نامەی دکتۆراکەیدا کە لە وڵاتی سۆڤیەت وەریگرتووە، لە چەندین جێگا پەلاماری ئاین و شێخ و مەلا بدا کە زۆریان پێویستی نەکردووە، بەڵکو موناسەبەشی نەبووە، بەڵام دیارە ئەو سەردەم و وڵاتەی دکتۆراکەی تێدا هێناوە، هەروەها نووسەرێکی وەك جەلال دەباغ کە

---

[122] د. شکریە ڕەسوڵ پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ١٩٨٤ .

مارکسییەکی توندڕەو بووە، هاوکاری بووە زەمینەکەیان بۆ سازاندوە و هاندەر بوون بۆ ئەو پەلامار و هێرشانە، تا بیکاتە سەر مەلا و شێخەکان.

**٤ـ شایستە نەبوونی هەندێك شێخ و مەلا بە بەرزی پیشەکەیان**

ناکرێت لەوەش نکوڵی بکەین کە هەندێك شێخ و مەلا لە ئاستی هەڵگرتنی پەیامی بەرزی ئیسلامدا نەبوون و ئەوە نەبوون خەڵك چاوەڕوانی لێکردوون، بۆیە کەوا دەرنەچوون، کەوتوونەتە بەر پلاری کۆمەڵگە و بە نموونەی خراپ باسیان کراوە، کاتێك کە شێخ و مەلا ئەو ڕێزە زۆرەیان لێگیراوە، بەهۆی پابەندییان بە ئیسلامەوە، خەڵکێکی نەفس نزم بۆ خۆژیاندن و ناودار بوون، خۆیان بە شێخ و مەلا ناوزەد کردووە، بەڵام ڕەفتاریان پێچەوانەی لاف و گەزاف لێدانیان بووە، دووبارە ئەم جۆرە دەستبڕانەش کەوتوونەتە بەر پلاری کۆمەڵ و ناویان زڕاندوون، یاخود زۆر کەس لەوانە کە باب و باپیرانیان پیاو چاك و روو لە خوا بوون، ئەوانیش بە میراتیی ناوەکەیان بۆ ماوەتەوە، بەڵام خۆیان لەو ئاستەدا نەبوون، بۆیە بوونەتە لەکە بە سەر ناوی شێخ و مەلاوە.

# دووەم: حەکایەتی کوردیی

**پێناسەی حەکایەت**

**جیاوازی نێوان حەکایەت و ئەفسانە**

**کاریگەریی ئیسلام لەسەر حەکایەتی کوردیی**

- دەستپێکی حەکایەتی کوردیی
- ناوەڕۆکی حەکایەتی کوردیی
- قوفڵی حەکایەتی کوردیی

**چەند نموونەیەك لە حەکایەتی کوردیی**

- نموونەی یەکەم: تەوبەی نەسوح
- نموونەی دووەم: پاشای دوورگە
- نموونەی سێیەم: ئەحمەدی دارفرۆش
- نموونەی چوارەم: عابیدە نەزانەکە
- نموونەی پێنجەم: گەورە ئاو ئەڕژێ و بچووك پێی تێ ئەخا

**کاریگەری ئیسلام لەسەر ئەم حەکایەتانە**

- ناوهێنانی خودا و حەمدو سەناکردن
- سوود وەرگرتن لە چیرۆکە ئایینیەکان
- حەکایەتەکان ڕێنماییەکی ئایینین
- دەوڵەمەندکردنی زمانی حەکایەت
- زاراوە و دەستەواژە شەرعییەکان
- هەندێك بیروباوەڕ و حوکمی شەرعیی

- قوفڵی حەکایەتەکان
- گریێ لە حەکایەتەکاندا

**کاریگەربوونی حەکایەتی کوردیی بە چیرۆکە ئایینیەکان**

**پێناسەی حەکایەت**

ڕاز، یان حەکایەت، یان سەرگوزەشتە، بەرەوپێشچوونێکی مێژوویی ئەفسانەییە و لە ڕووی فۆڕم و دارشتنەوە لەو دەچێت، هەرچەندە لە ڕووی کەرەسە و ناوەڕۆکەوە هەندێك جیاوازییان هەیە.[١٢٣]

کەواتە حەکایەت: دارشتنی چەند ڕووداوێکە بە شێوەی گێڕانەوە، کەرەستەکانی لە ژیانەوە وەرگیراوە و ئامانجێك لە گێڕانەوەیدا هەیە، سەرەتا و ناوەڕۆك و کۆتایشی هەیە.

**جیاوازیی نێوان حەکایەت و ئەفسانە**

جیاوازییەکی زەقی نێوان حەکایەت و ئەفسانە ئەوەیە کەرەستەی ئەفسانە لە خەیاڵ و پڕو پوچەوە وەرگیراوە، بەڵام کەرەستەی حەکایەت لە ژیانەوە وەرگیراوە[١٢٤] بە کورتی: جیاوازیی نێوانیان ئەفسانە لە بەرگی خەیاڵیدایە، بەڵام گەلێ چیرۆك بەو چەشنە نین.

## کاریگەریی ئیسلام لەسەر حەکایەتی کوردیی

**دەسپێکی حەکایەتی کوردیی**

وەك وتمان حەکایەت لە دەسپێك و ناوەڕۆك و کۆتایی پێکدێت.

---

123 ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. کامەران موکری ل٤٣. بە دەستکاریەوە

124 لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی. د. عزەدین مستەفا ڕەسول ل٢٤.

ئەگەر سەرنجی زۆرێك لەو حەکایەتە کوردییانە بدەین، لە ناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا دەگێڕدرێنەوە، دەبینین بەشی هەرەزۆریان دەسپێکردنیان بە ناوی خواوە بووە، بە تەنها ناساندنی خوا لە سەرەتای هەر حەکایەتێکدا نەخشی هاوبەشی زەقی سەرەتای حەکایەتە کوردییەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستانە: د. شوکریە ڕەسولٚ دەڵێت: (لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیشدا حەکایەتخوان پێش دەسپێکردن پێشەکیەکی بە ڕستەی جوان و نازدار ڕازاندۆتەوەکە بەم ڕستانە دەستی پێدەکرد! هەبوو نەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندە ڕووڕەشتر نەبوو...)[١٢٥]، ئەمەی دکتۆرە شوکریە ئەگەر زیاتر ناوچەی سۆران بگرێتەوە، بێگومان ناوچەکانی دیکەش بە زاراوەی خۆیان بە هەمان شێوە دەستیان پێکردووە.

لە ناوچەی کرماشان لادێیە کوردەکان بەم جۆرە سەرەتای ڕاز و ئەفسانە دەست پێدەکەن: (یکی بی یکی نوی غیر خدا کسی نەوی).

واتە (یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، جگە لەخوا کەسێ نەبوو.)[١٢٦]

کرمانجی باشووریش دەڵێن: هەبوو نەبوو، چ لە خودێ مەزنتر نەبوو.

لەم پەڕەگرافانەی دکتۆرە شکوریە و عەلی ئەشرەف دەروێشیان و کوردانی کرمانجی باکوریشەوە هێنامانن، جگە لە وەی بە ناوی خوا دەسپێدەکات، دەبینین باس لە گەورەیی زاتی خوا زۆر بە مەزنیی کراوە، لە بەرامبەریشدا، باسی بێدەسەلاتی جگە لە خوا زەقکراوەتەوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە کاکڵەی بیروباوەڕەی ئیسلامییە لە لایان، لە لایەکی دیکەوە چاولێکردنی وتاری دینی پێوە دیارە، کە هەمیشە بە سوپاسی خوا و مەزن ناساندنی پەروەردگار دەسپێدەکات و بە تایبەت لە جومعە و جەژنەکاندا، کە کوردەواریی زۆر پێی ڕاهاتوون.

---

125 حەکایەتی خورافی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە ل٤.

126 (ئەفسانە و ڕازی کوردی)، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، نووسینی عەلی ئەشرەف دەرویشان.

## ناوەڕۆکی حەکایەتی کوردی:

ئەگەر سەرنجی حەکایەتە کوردییەکان بدەین دەبینین، ناوەڕۆکی بەشی هەرەزۆریان لەگەڵ پەیامی دینیدا زۆر کۆك و هاوڕان، وەك بڵێی بەشی هەرەزۆریان بیرۆکەکەیان لە دەقێکی ئایینیەوە وەرگیرابن، هەر هەمووشیان چەندین زاراوە و دەستەواژەی شەرعییان تێدا بەکارهاتوون، بەشێکیشیان دەبینین لە چیرۆکێکی قورئانیی یان فەرموودە، یان ژیانی هاوەڵ و پیاوچاکێکەوە وەرگیراوە، وەك لە نموونەکاندا دەیانبینین.

## قوفڵی حەکایەتی کوردیی:

کاتێکیش حەکایەتەکان کۆتاییان دێت، زیاتر بە دەستەواژەیەکی ئایینی کوردانە دەبڕێتەوە، وەك ئەوەی: زوڵمێك کۆتایی هاتووە، پەروەردگار پاداشتی چاکەخوازیی داوەتەوە، تاوانباری ئابڕوو بردووە، بێدەسەڵاتێکی ڕزگار کردووە، بەو شێوەیە.

بەشێکی حەکایەتەکانیشی بە دوعایەك وەك: (چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز، مەرگتان نەبینم هەرگیزا و هەرگیز)، کۆتایی هاتووە.

بەکورتی: سەرەتا و ناوەڕۆك و قوفڵی حەکایەتە کوردییەکان، بە ئاشکرا گیانی دینداریی باپیرانمان تیایاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمانەش بوونەتە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری پابەندیی پێشینانمان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

## چەند نمونەیەك لە حەکایەتی کوردیی

بۆ زیاتر بەرجەستەبوونی باسەکە و کاریگەرییەکانی ئایین لەسەر حەکایەتی کوردی، وا باشە چەند دەقێك بخەینە ڕوو، من لەو دەیان حەکایەتەی کە بیستومە پێمباش نەبوو هیچیان لێرە بە نموونە بهێنمەوە، تا بە داتاشین، یان لایەنگریی بۆ بۆچوونەکەی خۆم لەو حەکایەتانە سەیر نەکرێت، بەڵکو نموونە بە چەند حەکایەتێکی جیا جیا دەهێنمەوە، کە ئەوانەی گێڕاویانەتەوە هیچیان نە دەناسم و نە بینیومن.

## نمونەی یەکەم: تۆبەی نەصوح

ئەم حەکایەتە نووسەری گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عەلی ئەشرەف دەروێشیان لەسەر زاری ئاسنگەرێکی کرماشانی بیستویەتی و تۆماری کردووە و مامۆستا عەزیز گەردی وەریگێڕاوە.

ئەگەر سەرنجێکی حەکایەتەکە بدەین، وا دیارە ناوەڕۆکی حەکایەتەکە لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی **(يا أيها الذين امنوا توبوا الى الله توبة نصوحاً) الطلاق٨**. ئەم ئایەتە پیرۆزە لەم حەکایەتەدا بەرجەستە کراوە، مانایەکی ئاسانی بۆ کراوە، دەشبینین هەر ناونیشانی حەکایەتەکە (تۆبەی نەسوح)، لە ئایەتەکەدا هەیە **(توبة نصوحاً)**.

## تۆبەی نەصوح

برام سەلامەت بێ، سەرت بگاتە کەشکەشانی فەلەك، چووینە هەرکوێ ڕێ بوو، هەرچیمان هەڵکەند بیر بوو، هەرچیمان کێشا بار بوو، کلیلی بە دەست مەلیکی جەبار بوو.

لە ڕۆژگاری هەرە کۆن کابرایەك هەبوو بەناوی (نەسووح)، ئەم کابرایە هەرچەندە هەوڵی دەدا نانی ژن و منداڵەکانی بە ڕێگایەکی وا پەیدا بکا خوا پێی خۆش بێ، ڕێك نەدەکەوت و ڕێك نەدەکەوت.. تا کار بەوە گەیشت گرانیی باری ژیان و زۆریی ماڵ و منداڵ ناچاریان کرد بە نهێنی لە حەمامی ژنان دەلاکی و ناتری بکا.

بە ڕۆژ کە حەمام دەکرایەوە، بە بەرگی ژنانەوە دەچووە حەمام و خۆی ڕووت دەکردەوە و کیسەیەکی بەبەرکۆیەوە هەڵدەبەست و تا شەودا دەهات و حەمام دادەخرا کاری دەکرد و ئارەقی دەڕشت.

ساڵەهای ساڵ کابرا ئەمە کار و کاسبی بوو، تا قەزاو قەدەر ڕۆژێ کچی پاشا ویستی بچێتە حەمام. حەمامیان ئابلۆقەداو لێ نەگەڕان کەس بێ‌و بچێ. ئینجا بە: لاکەوە! کوێریە! کچی پاشایان بردە حەمام، نەسووحیش لەگەڵ دەلاك و ناترەکانی دی لە ناو حەمام بوو، دوای ئەوەی کچی پاشایان بە لیفکە شووشت، بردیانە حەمامی سارد، لەوکاتەدا لەپڕ قەرەواشی تایبەتی کچی پاشا هاواری لێ هەڵسا: هەی داد و بێداد ئەنگوستیلەی زمروتبەندی گرانبەهای شازادەخانم ون بووە، یەکسەر پەنجەرەی حەمامیان توند داخست و نۆبەتداریان دانا، بڕیار درا هەموو کارەکەرەکانی حەمام بپشکنن.

نەسووح ڕەنگی لە ڕوو پەڕی و هەموو لەشی چرك و هوڕ لەرزی، چونکە ئەگەر بیانپشکنیبایە، دەردەکەوت پیاوە و کاری نابەجێی کردووە.

چ بکەم؟ چ نەکەم؟ چووە ناو خەزنەی حەمام و لە گۆشەیەك خۆی شووشت و لە حاڵی تێمان و بێکەسیدا سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و گوتی: (خودایە، بۆ خاتری محەمەد و ماڵباتی محەمەد لەم مۆتەکەیە نەجاتم بدە.. خودایە، تۆبە! تۆبەی نەسووح قبووڵ بکە، شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ لەم حزەیە بەدواوە دەست لەم کارە هەڵگرم و خەریکی ئیشێکی دیکەبم (یا أرحم الراحمین!).

لەبەر ئەوەی نەسووح لە ناخی دڵ و بەوپەڕی ملکەچییەوە تۆبەی کرد، تۆبەکەی قبووڵ بوو، لەو ساتە یەکێ لە قەرەواشەکان هاواری کرد ئەنگوستیلەکە لە ناو بوخچەی حەمامی شازادە خانم بووە.

لەو کاتە بەدواوە نەسووح ناوبانگی سەند و هەر کەسێك بیویستایە بەڕاستی لە ئیشێکی خراپ پەشیمان بێتەوە و تۆبە بکا، دەیگوت: (خودایە، تۆبەم تۆبەی نەسووح بێ، جارێکی دیکە ئەم ئیشە نەکەم.)[١٢٧]

## سەرنج لەسەر حەکایەتەکە

**١- دەستپێکی حەکایەتەکە:** برام سەلامەت بێ، سەرت بگاتە کەشکەشانی فەلەك، چوینە هەر کوێ رێ بوو، هەرچیمان هەڵکەند بیر بوو، هەرچیمان کێشا بار بوو، کلیلی بە دەست مەلیکی جەبار بوو.

**٢- ناوەڕۆکی چیرۆکەکە:** باس لە کەسێك دەکات کە ژیانێکی درێژی لە گوناهکردندا خەرج کردوە، بەڵام لەکاتی ناڕەحەتییەکی زۆر قورسدا کە هیچ پەنایەکی نامێنێت، لەناخەوە پەشیمان دەبێتەوە و پەنا بۆ پەروەردگار دەبات و خوای گەورەش تۆبەی لێوەردەگرێت.

**٣- ئەو وشە و زاراوانەی لە دەقە دینیەکانەوە وەرگیراون (تۆبەی نەسووح)، (مەلیکی جەبار)، (قەزاو قەدەر)، (خاتری محەمەد)، (یا أرحم الراحمین).**

**٤- قوفڵی حەکایەتەکە:** بەسەرهاتی نەسوح دەبێتە پەند بۆ خەڵك و ناوبانگ دەسێنێت، یەکێك بەراستی بیەوێت پەشیمان بێتەوە دەڵێت: (خودایە، تۆبەی نەسوح بێ).

٥- بیرۆکەی حەکایەتەکە دیارە لەو دەقە ئایینیانەوە وەرگیراوە، یان کاریگەرە بەو دەقە ئایینیانە کە باس لەسەر زەرورەتی گەڕانەوەی گوناهبار دەکەن بۆ لای خوای پەروەردگار، بە تایبەت ئایەتی: **(یاایها الذین امنوا توبوا الى الله توبةً نصوحاً).**

---

[127] ـ تۆبەی نەسوح لە حەکایەتی کوردیدا، بە چەند شێوەیەکی دیکە گێڕاراوەتەوە.

## نموونەی دووەم: پاشای دوورگە

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە پێغەمبەری خۆشەویستر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ ڕوو ڕەشتر نەبوو.. کابرایەك هەبوو ئەحمەدی ناو بوو، باوکی لە کاتی خۆیدا زۆر دەوڵەمەند دەبێ، دوای مردنی ئەحمەد نازانێ چۆن زەرەر دەکا و سەرئەنجام دێتە سەر ساجی عەلی و هەژار دەبێ، ئەحمەد دوو کوڕی جومگەی دەبێت و ناویان مەحمود و محەمەد دەبێ و ژنەکەشی ناوی فاتیمەیە.. ڕۆژێکیان هەرچواریان، خۆیان خڕدەکەنەوە بەو ئومێدەی لەو شارە بچنە شارێ کاری تێدا هەبێ و بتوانن لە ڕێی ئیشکردنەوە ئەو پارەیەی قەرزدارن بیدەنەوە.. ئەو شارە بۆی دەچن، لە پێش دەمیان دەریایە و سواری پاپۆڕ دەبن، لە نیوەی ڕێ پێش ئەوەی بگەنە شارەکە، لە نزیکی دوورگەیەکی ئەو ناوە پاپۆڕەکەیان وەردەگەڕێ و بەهۆی توندی شەپۆلی ئاوەوە هەریەکەیان لە کەنارێکی ئەو دوورگەیە دەکەونەوە، وەختێ نوێژ دادێ.. ئەحمەد دەس نوێژێکی جوان هەڵدەگرێ و دوای نوێژکردن لە خوا دەپاڕێتەوە بیپارێزێت لە هەرچی دڕندەیەکی ئەو ناوەیە.. دەنگێك لە غەیبەوە بانگی دەکا: (ئەحمەد گوێ بگرە، تۆ مادام ئەو مرۆڤە چاك و خاوێن و ئیماندارەی، ژێرەوەی خۆت هەڵدرە، هەمووی لیرەیە). ئەحمەد بە دڵخۆشییەوە دەست دەکا بە هەڵکۆڵینی زەویەکەو تەماشا دەکا ئەو جێگایە پڕاو پڕە لە لیرە، دووبارە دەست بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێ و بەدەم پاڕانەوە دوعا دەکات: (خوایە گیان تۆ دەلیلی داماوانی دەلیلێکم بۆ بنێرە). لەو سەرو حەدە بەلەمێك بەو ناوە گوزەر دەکا، دەستیان لێهەڵدەبڕێ: (هۆ خەڵکینە هۆ). ئەوەندەی پێناچێ بەلەمەکە لادەدا کە دە، دوانزە سەرنشینی تێدا بوو، پێیانی گوت: (ئێوە بۆ نایەن لەم دوورگەیە خانوو دروست

بکەن، من پارەتان دەدەمێ و مووچەی سالێکیشتان لەسەر من بێ). هەمووان خۆشحالی بۆ ئەو پێشنیازە دەردەبڕن و لادەدەن دەست بە ئاوەدانکردنەوەی دوورگەکە دەکەن، پاشان داوایان لێدەکات کە چوونە ئەو شارانەی دی ژنیتان یەکێ نەبووە، نەدارە، یان کرێچیە، با بێتە ئێرە خانووی لەسەر من و خەرجی سالێکی دابین دەکەم، بەمە لە ماوەیەکی زۆر کورت دوورگەکە بووە شارێکی گەورە و ئەحمەد بووە پادشای ئەو دوورگەیە.. فاتێی خێزانی کاتێ خۆی لەگەڵ وەرگەڕانی پاپۆڕەکە، دەکەوێتە سوچێکی دوورگەکە و بۆ لەو ئان و ساتە دەروێشێك بە خۆی و بەلەمەکەیەوە بەو ناوەدا گوزەر ناکا، کاتێك چاوی بە ژنێك دەکەوێ ئەوە لە دەم ئاوەکە کەوتووە، لێی دەچێتە پێش، تەماشای دەکا هێشتا نەمردووە و گیانی لەبەرە، بە پەلە پرووزێ هەڵیدەگرێ و دەیباتە لای خۆی، دوای ماوەیەك لەخۆی مارە دەکا، مەحمود و محەمەدیش لەو ڕووداوە کابرایەك هەڵیاندەگرێتەوە و دەیانباتە شار و لە مالی خۆیاندا بەردەستیان پێ دەکا و نەخۆشیەك دەگرن تا دواجار تەواو لە خۆیان بێزار دەبن، بەیەکەوە بڕیار دەدەن کە مادام ئەوان هەر خزمەتکارن، بچنە شوێنێکی دیکە. گوێبیستی ئەوە بوو بوون پاشایەك لەو دوورگەیە هەیە زۆر دەست و دڵی تێرە و خێرێکی زۆر دەکات، بە بەلەمێك لەو شارە بە دزی دەپەڕنەوە و دەچنە لای و نازانن ئەو پاشایە باوکیانە، داوای لێدەکەن بە خزمەتکاریان قەبوڵ بکا.. ئەحمەد بە قووڵیی تێیان ڕادەمێنێ، یەکسەر دەیانناسێتەوە، بەڵام خۆشی ئاشکرا ناکا، بە زەردەخەنەیەکەوە پێیان دەڵێ: (ئێوە پەیوەندییتان دەبێت بەمنەوە هیچ مەکەن، ئەگەر من ئیشێك، شتێکم پێتان بوو، بانگتان دەکەم). ئەوانیش بەو قسەیە زۆر دڵخۆش دەبن.

ڕۆژێکیان دەروێش دەبێتە میوانی ئەحمەد پاشا و تاوێ، دوان شیعری بۆ دەخوێنێتەوە.. بەرە بەرە مەغریب دادێ، مام دەروێش دەیەوێت بچێتە ماڵ، پاشا داوای لێ دەکا لای بمێنێتەوە.. مام دەروێش دەڵێ: (گەورەم من ژنم بە تەنیاو ماڵمان

لە خواری خوارەوەی ئاواییە، لەو شوێنە تیمساح و جرو جانەوەری زۆر هەیە، من ئاگام لێی نەبێ زۆر دەترسێ، ڕەنگە ئەو شەوە خەو نەچێتە چاوی). پاشا پێی دەڵێ: (ئەگەر مەسەلەکە هەر ئەوەندەیە خەمت نەبێ، من دوو خزمەتکارم هەیە ڕێکوپێکن دەیاننێرمە لای ئاگایان لێبێ). مەحمود و محەمەد دەنێرێتە لای فاتێ، شەو هەردوو کوڕەکە لای دایکیان دادەنیشن کە هیچیان یەکدی ناناسنەوە، مەحمود کە قافی قسەی دێ چ دەکەن و خەڵکی کوێن و دایكو باوکتان کێیە لە سیرێ تا پیوازێ بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە، دەڵێ: (باوکمان ناوی ئەحمەدە و دایکامان فاتێی ناوبوو، لە پاپۆڕێك ویستمان بەرەو ئەو شارە بپەڕینەوە، لە نزیکی ئەو دوورگەیە لە توندی بایەکی تیژ و هەڵگیرسانی شەپۆلی توند و تووڕە، پاپۆڕەکەمان وەرگەڕاو لەو ڕۆژە من و ئەو برایەم نەمانزانی باوکمان چی لێهات و خۆشمان نازانین چۆن ئێمەش هەردووکمان لە نزیك دوورگەکە کەوتینەوە، تا بەڕێکەوت پیاوێك دەمانبینێ و هەڵماندەگرێتەوە). فاتێ بەدەم قوڕگی گریان و فرمێسك ڕشتنەوە پێیان دەڵێ: (ئەو فاتێیەی باسی دەکەن ئەوە منم، من دایکی ئێوەم). هەردووکیان دەنێتە باوەش و دوای تەمەنێك هەردووکیان لە باوەشی دایکیان دەخەون، بەیانی زوو دەروێش دەگەڕێتەوە ماڵ و کە چاوی بەو دیمەنە دەکەوێ بەپەلە دەچێتە لای پادشا و دەڵێ: (قوربان وەرە سەیرکە بزانە خزمەتکارەکانت چییان کردووە، دەستیان کردووەتە ملی ژنم). وەزیری دەستە ڕاست دەڵێ: (گەورەم گەر فەرمان بدەی لە سێدارەیان دەدەم). پاشا دەزانێ کەر لە کوێ تۆپیوە و کوندە لە کوێ دڕاوە دەڵێ: (با بانگیان کەین بزانین چ باسە؟!). هەرسێکیان دێنن، محەمەد و مەحمود و فاتێ، ئەحمەد و فاتێ هەر لە دوورەوە یەکدی دەناسنەوە، بە تاسەوە لە یەکتر ڕادەمێنن.. وەزیر دەڵێ: (قوربان ئەوە چییە، هیچ بووە؟). پادشا دەڵێ: (کوڕە خۆ ئەوە خێزانەکەمە، ئەوانیش کوڕی منن). بەیەك شاد دەبنەوە و مام دەروێش بە پادشا دەڵێ: (من نهێنیەك هەیە حەز دەکەم پێتی بڵێم، کاتێك ئەو ژنەم هەڵگرتەوە بەڵێنم پێیدا هەتا ئەو ڕۆژەی تۆ دەدۆزێتەوە خوشك و برا بین و لە ترس و لۆمەکاری خەڵك من و فاتێ وامان بڵاوکردەوە کە بە شەرعی خوا ژن و مێردی

یەکین، دەنا هەتا ئێستا بە حەرامی دەستم لە دەستی نەکەوتووە، دەك پیرۆزی یەك بن، بە ڕاستی خۆشحاڵ بووم، نەمردم بینیم فاتێ بە ماڵ و منداڵەکانی شاد بۆوە). ئیتر فرمێسکی شادی دەڕێژن. ئەحمەد پاشا لە نۆژەن ئەو پیاوەتیەی مام دەروێش ژنێکی بۆ داخواز دەکاو لەسەر حیسابی خۆی بۆی دەگوازێتەوە و دەیکاتە وەزیر لای خۆی و تا مردن هەموویان بە خۆشی ژیان.. منیش لەولاوە هاتمەوە، کراسەکەم دڕا، هیچم پێ نەبڕا.[١٢٨]

## پوختەی حەکایەتەکە

١- **دەسپێکی حەکایەت:** هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، لە پێغەمبەر خۆشەویستر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ ڕوو ڕەشتر نەبوو.

٢- **پوختەی حەکایەتەکە:** کوڕە دەوڵەمەند لەبەر زەرەری زۆر سەری خۆی و خێزانی هەڵدەگرێت، پاپۆڕەکەیان تێکدەشکێت و هەریەك بەلایەکدا پەرتەوازە دەبن، بەڵام بەهۆی خواناسی و پاڕانەوەیەوە، خوا ڕزگاری دەکات و دەشیکات بە پاشا و پاش چەند ساڵ بە خێزانەکەی شاد دەکاتەوە.

٣- **ئەو دەستەواژانەی لە دەقی ئاینیەوە وەرگیراون:** (دەستنوێژ، غەیب، ئیماندار، دوعا، دەلیلی داماوان، شەرعی خوا، حەرام...).

٤- **بیرۆکەی حەکایەتەکە:** زۆر پێدەچێت لە ژێر کاریگەریی چیرۆکی یونس پێغەمبەردا کە لە قورئاندا هاتووە، داڕێژرا بێت، پاشان وەك هەر حەکایەتێکی دیکە کەم و زیادی لێکرابێت.

٥- **واتای حەکایەتەکە:** پێمان دەڵێت ئەگەر کەسێك بەڕاستی ئیماندار بێت و خواپەرست بێت، هەرچەندە توشی نارەحەتیی بێت، بەڵام پەروەردگار سەریدەخات و کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکات.

---

128 ـ گۆڤاری فۆلکلۆر ژمارە (١٤)

### نموونەی سێیەم: ئەحمەدی دارفرۆش

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ ڕوو ڕەشتر نەبوو، کابرایەك هەبوو ئەحمەدی ناو بوو، هەژار و دەست کورت بوو، بژێوی ڕۆژانەی لەسەر ئەو بڕە دارەی بوو کە لە چیا دەیکرد و دەیهێناوە و دەیفرۆشت.. لە ڕۆژێکی سەرما و سۆڵی زستان بەفرێکی زۆر دەباریێ، لە بێئیشی خۆیدا دەچێتە ناو باخی کۆشکی پاشا و بڕێ دار دەکا و دەیهێنێتەوە و بیفرۆشێت، کاتێ دونیا خۆش دەبێ، باخەوانی پاشا دەچێتە ناو باخەکە و دەنۆڕێ ئەوە چەند دارێ بڕاوە، ئەم هەواڵە بە پاشا دەگەیەنێ و پاشا فەرمان دەدا بکەونە گەڕان و سووڕان بزانن لە چ ماڵێکە، ئەو کەسە بگرن‌و لە سێدارەی دەن، کە ئەم قسەیە دەگاتە دەمی ئەحمەد، لە ترسان سەری هەڵدەگرێ و دەڕواتە شارێکی دی.. دەچێتە مەیدان، کارێك کاسبیەك بکات، دەبینێ ئەوا کابرایەك هاوار دەکا، دەڵێ: (یەڵا کێ یەك مانگ بە دوو لیرەی حەڵاڵ ئیش دەکا.. کێ هەیە یەك مانگ بە دە لیرەی حەرام ئیش بکات). ئەحمەد دوو لیرەی حەڵاڵەکە هەڵدەبژێرێ، لەسەری ئەو مانگەدا کاتێ چاوی بە یەك لە بازرگانەکانی شارەکەی خۆیان دەکەوێ، خۆی دەگەیەنێتە لای و پرسیاری منداڵەکانی لێدەکات.. بازرگانەکە دەڵێ: (زۆر هەژار بوونە و ئێستا سواڵ دەکەن). ئەحمەد گوتی: (باشە دەتوانی لە گەڕانەوەت بۆ ئەو شارە دیارییەکم هەیە بۆ منداڵەکانمی ببەیتەوە؟!). وتی: (من تا نیوەڕۆ لێرە دەمێنمەوە، هەرچیەکت هەیە تا ئەوکاتە ئامادەی بکە و بیهێننە ئێرە بەسەرچاو بە ئەمانەتەوە دەیگەیەنمە جێ). ئەحمەد چووە ناو ئەو خانووەی کابرایەکی سەخی بەخێر دابوویێ.. دوو لیرەکە دێنێ و دەچێتە بازاڕ.. دەکەوێتە چاو گێڕان، بینی ئەوا کابرایەك سندوقێکی پێیە و هاوار دەکا: (یەڵا دەی وەرن.. وەرن بۆ ئەم سندوقە بە دوو لیرەیە، هەر کەسێ بیکڕێ پەشیمانە، هەرکەسێ نەیکڕێ پەشیمانە). ئەحمەد دەڵێ: (وا چاکە بیکڕم.. دەی پشت بە خوا بێگومان جێیەك دەگرێ). سندوقەکەی کڕی و پێچایەوە.. بە

بازرگانەکەی ڕەوان کرد.. بازرگانەکە لە نیوەی ڕێ ئەو سندوقەی لێ دەبێتە مەراق، لە دڵەوە دەڵێ: (ماقووڵ نییە نەزانم ئەو سندوقە چی تێدایە، دەبێ بزانم).

کە سندوقەکە دەکاتەوە تەماشا دەکا دوو بەچکە پشیلەی تێدایە، دەداتە قاقای پێکەنین، دەڵێ: (بەڕاستی کابرایەکی بێ ئەقڵە، لە جیاتی هەموو دەست و دیارییەك بەچکە پشیلە دەنێرێتەوە). لەسەر ڕێی خۆی لادەداتە شارۆچکەیەکی بچووك و دەبێتە میوانی پاشای ئەو شوێنە.. کاتی نانخواردن کابرای بازرگان و پاشا بەیەکەوە دادەنیشن.. سێ چوار یاساوڵ لەبەر دەرگاکە بەدارەوە وەستابوون.. بازرگانەکە بە ئەدەبەوە پرسی: (قوربان هۆی چیە ئەم یاساوڵانە بە دارەوە وەستاون، هیچ هەیە؟!). پادشاکە وتی: (ئیستا نان دێت.. مشك شەرم ناکا ڕاست تێپەڕ دەبێ، ئەو یاساوڵانە پاسیان دەکەن، ئەگینا ڕوو دەکەنە خواردنەکە و لە هیچ ناگەڕێنەوە). بازرگانەکە وتی: (قوربان ئەگەر شتێ بکەم ئەو مشکانە نەوێرن بێنە پێش چیم دەدەیتێ؟!). پاشا وتی: (٥٠٠ لیرەت دەدەمێ). بازرگانەکە لە جێوە هەڵسا چوو سندوقەکەی هێناو کردیەوە، بەچکە پشیلەی بەرەڵای ئەو ناوە کرد، هەر ئەوەندە یەك و دوو جار میاوانديان یەك مشك لەو دەورە نەما.. بە ئیسراحەت نانەکەیان خوارد و دوای لێبوونەوە پادشا (٥٠٠ لیرەی دایە). بازرگانەکە پارەکەی خستە ناو سندوقەکە و قەپاتی کرد، کە ڕۆی و گەییە جێ، تەسلیمی ژنەکەی ئەحمەدی کرد، ژنەکەی ئەحمەد زۆر کەیف خۆش بوو.. بۆ مانگی داهاتوو جارێکی دی بازرگانەکە هاتەوە هەمان ئەو شارەی ئەحمەدی لێبوو، یەکیان دیەوە.. دیسان ئەحمەد چووەوە ماڵ و بەو دوو لیرە سندوقێکی تری پێکڕی کە کابرا هاواری دەکرد: (ئەگەر بیکڕی پەشیمانی، ئەگەر نەیکڕی پەشیمانی). سندوقەکەی ڕەوانە کردەوە.. کابرای بازرگان لە ڕێگە سندوقەکە ددکاتەوە دەنوڕێ ئەوە سێوێکی سووری جوانی لوبنانی تێدایە، سندوقەکە قەپات دەکاتەوە و دەڕوا تا دەکاتە شارێکی ئەو نزیکە و دەبێتە میوانی پادشا، سەیر دەکات ئەوە ماڵی پاشا مشەوەشن، کاتێك پرسیاری ئەو حاڵەتەیان لێدەکا، پێی دەڵێن: (پادشا کچێکی زۆر جوانی هەیە و نەخۆشە.. حەکیم و لوقمان نەماوە نەیهێنینە سەری، چاك نابێتەوە، مەگەر بە سێوی لوبنانی نەبێ ئەو سێوەش

کەس دەستی ناگاتیّ، ئەو سێوە لە شوێنێکە زۆری دەویّ و کەسیش نییە شارەزای ئەو ڕێیە بیّ کە بەرەو لوبنان دەڕوات). بازرگانەکە ڕووی کردە پادشا و وتی: (قوربان ئەگەر من لەو سێوەت بدەمیّ چیم دەدەیتیّ). پادشا وتی: (هەزار لیرەت دەدەمیّ). کابرای بازرگان لە جێوە هەڵسا، سندوقەکەی هێنا و کردیەوە.. سێوەکەی دەرکرد و دایە کچەکە، چاك بۆوە.. پادشا هەزار لیرەی دایێ و ئەویش کردیە ناو سندوقەکە و بە ئەمانەتەوە تەسلیمی ژنەکەی ئەحمەدی کرد.. ژنی ئەحمەد بەو پارە زۆر دڵخۆش بوو.. پارەکەی هێنا خانوویەکی خۆشی پیّ کڕی و چووە ناوی.. بە بازرگانەکەشی وت: (ئەگەر ئەو جارە ڕۆیشتیتەوە و ئەحمەدت بینی، پێی بڵیّ بێتەوە). بازرگانەکە جارێکی دی چووەوە هەمان شار و کە ئەحمەدی بینیەوە پێی وت: (ژنەکەت سڵاو و ڕێزی هەبوو، دەڵیّ با بێتەوە ئەگەر نایەتەوە با تەڵاقم دات). ئەحمەد پرسیاریماڵەکەی لێکرد و ئەویش ناونیشانەکەی پێوت.. ئەحمەد کە کرێی ئەو مانگەی وەرگرت گەڕاوە.. کەوتە ڕیّ، دوای دوو شەو و دوو ڕۆژ بە شەوێکی کەمیّ ناوەخت گەییە مەملەکەتەکەی خۆیان و چووە ئەو خانووەکە بازرگانەکە وەسفی بۆ کردبوو نۆری ئەوا ژنێك لە خانوویەکی گەورە و لە باخچەیەکی خۆشدا ڕاکشاوە مناڵەکانی لە تەکیدانن درێژ بوونە و وایزانی ئەوە ژنی پاشایە، وتی: (نا.. نابیّ ئەوە ژنی من بیّ و ماقوڵ نییە ئەو خانووەش هی بابایەکی فەقیری وەکو من بێت) ویستی بگەڕێتەوە، ژنەکەی بە چاوپێکەوتنی بانگی دەکات: (ئەحمەد وەرە پێش، مەڕۆ من خێزانی تۆم). بەیەك شاد بوونەوە.. ژنەکەی باسی سندوقەکە و ئیشی بازرگانەکەی لە نوکەوە بۆ گێڕاوە.. ئەحمەد دواجار وتی: (یەکیّ ئیشیّ بە حەلاڵی بکات، خوا بەرەکەتی تێدەکات).

## سەرنج لەسەر حەکایەتەکە

**- دەسپێکی حەکایەت:** هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندەی خراپ ڕوو ڕەشتر نەبوو.

**- ناوەڕۆکی حەکایەتەکە:** هەژارێك لە ترسی پاشا سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە دوورە وڵات لە نێوان حەرامێکی زۆر و حەڵاڵێکی کەمدا کاسبی حەڵاڵ هەڵدەبژێرێت، پەروەردگاریش بەو هۆیەوە بە دەوڵەمەندی و بە ماڵ و خێزانی شاد دەکاتەوە.

**- قوفڵی حەکایەتەکە:** یەکێك ئیشێك بە حەڵاڵی بکات، خوا بەرەکەتی تێدەکات.

## نموونەی چوارەم : عابیدە نەزانەکە [129]

لەو سەرە لە ئەشکەوتێکدا پیاوێکی (عابد) و خواناس تەرکی دنیای کردبوو، هەر خەریکی عیبادەت بوو، ڕۆژێك کتوپڕ لەناو بەردەڵانەکاندا پارچەیەك قیر ئەدۆزێتەوە و ئەکەوێتە بیرکردنەوە کە ئەم قیرە چۆن کەوتووەتە ئێرە؟ ئەمە ئەبێ خوا بۆ منی ناردبێ بۆ ئەوەی ئیشێکی پێ بکەم، لە خولیای ئەم بیرەدا ئەبێ لە ئەنجاما دێتە سەر ئەوە ئەڵێ:

من لەو شوێنەدا عیبادەت ئەکەم و تەرکی دنیام کردووە، عیبادەتیش هەتا چەوساندنەوەی زیاتری تیابێ خێری زۆرترە، من دوو چاوم هەیە، دوو چاو ئیسرافە، هەردووکیم بۆچیە، بەیەك چاو ئەتوانم کاروباری خۆم بەڕێوەبەرم ، خواش ئەم قیرەی هەر بۆ ئەوە ناردووە، قیرەکە هەڵدەگرێ و ئەیخاتە سەر چاوێکی و بە قیرەکە چاوێکی ئەبەستێ، ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە نوێژ و عیبادەت ئەکا، ڕۆژێك لە ڕۆژان

---

129 - (ڕشتەی مرواری)، عەلائەدین سەجادی.

عالمێك بەناوبانگیەوە ئەچێت بۆ زیارەتی، سەیر ئەکا چاوێکی بە قیر بەستووە، لێی ئەپرسیٚ ئەوە بۆچی قیرت ناوە بە چاوتەوە؟

ئەڵیٚ: وەڵا ئیسرافە، من تەرکی دنیام کردووە و عیبادەت ئەکەم تاقە چاوێك ئیشی من ئەبا بەرێوە، ئیتر دوو چاوم بۆچیە! ئەڵیٚ: چەند ساڵە وات کردوە؟

ئەڵیٚ: پانزە ساڵە، ئەڵیٚ دەبیٚ نوێژی پانزە ساڵت بگێڕیتەوە، چونکە ئەو چاوەت تەڕ نەبووە و ئاوی لێنەکەوتووە.

## سەرنج لەسەر حەکایەتەکە

**١ـ دەستپێکی حەکایەتەکە:** عابیدێك بە نیازی خواپەرستیی دەچێتە ئەشکەوتێك و تەرکی دنیا دەکات.

**٢ـ ناوەڕۆك:** کابرای عابید لەبەر ئەوەی ڕێگاکەی هەڵەیە و خۆیشی نەزانە، هەرچەندە زۆر خواپەرستیی دەکات، بەڵام ڕەنج بە خەسار دەچێت و خواپەرستییەکەی قبوڵ نابێت.

**٣ـ قوفڵی حەکایەت:** عالمێك دەبێتە ڕابەری عابیدەکە و ڕێگەی ڕاستی نیشاندەدا.

مرۆڤ چەندە لە خوا ترس و خواپەرست بێت، پێویستی بە زانست و شارەزاییە لە دین، ئەگەر نا زەحمەتی زۆری خۆی دەدات و ئاگاشی لەخۆی نییە لە شەرع لادەدات.

## نموونەی پێنجەم

## گەورە ئاو دەڕێژێ، بچووک پێی تێ ئەخا

دەگێڕنەوە دەڵێن: خێزانێکی بەختیار دەبێت، دایك و باوك و تاقە کوڕە منداڵەکەیان، خوا وای لێئەهێنێت دایکە ئەمرێت، باوکە گەنجە تەنها لەگەڵ کوڕەکەی ئەمێنێتەوە و بڕیار ئەدا کە جارێکی دیکە ژن نەهێنێتەوە، ژیانی خۆی تەرخان بکا بۆ خزمەتی ئەم منداڵەی و ببێتە دایك و باوکی.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی، کوڕە گەورە بوو، هەتا کاتی ژن هێنانی، باوکی ژنی بۆ هێنا و منداڵی بوو، باوکە لە خۆشی ئەو منداڵەی کوڕەکەی ئارامی نەبوو، هەر بە کۆڵ منداڵەی ئەگێڕا، ڕۆژێ بوکەی دایکی منداڵە بە مێردەکەی وت: من ناتوانم ئیتر لەگەڵ ئەم پیرە مێردە قرخنەدا بژیم لە ماڵێکدا، ئەبێ بینێریتە شوێنێکی دیکە، یان من، یان ئەو.

مێردەش ئەڵێ: ئافرەت بۆ خاتری خوا باوکم بۆ کوێ بنێرم، تەنها منی هەم، دایکێتی و باوکێتی پێکەوە لەگەڵ مندا نواندووە، لەبەر ئەوەی بێناز نەبم، ژنی نەهێناوەتەوە خۆی تەرخان کردووە بۆ من.

ئەڵێ: پێم وتی: یان من، یان ئەو! کچێ لەلاکەلی شەیتان وەرە خوارێ، من کردم تۆ مەیکە، گوناحە، خوا غەزەبمان لێ ئەگرێ، یان چۆن ڕووم بێت بڵێم بابە بڕۆرە دەرێ، بۆ کوێ بچێ؟ ژنە زۆر ئەکا، کوڕە مەجبوور ئەبێ باوکی ئیزن ئەدا، ئەویش ئەڵێ کوڕم خەفەت مەخۆ کاری خوایە، بەرماڵەکەی هەڵئەگرێت و بەرەو مزگەوت ئەڕوا، لەوێ لە پەنایەکا شەو بەبێ پێخەف ئەنوێ و بە شۆربای خێری خەڵکی و بە کولەمەرگی ئەژی، تا بەینێ زستان یەت، شەوێك تا بەیانی لەسەرما هەڵ ئەلەرزێت و

خەوی لێناکەوێت، بەیانی لە دەرگای ماڵی کوڕە ئەدا ناعیلاج ئەبێ، کوڕە دێتە دەرێ، باوکی ماچ ئەکا و ئەڵێ: ئەموت مەیەرەوە؟ ئەڵێ: کوڕم ئەوە حاڵمە، ئەڵێ: باشە ئەچم پێخەفێکت بۆ یەنم، ئەچێ لێفەشڕێکی بۆ یەنێ، ئەڵێ: ها بابە شەو بیدە بەخۆتدا با سەرمات نەبێت لە مزگەوت، ئەویش بە دڵێکی شکاو و مەلولەوە وەری ئەگرێ و بێنەوەی کوڕە بوێرێت بڵێ وەرە ژوورێ، کوڕەکەم ببینە.

لە پڕ خوا ئەوە ئەخاتە دڵی منداڵەکەوە، ئەڵێ: باپیرە ..باپیرە، مەڕۆ، ئەویش ئەوەستێ، منداڵەکەش ئەچێ کێردێك لە ژوورەوە یەنێت، باوکی ئەڵێ: کوڕم ئەوە چی ئەکەیت؟ ئەڵێ بابە لێفەکە ئەکەم بە دوو کەرتەوە بۆ دوا ڕۆژی تۆ کە من دەرمکردی لە مزگەوتدا بیدە بە خۆتدا، ئیتر باوکە ئەداتە پرمەی گریان و باوەش ئەکا بە باوکە پیرەکەیدا و دەستی ماچ ئەکا، ئەڵێ گەر بشمرم نایەڵم لێمان جیابێتەوە، وەرە ژوورەوە، هەرچەند باپیرە هاوار ئەکات نایەم بە زۆر ئەیباتە ژوورێ، ئیتر هەتا ئەمرێت لەگەڵیان ئەژی.[130]

## سەرنج لەسەر حەکایەتەکە

- **کورتەی حەکایەت:** کوڕێك لەبەر ژنەکەی باوکی دەردەکات و دوایی بۆی دەردەکەوێت هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بۆیە پەشیمان دەبێتەوە.

- **قوفڵی حەکایەتەکە:** پاش جەفا و بێ مروەتی، کوڕ بیر دەکاتەوە و تا مردن دەست لە باوکی بەرنادات.

- **بیرۆکەی حەکایەتەکە:** دەیان دەقی ئایینی هەیە کە هەڕەشەی ڕەنجاندنی باوك و دایك دەکات، دیارە لە بەر ڕۆشنایی ئەو دەقانەدا حەکەیاتەکە ڕێکخراوە.

---

[130] - کتێبی وەرد، پاکیزە حەمەئەمین عەتار

- مانای حەکایەتەکە زەرووڕەتی خزمەتکردنی باوك و دایك و نەڕەنجاندنیان، لە ژیانیشدا مرۆڤ بەری ڕەنجی خۆی دەدورێتەوە.

## کاریگەریی ئیسلام لەسەر حەکایەتەکان و حەکایەتبێژان

من ئەم پێنج حەکایەتەم لەسەرچاوەی جیا جیا وەرگرت لەو دەیان سەرچاوەی کە لەبەر دەستمان، هەیانە نوسەرەکانیان بە زمانی ئەمڕۆ دایانڕشتوونەتەوە.

ئەگەر ئەم پێنج حەکایەتە جیاوازە وەك نمونە وەربگرین لە حەکایەتە کوردیەکان دەتوانین بلێین، کاریگەری ئاینی ئیسلام بەسەریانەوە زۆر ڕوونە لەم ڕوانەوە:

١ـ ناوهێنانی خواو حەمد و سەناکردن لە سەرەتای هەر کار و بارێکدا سوونەتێکی ئیسلامە، دەبینین مامۆستایان لە پێشەکیی هەموو وتارێکدا چاو لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن و بەوە دەست پێ دەکەن، کۆبوونەوەکانیشیان هەروا بووە، هەموو نووسەرە موسڵمانەکان بە ناوی خوا و حەمد و سەنا دەستیان بە نووسین کردووە. دەشبینین سەرجەم حەکایەتەکان ناوبردن و حەمد و سەنای خوا لە سەرەتایاندا هاتووە، ئەو حەکایەتانەش کە لە سەرەتاوە ناوی خوایان پێوە نییە، بێگومان نووسەرەکانیان کورتیان کردوونەتەوە، ئەگەرنا ئەوانیش هەمان قسەی ئێمەیان لا پەسەندە، خاوەنی نموونەی پێنجەم هەر لەو کتێبەیدا دەڵێت: کە حەکایەتخوانەکە دەستی ئەکرد بە گێڕانەوەی حکایەت و سەرگوزشتە، بەم شێوەیە دەستی پێئەکرد. حکایەتخوان ئەیوت: هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە پێغەمبەر خۆشەویستر نەبوو، کەس لە بەندە ڕوو ڕەشتر نەبوو.[131]

هەروەها د. شوکرییە دەڵێت: لە حەکایەتی فۆلکلۆری کوردیشدا حەکایەتخوان پێش دەستپێکردن پێشەکییەکی بە ڕستەی جوان و ئاوازدار ڕازاندووەتەوە، کە بەم

---

131 ودرد پاکیزە حەمەنەمین عەتار.

رستانە دەستی پێکردووە (هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کەس لە بەندە رووڕەشتر نەبوو).

٢ـ حەکایەتی یەکەم (تەوبەی نەسوح) کە لە بنەڕەتدا گێڕانەوەیەکی پێغەمبەری خوایە سەبارەت بە تاوانێکی بەنی ئیسرائیل کە نەوەد و نۆ کەس دەکوژێت و دەیکات بە سەد، بەڵام دوایی تەوبەیەکی ڕاستەقینە دەکات و خوا لێی خۆش دەبێت. ئەم گێڕانەوەیە لە ناو کوردەوارییدا بە چەندین شێوە حیکایەتی لەسەر بنیات نراوە و تێهەڵکێش کراوە لەگەڵ ئایەتی **(یا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا)** تەوبەی نەسوح لەم ئایەتەوە بە چەندین شێوە گێڕراوەتەوە و (نەسوح)یش وەك پاڵەوانی چیرۆك ناوی دەرکردووە.

حەکایەتی دووەمیش زۆر نزیکە لە چیرۆکی یونس پێغەمبەر کاتێك بێ فەرمانی خوا دەکاتو گەلەکەی بەجێهێشتو لە دەریاکەدا نەهەنگ قوتیداو لەو نارەحەتیەدا پەشیمانیی دەربڕی و لە خوا پاڕایەوە پەروەردگار دوعای لێوەرگرت، دیارە چیرۆکی پاشای دوورگە لەو چیرۆکەوە زۆر نزیکە ئەگەر بەراورد بکرێت، وەك لە پەراوێزی حەکایەتەکەشدا روونمان کردۆتەوە، حەکایەتەکانی دیکەش بیرۆکەیان بە روونی دیارن کە لە دەقە ئایینییەکانەوە وەرگیراون.

٣ـ ناوەڕۆکی هەریەك لە حەکایەتەکان لەسەر ڕێنماییەکی دینی دەسووڕێتەوە و جەختی لەسەر دەکاتەوە.

نموونەی یەکەم: لەسەر (تەوبە) نموونەی دووەم: لەسەر گرنگی پاڕانەوە، نموونەی سێیەم: لەسەر ڕۆزیی حەڵاڵ، نموونەی چوارەم لەسەر فێربونی عیلم، نموونەی پێنجەم: لەسەر زەرورەتی ڕێزگرتنی باوك. کە هەموویان لەو ڕێنماییە گرنگانەن ئایینی ئیسلام گرنگی تایبەتی پێداون و دەیان دەق لە قورئان و فەرموودەدا جەختیان لەسەر دەکاتەوە.

٤ـ ئەم زاراوە و دەستەواژە شەرعییانە کە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی هاتوون، پێشینانمان ئەوەندە رۆژانە باسیان کردوون و وتوویانەتەوە، ئیدی بە بێگانە و غەریبە نەماون و هەموو گاوان و شوانێکیش لێیان تێگەشتوون، بەڵگەن لەسەر ئەوەی زمانی کوردی بە ئایینی ئیسلامەوە زۆر دەوڵەمەند بووە، هەروەها نیشانەی پابەندییە پێیانەوە.

٥ـ **زاراوە و دەستەواژەکان:** لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە حەکایەتەکان ئەو نووسەرانەی دایانرشتوونەتەوە، بە زمانی کوردی ئەمڕۆ رێکیان خستووە، ئەگەرنا پێشتر پڕ بووە لە زاراوە و دەستەواژەی ئایینی، بەڵام بەو هەموو تازەگەرییەشەوە هێشتا وشە دینییەکان و زاراوە شەرعییەکان زاڵن بەسەر دارشتنەکاندا، سەرنج یدە لە حەکایەتی یەکەم: مەلیکی جەبار، نەسوح، قەزاو قەدەر، محمد، أرحم الراحیمین، لە حەکایەتی دووهەمدا: (محمد، مەحمود، ئەحمەد، دەستنوێژ، ئیماندار، فاتمە، شەرعی خوا، حەرامی)، لە حەکایەتی سێهەمدا: (حەرام، حەڵاڵ، یاڵڵا، حەکیم، تەڵاق، بەرەکەت)، لە چوارەمیاندا: (عابید، عالم، عبادەت، ئیسراف، نوێژ)، لە دوا حەکایەتیشدا: (گوناح، غەزەب، مزگەوت)، بۆیە هەر لێکۆڵەرەوەیەك سەرنجی تەنها دەستەواژە و وشە و زاراوەکانی ناو ئەم حەکایەتانە بدات، کە نموونەیەکی کەمی حەکایەتی بەرفراوانی کوردین، بێ سێو دوو دەبێت بڵێت ئەم حەکایەتانە کاریگەریی زمانی ئایینی بەسەریاندا زاڵە، هەرگیز لەیەك جیاناکرێنەوە.

٦ـ باسی هەندێك بیروباوەڕ و حوکمی شەرعی لە حەکایەتەکاندا رەنگیداوەتەوە، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەوانەی حەکایەتەکەیان داڕشتووە و دەم بەدەم گێڕاویانەتەوە خاوەنی زانستی شەرعیی بوون و ئاگایان لە حوکمی حەڵاڵ و حەرام هەبووە، وەك لە حەکایەتی یەکەمدا: باس لەوە دەکات کە (نەسوح) کاسبی حەڵاڵی دەست نەکەوت، بۆیە کەوتە کاسبی حەرامکردن، هەروەها ئەو حوکمەشی تێدایە کە مرۆڤ چەند گوناه بکات، بەڵام دەرگای تەوبەی لێداناخرێت، لە حەکایەتی

دووەهەمیشدا، ئەحمەد دەستنوێژێکی جوان هەڵدەگرێت، ئەوجا لە خوا دەپاڕێتەوە، کە ئەوە بەشێکە لە ئەدەبی دوعاکردن لە ئیسلامدا، هەر لەوێشدا باس لە کەرامەت و دوعا وەرگێران دەکات، خوای مەزن دەفەرموێت: (أدعوني أستجب لكم)، پاشان مەسەلەی حەرامی لە نزیکبوونەوەی پیاو و ژن، بە مارەبڕین نەبێت.

هەروەها لە حەکایەتی سێهەمیشدا (ئەحمەدی دار فرۆش) رازی بوون بە کاسبی حەڵاڵ و خواردنی حەڵاڵی کەم باشتر دەزانێت تا کاسبی و خواردنی حەرامی زۆر، کە ئەمە دەقێکی ئاینییە، حەکایەتی چوارەمیش: حوکمێکی شەرعیی باس دەکات کە زانست گەورەترە لە عیبادەت و ئەو حوکمەشی تێدایە کە ئەگەر دەم و چاو بەشێکیشی تەڕ نەبێت دەستنوێژەکە تەواو نییە بۆیە نوێژەکەش بەتاڵە، هەموو حەکایەتەکانیش عەقیدەی ئیسلامییان بە تەواوی تێدا رەنگیداوەتەوە، حەکایەتی پێنجەمیش: زۆر بە خەتەر باسی لە رەنجدانی باوك دەکات، کە چەندین دەقی قورئانی و سوننەتی لە سەرە.

٧- کۆتایی حەکایەتەکان ئەگەر لێیان وردبینەوە بە گەڕانەوە بۆ لای خوا، یان دەستکەوتنی هەندێك لە پاداشتی چاکە، هەر لە دنیادا کۆتاییان هاتووە، واتە: چیت چاند هەر ئەوە دەدوریتەوە، کە ئەمەش بەشێکە لە باوەڕبوون بە پاداشتی دواڕۆژ و بوونی رۆژی پاداشت و سزا و هاتنی رۆژی قیامەت: نەسوح لە حەکایەتی یەکەمدا بە تەوبەی یەکجاری دەبێتە وەلی، ئەحمەد لەبەر خواپەرستیی خۆی و دادپەروەریی و خێر و سەخاوەتەوە لە سەردەمی دەسەڵاتدا، لە حەکایەتی دووەهەمدا بە ژن و منداڵی شاد دەبێتەوە.

لە حەکایەتی سێهەمیشدا دارفرۆشەکە لەبەر ئەوە بەدوای حەڵاڵەوەیە دەوڵەمەند دەبێت، کابرای عابیدیش لەبەر ئەوەی بە رێنمایی شەرعیی عیبادەت ناکا و بە بێ عالم بۆ خۆی فەتوا دەدات، رەنج بە خەسار دەردەچێت، ئەمەیان لە حەکایەتی

چوارەمدا بە دەرکەوت، بەڵام حەکایەتی پێنجەم بەخۆداچوونەوە و گوێگرتن مرۆڤ ڕێگەی ڕاست دەدۆزێتەوە.

**٧ـ گرێ لە حەکایەتەکاندا و کردنەوەیان:** لە حەکایەتی تەوبەی نەسوحدا گەڕان بە دوای دزیی مستیلەکەی کچەی پاشادا دروست دەبێت، کەچی بە تەوبەی نەسوح دەکرێتەوە، لە حەکایەتی پاشای دوورگەدا گرێ بە تێکشکانی پاپۆڕەکەوە دروست دەبێت، بە دوعای ئەحمەد ڕزگاری دەبێت و دەوڵەمەند دەبێت، هەروەها لە خەوتنی دوو کوڕەکە لە باوەشی ژنەکەدا و پێکەوەبوونی دەروێش و فاتیێ گرێ هەیە، بەڵام کە دەردەکەوێت ئەو دووانە کوڕی ژنەکەن و دەروێش دەستنوێژی لە فاتیێ نەشکاوە، گرێکە دەکرێتەوە.

لەو ئیشە هەژارانەی ئەحمەدی دارفرۆشدا پڕە لە گرێ، لە ئەنجامی دەرکەوتنی نهێنی و بەرەکەت، گرێکان لە حەکایەتی سێهەمدا دەکرێنەوە، گرێ لە دنیا تەرککردنی عابیدەکەدایە، بە قبوڵنەبوونی لە ڕووی شەرعییەوە گرێکە کرایەوە، وەك چۆن پاش ئەو هەموو خزمەتەی باوك کەچی کوڕەکەی دەریدەکات بە گرێ دەژمێردرێت، بەڵام بە هێنانەوەی گرێکان دەکرێنەوە.

ئەوی جوانە لەم پرسیار و وەڵامانەدا دەرکەوتنی ئاڕاستە، یان ئادابێکی ئایینییە لە هەریەکە لەو گرێ و کرانەوانەدا.

کەواتە ئەگەر ئەم پێنج حەکایەتە بە نموونە وەربگرین، دڵنیا دەبین لەوەی دەقە ئایینییەکان کاریگەریی تەواویان هەبووە لەسەر فۆڕم و ناوەڕۆکی حەکایەتی کوردی، بە شێوەیەك هەر لەگەڵ خوێندنەوەیاندا دەزانرێت حەکایەتخوانانی پێشینەمان بە کەلتوورێکی ئایینییەوە حەکایەتەکانیان گێڕاوەتەوە.

## کاریگەربوونی حەکایەتی کوردی بە چیرۆکە ئاینییەکانەوە

پێم باشە لە کۆتایی ئەم بەشەدا هەڵوێستەیەك لەسەر پەرەگرافێك لە نووسینە زانستییەکەی پرۆفیسۆر عزەدین موستەفا رەسوڵ بکەین کە دەڵێت: "ئەم چیرۆکە کوردیانە هەر بەرهەمی خەیاڵ نین، بەڵکو زۆرجار چیرۆك و رووداوی مێژوویی دەگێڕێتەوە، بەڵام پێویست نییە و ناشێت کتومت سەرگوزشتەکە بگێڕێتەوە وەك چۆن روویداوە، بەڵکو خەیاڵی چیرۆکبێژ (پشتاوپشت) شتی تازە ئەخاتە سەری و خەیاڵیشی تێکەڵ دەکرێت".

ئەگەر لە سۆنگەی ئەم وتەیەی دکتۆرەوە حەکایەتە کوردییەکان شی بکەینەوە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆریان لە بنەڕەتدا چیرۆکێکی ئایینی بوون، وردە وردە بە پێی تێپەڕبوونی رۆژگار و نەنووسینەوەیان، ئەو چیرۆکانە لێیان زیاد و کەم کراون، بە تایبەتی لە بەسەرهاتی ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ، و هاوەڵەکانی، هەروەها چیرۆکە قورئانییەکان و بەسەرهاتی پێغەمبەران، ئەو چیرۆکە راستەقینانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕاونیەتییەوە لە ژیانی پیاوچاکان و میللەتانی رابردوو، بۆ نموونە حەکایەتی چاڵهەڵکەندنی ئەبوجەهل لە رێگەی هاتوچۆی پێغەمبەردا ﷺ کە هەموو جارێك خۆی تێدەکەوت، یان حەکایەتی چاوکوێرکردنی شەیتان لە لایەن ئیسماعیل پێغەمبەرەوە ﷺ، کاتێك دەیویست لە قسەی بابی دەربچێت و نەهێڵێت بە قسەی بکات، لە بڕیاری سەربڕیندا، یان نەبینینی وەیسی قەرەنی و پێغەمبەری خوا سەرەڕای چەندەها جارە لە هەوڵی بینینی، ئەمانە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە فەرموودە و ژیانی پێغەمبەری ئیسلامدا هاتوون، بەڵام لە حەکایەتەکاندا زیادو کەم کراون، لەسەر ئەو بنەمایەی: هەر باسێك بە سەرزارەکی بگێڕدرێتەوە بۆ یەکتری،

باسەکە وەك خۆی ناگات، هەرچەندە لە سەرەتاوە بە ڕێکوپێکیش دابەزیبێتە خوارەوە.

یان ئەو حەکایەتەی فیرعەون، کە تەلارێکی بەرزی دروست کردووە و لەوێوە تیری گرتووەتە خوای گەورە، کەچی لەو بەرزایەوە کەوتووەتە خوارەوە بۆ ناو چاڵێك پیسایی کە دیارە لە ئایەتی ( **فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَل لِّي صَرْحًا لَّعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ) القصص٣٨**.[١٣٢]

یان حەکایەتی تەوبەی نەسوح کە بە چەندین شێوە لە کوردەوارییدا کراوە بە حەکایەت و گێڕدراوەتەوە.

ئیتر هەر پێشینانمان: بۆ نیشاندان زۆر لە خواترسانی ئەبوبەکر، حەکایەتی بۆنی جگەرماتنیان داڕشتووە کە دراوسێکەی شکاتی لێکردووە لای پێغەمبەری خوا کە چۆن دەبێت ئەبوبەکر گۆشت ببرژێنێت و بەشی منداڵەکانی ئەو نەنێرێت.

یان بۆ ئازایی عومەری کوڕی خەتابیش حەکایەتی دەرچوونی ئاستی میحرابی مزگەوت لە ڕێکی دیوارەکە داڕێژراوە گوایە پێغەمبەر ﷺ پاڵی توند پێوە داوە لە کاتی هاتنی عومەردا بۆ ئەوەی مسوڵمان بێت، گوایە مسوڵمانان هەمووی لێی ترساون جگە لە پێغەمبەری خوا، بەوشێوەیە خۆی لە میحرابەکە توند کردووە.

یان بۆ زیادە دڵسۆزیی و بەهێزیی عەلی کوڕی ئەبوتالیب باسی زللەیەکی دەکرێت لە کابرای جولەکەی داوە، کە بەو زللە ملی پەڕاند، چونکە ویستی پێغەمبەری خوا بە درۆزن نیشان بدات.[١٣٣]

---

[132] ـ سا هامان تۆ خشتی کاڵم لەگڵدا بۆ بحارێنە، قەڵایەکم بۆ دروست بکە، تا لەوێڕا بڕوانمە خوداکەی موسا، کە من تەواو لە فری بێژانی دەزانم.

[133] ئەمانە کە هەموویان وەك چیرۆك لە قورئان و سیرەدا بوونیان هەیە،لە کوردەواریشدا بە دەستکارییەوە کراونەتە حەکایەت، بەڵام لێرەدا دەرفەتی ئەوە نییە حەکایەتەکان بنووسینەوە.

بە کورتی، حەکایەتی کوردەواری فەرموودەی بۆ ئێمە نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو بەهۆی کاریگەربوونی حەکایەتبێژان بە ئایینەوە، دەبینین حەکایەتەکانیان بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ژێر کاریگەریی ئەو دەقە شەرعییانەدان کە باوباپیرانمان لێیان شارەزا بوون و بەسەرهاتەکەیان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان گێڕاوەتەوە، ئەوانیش هەر لەسەر ئەو تان و پۆیانە حەکایەتەکەیان داڕشتۆتەوە تا گەیشتووە بە ئێمە.

ئەوەی گرنگە لەو حەکایەتانەدا بە ئاشکرا کاریگەری دەقە شەرعییەکانن وەك باسمان کرد لە داڕشتنەکاندا دیارن.

## سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز.

٢- تەفسیری قورئانی پیرۆز، هەژار موکریانی.

٣- فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا.

٤- پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ.

٥- لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبی دا، وتارو بیرەوەری، محەمەد رەسول هاوار.

٦- ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار، فاروق رەفیق.

٧- کوردو کوردستان، محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

٨- فەتواکەی مەلای خەتێ، حەسەن مەحمود حەمەکەریم.

٩- کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا، حەسەن مەحمود حەمەکەریم.

١٠- کۆمەڵناسیی، د. حسەین خەلیقی.

١١- سەلیقەی زمانەوانی، د.حسەین محەمەد عەزیز.

١٢- مفاهیم الفلسفةوالاجتماع، احمد خورشید التورەچی.

١٣- روح الدین الاسلامي، عفیف عبدالفتاح الطبارة.

١٤- کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، عەتا قەرەداغی.

١٥- ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، کامەران موکری.

١٦- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، د. عزەدین مستەفا رەسول.

١٧- کاریگەری کەلەپوری کوردی لە شانۆی کوردیدا، د.شوکریە رەسول.

١٨- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، د.شوکریە رەسول.

١٩- حەکایەتی خورافی کوردی لە رووی فۆرمۆلۆژییەوە، د. شوکریە رەسول.

٢٠- چەشنە ئەدەبی و رۆژنامەنوسییەکان و رەنگدانەوەیان لەژیان و ژیندا، هەڤاڵ ئەبوبەکر.

٢١ـ زمانەوانی، پرۆگرامی قۆناغی چوارەمی کۆلێژی زمان.
٢٢ـ مێژوی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەجادی.
٢٣ـ رشتەی مرواری، عەلائەدین سەجادی.

٢٤ـ کاریگەری دەقی ئیسلامی لەسەر پەندی پێشینان، حامد حەمە عەبدوڵلا (دەستنووس).
٢٥ـ القيامة الكبري، عمر سليمان الاشقر.
٢٦ـ الدرر البهية للامام الشوكاني.
٢٧ـ پەندی پێشینانی کورد، عەلی مەعروف شارەزووری.
٢٨ـ ئەفسانەو رازی کوردی، ن: عەلی ئەشرەف دەروێشیان، و: عەزیز گەردی.
٢٩ـ وەرد، پاکیزە حەمەئەمین عەتار.

## گۆڤارەکان

١ـ گۆڤاری بوار.
٢ـ گۆڤاری کەلەپوری کورد
٣ـ گۆڤاری رامان.
٤ـ گۆڤاری هیوا.
٥ـ گۆڤاری فۆلکلۆر.

## زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکـــانی تیشــــک

| ژ | نـــاوی کتێب | نووســــەر |
|---|---|---|
| ١ | بە ئیسلام کردنی کورد ، ماستەر نامە یان هەڵە نامە ؟ | نووسینی : فازل قەرەداغی |
| ٢ | نەزانی و بێشەرمی ، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵە بجەیی لە کتێبی ( سێکس و شەرع و ژن ) | نووسینی : عومەر کمال دەروێش |
| ٣ | ئاشتینامە ، وەڵامێك بۆ ( خوێننامە ) ی زەردەشتی | نووسینی : ئامینە صدیق |
| ٤ | فەتواکەی مەلای خەتێ ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | نووسینی : حسن محمود حمە کریم |
| ٥ | صەلاحەدینی ئەییوبی ، گەورەتر لە رەخنەگرانی ، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئامادەکردنی : ئارام علی سعید |
| ٦ | بەرەو بەختیاری ئافرەت ( بەرگی یەکەم ) | جمال حەبیبوڵلا ( بێدار ) |
| ٧ | ئازادی رادەربرین لە رۆژئاوا ، لە سەلمان رۆشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | نووسینی : د.شەریف عەبدولعەزیم<br>وەرگێرانی : وەرزێر حمە سلیم |
| ٨ | بە جیهانیکردن دیدیکی ئیسلامیی | نووسینی : د. موحسین عەبدولحەمید<br>وەرگێرانی : حمە کریم عبداللە |
| ٩ | کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامدا | نووسینی : حسن محمود حمە کریم |
| ١٠ | بەرەو بەختیاری ئافرەت ( بەرگی دووەم ) | نووسینی : جمال حەبیبواڵلا |
| ١١ | مێژووی دێرینی کوردستان ( کتێبی سێیەم ) | نووسینی : فاضل قەرەداغی |
| ١٢ | سەدەیەك لە تەمەنی نوورین ، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئامادەکردنی : عەبدولدائیم مەعروف هەورامی |
| ١٣ | دەوڵەتی خیلافەت ، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانیەت | نووسینی : ئیکرام کەریم |
| ١٤ | لە سەرگوزشتەکانی ژیان ، ئەدەبی گاڵتەو | نووسینی : شێخ موحەممەد خاڵ |

| | | |
|---|---|---|
| | گەپ ، ڕووداوی مێژوویی ، بیرەوەری | |
| ١٥ | پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ڕامان و سەرنج و پێشنیار | ئامادەکردنی : پرۆژەی تیشك |
| ١٦ | بیست و سێ ساڵ سەروەری | نووسینی : ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>د. صباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| ١٧ | قورئان وەحی ئاسمانە ، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | نووسینی : بەکر حمە صدیق |
| ١٨ | ئیسلام و سیاسەت ، لێکۆڵینەوەیەك لە مەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت | نووسینی : ئارام قادر |
| ١٩ | سوپای ئەییوبیان لە سەردەمی سەلاحەدیندا پێکهاتنی ، ڕێکخستنی ، چەکەکانی ، هێزی دەریایی و شەڕ و جەنگە گرنگەکانی | نووسینی : پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسین<br>وەرگێڕانی : عوسمان علی قادر |
| ٢٠ | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | نووسینی : عەبدوا ڕەحمان ئەجمەدین |
| ٢١ | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستیەکاندا | نووسینی : د.کاوە فەرەج سەعدون |
| ٢٢ | یەکەمین دەستووری نوسراو لە جیهاندا ، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) | نووسینی : موحەممەد حەمیدوڵلا<br>وەرگێڕانی : شوان هەورامی |
| ٢٣ | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی ، وەڵامێك بۆ کتێبی ( ئیسلامناسی ) علی میرفطروس | نووسینی : ئیکرام کەریم |
| ٢٤ | بەرەو بەختیاری ئافرەت<br>(بەرگی سێیەم ) | نووسینی : جمال حبیبوڵلا<br>(بێدار) |
| ٢٥ | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عبدول عەزیز حەبیبوڵلا |
| ٢٦ | دورگەی بیناسازان ، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچوکی ئەم ئەوە نوێیە | نووسینی : د.عبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان<br>وەرگێڕانی : ئامینە صدیق عبدواعەزیز |
| ٢٧ | زمانی گەردەلوول ، خەونی شنە با کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر ، فەرهەنگ ، زمان ، تەسەووف ، ڕۆژهەلاتناسی ، ژن ، ڕەخنەی ئەدەبی ، ڕووناکبیر و دەسەلات | فەرهاد شاکەلی |
| ٢٨ | هەڵەبجە ١٨٨٩ — ١٩٣٠ لێکۆڵینەوەیەکی | نووسینی : عادل صدیق |

| | | |
|---|---|---|
| | مێژوویی سیاسییه | |
| ٢٩ | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | نووسینی : عەبدولڕەحمان بەدری<br>وەرگێڕانی : وەرزێر حمەسەلیم |
| ٣٠ | فەرمووده هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی : حمەکەریم عبدللا |
| ٣١ | مەلا ئیدریسی بەدلیسی ، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا | نووسینی : حسن محمود حمە کەریم |
| ٣٢ | شێخ مەحمودی حەفید ( ١٩٢٢ — ١٩٢٥ ) | نووسینی : ئومێد حمە ئەمین |
| ٣٣ | ئیسلام لەبەردەم دوڕیاندا | نووسینی : لیوبو لدڤایس<br>وەرگێڕانی : عبدول حسین |
| ٣٤ | ڕامیاری لە ئیسلامدا | نووسینی : ئەحمەد کاکە محمود |
| ٣٥ | وەڵامی پرسیارەکان ، ڕەواندنەوەی کۆمەڵێك گومان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام | نووسینی : د.کەریم ئەحمەد |
| ٣٦ | مرۆڤ و پەیامداری | نووسینی : قانع خورشید |
| ٣٧ | سەید قوتب ، لە هاتنە دنیاوە تا شەهید بوون | نووسینی : د. صلاح عبدول فتاح ئەلخالیدی<br>وەرگێڕانی : تارق ئەجیب رشید |
| ٣٨ | عوسمانی کوڕی عەففان ، کەسایەتی و سەردەمەکەی | نووسینی : علی موحەمەد سەللابی<br>وەرگێڕانی : حەمید موحەمەد عەبدوللا |
| ٣٩ | خوانی ڕووح ، توێژینەوەیەکە دەربارەی گەورەیی و پیرۆزی نوێژ | نووسینی : مەلا ئەحمەدی شەریعە |
| ٤٠ | ئەلفبێی لاتینی .. زمانی ستاندارد | ئامادەکردنی : ڕەوشت محەمەد |
| ٤١ | بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی ( بەرگی یەکەم ) | نووسینی : د.صباح بەرزنجی |
| ٤٢ | پوختەیەك دەربارەی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی ئیسلامی | نووسینی : ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی |
| ٤٣ | دەروازەیەك بۆ زانستەکانی قورئان | نووسینی : ئیکرام کەریم |
| ٤٤ | بیرەوەرییەکان دەبنە گرنگ ، دیمانەی مامۆستای دێرین ئەحمەد سەعید | ئامادەکردنی : ئەحمەد حسین ئەحمەد |
| ٤٥ | گە نجینەکانی دورگەی بیناسازان | نووسینی : د.عەبدول حەمید ئەبوسلێمان<br>وەرگێڕانی : بوشرا صدیق عەبدول عەزیز |
| ٤٦ | فرێ فرێ قەل فرێ | نووسینی : مەلا محەمەدی جەلی کۆیی ( مەلای گەورە )<br>قانع حورشید پێشەکی بۆ نووسیوە و ڕێکیخستۆتەوە و |

| | | |
|---|---|---|
| | | پەراوێزی بۆ داناوە |
| ٤٧ | کۆچ<br>کۆمەڵە چیرۆکێکی کۆمەلایەتییە | نووسینی : یوسف حاجی ئەحمەد<br>وەرگێڕانی : کاوە محەمەد شاربازێڕی |
| ٤٨ | پەروەردەی مندالان لە ئیسلام دا<br>( بەرگی یەکەم ) | نووسینی : د. عەبدوللا ناصح عەلوان<br>وەرگێڕانی : ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٤٩ | ئیمام حەسەن بەننا ١٩٠٦ – ١٩٤٩ | نووسینی : مصطفی محمد الطحان<br>وەرگێڕانی : محمد عبدالرحیم |
| ٥٠ | مێژووی کوردەکانی جەزیرە<br>٤٤٧ – ٦٥٦ ك | نووسینی : ئومێد بەهرامی ئیا<br>وەرگێڕانی : عبدالرحیم معرفتی |
| ٥١ | ئایە خوا کچی هەیە ؟<br>وەلامێك بۆ ( کچانی خوا ) | نووسینی : ڕوقیە صدیق عبدالعزیز |
| ٥٢ | گەشتی قیامەت | نووسینی : ناصح ئیبراهیم سازانی |
| ٥٣ | بیری ئوسوولیی ئیسلامی ( لە نێوان<br>خوێندنەوە و نەخوێندەواریدا ) | فاضل قەرەداغی |
| ٥٤ | دەروازەیەك لە مەڕ کێشەی ڕۆچوون<br>هۆکار .. کاریگەرێتی .. چارەسەر | ئامادەکردنی : یاسین ئەحمەد زەنگەنە |
| ٥٥ | ئاین لە فکری مەسعود محەممد دا | نووسینی : عومەر عەلی غفور |
| ٥٦ | ئیسلام لە نێوان نەزانی عالەکانی و<br>بێتوانایی ئەوەکانی | نووسینی : جەمال حەبیبوللا |
| ٥٧ | ئاك و حکومەت لە شەریعەتی ئیسلامدا | نووسینی : د. عبدالکریم زیدان<br>وەرگێڕانی : هێمن ڕێبوار |
| ٥٨ | جوگرافیای ئاو و هەوا | نووسینی : د.علی ئەحمەد غانم<br>وەرگێڕانی : گۆران ڕەشید ئیمامی |
| ٥٩ | کۆزارا | نووسینی : حمە ڕەشید نادر هەورامی |
| ٦٠ | ڕۆژمێری تیشك | ئامادەکردنی : ئیکرام کەریم |
| ٦١ | سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدە | نووسینی : د. ئەکرەم زیائولعومەیری<br>وەرگێڕانی : ئیحسان بورهانەدین |
| ٦٢ | دۆزی کورد | ئامادەکردنی : ئارام علی سەعید |
| ٦٣ | پەروەردەی مندالان لە ئیسلام دا<br>( بەرگی دووەم ) | نووسینی : د. عەبدوللا ناصح عەلوان<br>وەرگێڕانی : ناصح ئیبراهیم سازانی |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٤ | ديموكراسى بە بێ حيجاب | نووسينى : مەروە قاوقچى<br>وەرگێڕانى : محەمەد حمە ميرزا<br>حسن محمود حمە كەريم |
| ٦٥ | توند و تيژى دژى ئافرەت | نووسينى : ئيدريس ژالەيى |
| ٦٦ | ميژووى ئيسلام – بوختانى بەدەمەوە دەكرێ | نووسينى : يوسف قرضاوى<br>وەرگێڕانى : ئيكرام كەريم |
| ٦٧ | قاديانى | نووسينى : ئيكرام كەريم |
| ٦٨ | ديفاعێك لە خوێندن لە حوجرەكانى كوردستاندا | نووسينى : محەمەد على قەرەداغى |
| ٦٩ | پەيوەندى نێوان ئايين و ئەدەب | نووسينى : على صالح ميران |
| ٧٠ | محمد ناسراوترين كەسايەتى ميژوو | حەسەن مەحموود حمە كەريم |
| ٧١ | قەيرانى دارايى جيهانى | دكتۆر عەلى قەرەداغى |
| ٧٢ | پرسيارەكانى عەقيدە لاى منداڵ | د. بسام العموش ، وەرگێڕانى ئەحمەد قادر سەعيد |
| ٧٣ | بلاوبوونەوەى ئيسلام | وەرگێڕانى سەردار رەزا |
| ٧٤ | ئيمە و ئەوان | دكتۆر عەلى قەرەداغى |
| ٧٥ | چەند بابەتێكى سياسى هاوچەرخ | على باپير |
| ٧٦ | پەروەردەى منداڵان | ناصح علوان ، وەرگێڕانى ناصح أبراهيم |
| ٧٧ | بەشێك لە يادەوەريەكانى مامۆستا مەلا كەريمى مدريس | عبدالدائم معروف هەورامانى |
| ٧٨ | رۆژژمێرى ٢٠١٢ | ئامادەكردنى : پرۆژەى تيشك بەسەرپەرشتى ئيكرام كەريم |
| ٧٩ | | |
| ٨٠ | | |
| ٨١ | | |
| ٨٢ | | |